٧ ئەناوسکاڵا

ئەنای رەهبەرو یارانی رەهبــەر
سکاڵاش لەلای خالیقی ئەکبــەر

دانراوی

مەلا عبدالکریمی مدرس

چاپخانەی الحوادث

بەغدا ـ ١٩٨٧

بەشی یەکەم

ژیانی رەهبەر

پێرست

لاپەڕە	بابەت
٣	بەشی یەکەم ئەنای رەهبەر
٧	موژدەی پێغەمبەران بە تۆ
١٤	ناو دانانو پەروەردەی منالّیی
٢٠	سەرەتای پێغەمبەری
٣٣	دامەزرانی لە مەدینەی مونەووەرەدا
٤٢	باسی قورئانی پیرۆز
٦٠	بەیانی مەناقیبو نوعووتی دروودی خوای لێ‌بێ
٦٦	جا داوای تـکایە
٧٣	بەشی دووەم ئەنای یاران
١٠٧	بەشی سێهەم سکالاّ
٢١٦	دوا لاپەڕە

بسم الله الرحمن الرحيم

بـه (بسـم الله الرحمـن الرحيـم)
به حـهمدو ثهنای پڕ صیدقو تهسلیم
ستایش ئهکـهم ، بۆ خـودای عهلیم
ئهپاڕێمهوه ، لـه خـودای کـهریم
جـا درودێـکی سـهییدی سـهروهر
کـه (محمد)ه و ئهحمـهده و ئهنوهر
به سروودی خۆش ، به یاسای ئیسلام
پێشکهشی ئهکهم صهلاتو سـهلام
بۆ خـۆ بۆ برای زومرهی ڕهههبـهران
بۆ ئهههلی بهیتو بۆ ئـالو یـاران
بـۆ پهیڕهوانی ، لـه ڕۆژگـاران
تا ئهڕژێته خوار دوڕ دانـهی باران
ئهمجـار براکـان ، نووری چـاوانم
قووهتـی ڕۆحو قووتـی ژیـانم

بۆم هۆنینەوە بەعەونی خودا
بەدەستی ئیخلاص ، بەزەوقو سەودا
ئەوصافی ڕەهبەر سەییدی عالەم
لەسەر بانی دڵ ، بیکەن بە عەلەم
بیکەنە بەرتان (خیر الکلام)ە
بیکەنە سەرتان ، تاجی ئیسلامە
(ئەنای ڕەهبەر)ە ، ئەخۆینرێتەوە
دڕڕو گەوهەرە ، ئەهۆنرێتەوە
ڕشتەی زمڕووتە ، بیکەنە گەردن
بە وێنەی قووتە ، بۆ کاتی مردن
لە بۆ کوڕ شیرە ، بۆ کچ قەلادە
هەرکەسێ پێی بێ ، لە شەڕ ئازادە
بە جەماوەری بۆ موناسەبات
بیخوێنرێنەوە وێنەی صەلاوات
بیسێنرێنەوە بە دەنگێکی خۆش
تا بە تاوی نوور دڵتان بێتە جۆش
جا دوعایەکیش بکەن بۆ (نامی)
تابمرێ لەسەر ڕێگەی ئیسلامی
یادگارێگە ، بمێنێ لاتان
بۆ یادی برای نیوە مەلاتان
نوورت کەوتە سەر سەراسەر ئافاق
تەواوبوو دەورەی دائیرەی ئەخلاق
بووی بەهۆی تەوحید بۆ خودای مەعبوود
تەوحیدی غایەو تەوحیدی مەقسوود

دەی بۆ خاتری صەفای ڕوخسارت
لەبەر وافیری فەیضی ئەنوارت
بە دڵ بڕوانە بۆ دڵی (نامی)
مووناوەر ببێ بە نووری سامی

موژدەی پێغەمبەران بە تۆ

ئەی سەروەرەکەی ئەصفیای عالەم
ئەی ڕەهبەرەکەی بۆ عیزەت عەلەم
تۆ بووی مەبەستی خودای بێ هەمتا
لە خەلقی عالەم کاتی سەرەتا
ئادەم ناوی تۆی کرد بەوەسیلە
بۆ عەفوی خەتاو فەوزی فەضیلە
تۆی مەبەس لەناو دوعای خەلیلا
بە ئایەی (وابعث فیهم رسولا)
یانی لە (وابعث فیهم رسولا)
مەبەس بووی لەناو (دال) و (مدلولا)
زوو موژدە درا بە ڕیسالەی نۆ
بە پایەو مایەو بە جەلالەی تۆ
بۆ تۆ پەیمانی بەستووە خودا
لە وەختی خۆیا لەگەڵ ئەنبیا
مادام ڕەهبەران بێنو بتبینن
بە ڕیسالەتت ئیمان بهێنن

(موسی) موژده‌ی دا و (عیسی) به‌شاره‌ت
به ، ڕیساله‌ی تۆ ، نه‌ص نه‌ك ئیشاره‌ت
خۆت‌و ئوممه‌تت وان له ئه‌سفارا
سیفری ئه‌شعیا وا له ئیظهارا
وه‌صفت مه‌عرووفه ، له‌لای عاریفدا
لای خاوه‌ن به‌هره ، له مه‌عاریف دا
ده‌ی بۆ ئه‌صاله‌ی وجوودی پاکت
له‌به‌ر ڕیساله‌ی ئه‌رزو ئه‌فلاکت
دوعا بفه‌رموو هه‌تاکو (نامی)
خادیم بێ له‌بۆ دینی ئیسلامی
ئه‌ی نووری ڕۆژی پیرۆزی عاله‌م
سروری سینه‌ی پڕ صه‌فای ئاده‌م
هه‌تاوی پرتاو له‌سه‌ر (خافقین)
(بین المغربین ، بین المشرقین)
ڕووناکیی هه‌موو جیهان سه‌راسه‌ر
مایه‌ی ڕووناکی بۆ په‌ری‌و به‌شه‌ر
ئه‌ی ئالای به‌رزی به‌قه‌درو قیمه‌ت
پایه پیرۆزی به هێزو هیممه‌ت
ئه‌ی سه‌رچاوه‌که‌ی که‌ره‌م‌و ئیحسان
ئه‌ی خۆش‌ناوه‌که‌ی عاله‌می ئینسان
له ئه‌رزا ناوی به‌رزت (محمد)
له ئاسمانیشا (محمود) و (أحمد)
مه‌نبه‌عی نووری ته‌صدیق‌و ئیمان
مه‌جمه‌عی وه‌فاو شه‌ره‌ف‌و ئه‌مان

ئیمامی بە حەق بۆ هەموو ئوممەت
هومامی موڵەق بۆ عیلمو حیکمەت
پڕە لە ئەسرار کە ذاتی باری
ئەتۆی نارد لەگەڵ نەخوێندەواری
نەخوێندەواری بوو بە چارەی تۆ
خاوەن ئەنواری بوو بە بارەی تۆ
ئەگەر ئەتنووسی بە دوو پەنجەی ڕاس
جێی گومان ئەبووی بۆ ئەهلی وەسواس
نامەی نووسیوە لەلای نووسەران
کتێبی دیوە لەلای دیگەران
خودا بەجۆرێ تۆی کردە ڕەهبەر
پاک‌و خاوێن بی لەمسەرو لەوسەر
پەنجەی تۆ تەنیا لەبۆ تەوحیدە
بۆ شەهادەتی خودای حەمیدە
بۆ ئیشارەتی لەت‌کردنی مانگ
بۆ لەگوێ نانی کەلیماتی بانگ
بە باریتەرا ئەگەر بڕوانین
سیرڕی ئەو کارە بە حەق ئەزانین
تو سیاناری لادەی لە عالەم
چون سیاکاری ئەکەی بە قەڵەم
بۆ ڕووناکیی عام تۆ کە بووی بە هۆ
چۆن تاریکی دەرئەچێ لە تۆ
تۆ تکاکاری تاوانبارانی
بۆ بەهرەی ڕەحمەت وەکوو بارانی

باران خـــەتی ڕەش ئەکوژێنێتەوە
گوڵی ڕەنـگاوڕەنگ ئەژیێنێتـــەوە
کە تـکای تاوان بۆ ئـەو بوو بە بەش
نابێتـە نووسـەر لەبۆ خـەتی ڕەش
هـۆی لابردنی ڕەشی لـە چـــارە
ڕەشناکـاتەوە نامـــەی ئـــاوارە

★ ★ ★

ئەی سـایەی ڕەحمەت بۆ هـەموو عالەم
فریشتـەو پەری تـــا بەنیئـادەم
دەسـتو پـێ سپیو چارە نووڕانی
تاجـی شـەرەفی سـەری ئینسانی
(قـــائد)ی (غـــر)ی (محجلین)ی
گـەورەی ئەنبیـاو هەم مورسەلینی
ئـەی ئاسمانی بارانی ڕەحمـــەت
بۆ ڕواندنی ئیحسانو هیممـەت
ئەی دەریای هـادی پڕ لـە جـەواهێر
خـاوەن ئـەنواری باطینو ظـاهیر
ئـەی طینـەت پاکی عونصور بە صەفا
ئـەی دڵ ڕووناکی پڕ عەهـدو وەفـــا
تۆ بووی بە ڕەهبـەر بـە ئەمری خودا
ئادەم عونصور بوو لـە ئاوو گـــڵدا
ڕۆحت بـە وەفـــا ڕۆحی ئەرواحـە
جیسمت بە صـەفا چرای ئەشباحـــە

لەولاوە ئەوەڵ لەبۆ ڕەهبەران
لەمڵاوە ئاخر بۆ پێغەمبەران
خودا کە ویستی تەنویری جیهان
هە تادەرکەوێ ئەسراری پەنهان
هەتاوی ڕووی تۆی هێنا لە ئافاق
تا عالەم بگا بە نووری ئەخلاق
هاتی جیهانت پڕ کرد لە ئەنوار
بەعیلمو زانست بە پاکی کردار
لە ڕێی دووڕەوە هاتی بەئارام
بۆیە گەیشتی بە مایەو مەرام
بە ڕوح ئەووەڵ بووی ، بە جەسەد ئاخر
بووی بە دارای نوور باطینو ظاهیر
ڕێگەکەت دوور بو ، کەوتیتە درەنگ
بووی بە گوشادی بۆ دەروونی تەنگ
ڕۆحەکەت گەڕا بە ئەنبیادا
بە پشتی پاکی گشت ئەصفیادا
بۆیە ئەخلاقی هەموت کەوتە دەست
بووی بەسەرکردەی گەلی حەقپەرست
بۆ دینو دونیا ئازادو سەربەست
بە خوڵقی چاکو بە پاکی مەبەست
بێباك لەعالەم ، ئیللا لە خودا
بۆ دینی تەوحید ، دەروون بەسەودا
کەس بە وێنەی تۆ ، نەهاتە عالەم
ڕەهبەر بێ لەبۆ گشت بەنی ئادەم

ڕۆحت لـه خـه‌تا خـاوێن و بـه‌ری
بووی بـه ڕه‌هبـه‌ری ئینسان‌و پەری
خـوا ویستی ببی به قائیدی عـام
بۆیـه ناردیتی ، لـه ئاخـر ئه‌ییـام
به سروشتی پاك ، به ڕه‌وشتی چـاك
سه‌رکه‌وتی له‌سـه‌ر بوروجی ئه‌فلاك
دڵت لـه وه‌زنا مه‌رکـه‌زی ئـه‌رزه
ڕۆحیشت تاجـی فریشتـه‌ی به‌رزه
چـه‌ند ئه‌نا بـکرێ ، بـه دڵ‌و به دەم
کەمـه بۆ ئه‌نای ڕه‌هبـه‌ری ئـه‌کرەم
یانێ (محمد) (ص) ، خاوەن ته‌خت‌و تاج
تاقـه سواره‌که‌ی شه‌وه‌که‌ی میعـراج
بـم بـه قوربـانی ناوو نیشـانت
به‌ڵاگـه‌ردانی نیشـانه‌ی شـانت
لابـکه‌ره‌وه بـه‌لای (نامـی)دا
به‌ڵکو پێش‌کـه‌وێ لـه ئیسلامی‌دا
بێباکی دونیـام تـۆم پشتیوانی
بێغـه‌م له دەریام تۆم که‌شتیوانی
ئه‌ی ئه‌صڵی نوسخه‌ی هه‌موو مه‌وجوودات
بـه ڕۆح و به له‌ش بـه ئه‌وصاف‌و ذات
لـه بـه‌ر شـه‌ریفی وجوودی پاکت
لـه‌به‌ر لـه‌تیفی دڵی ڕوونـاکت
بـه پاکی لـه بای ته‌پ‌وتۆزو گـه‌رد
به‌ری لـه هه‌وای نه‌خۆشین‌و دەرد

لـــه (آدم)ەوە تـا بـــه (ابراهیم)
بـــه پاکی هـاتی لـه تۆزی تـەوهیم
لـه ئەصڵی ئەصیل ئاباو ئوممـەهات
بەعـەقدی نیـکاح هـــاتی بۆ بسات
لـــه خەلیلەوە بە شێوەی تەبجیـل
کـەوتیتە پشتی بابـا (اسماعیـل)
لـەوۆ بۆ قـەیدار لـەوۆ بۆ عـەدنان
لـەوە بۆ (قصی) قورەیشی عینـــوان
لـەوۆ هـاتە خـوار بۆ (عبـدالمناف)
لەوۆ بۆ هـــاشم سـەییدی ئەشـراف
لـــەوۆ بۆباپیـــر (عبـدالمطلب)
جـا بۆ (عبدالله)ی عـــالی مـــەراتیب
لە گـەڵ ئامینەی مەحرووسەی وەهەب
لە (عبدالمناف) ، زوهرەی خۆش نەسەب
ساڵی پێنجسەدو حـەفتاویەك ڕەسـا
مێژووی میـلادی حـەزرەتی عیسی
ســاڵی هێـرشی (ئەبرەهە)ی عـەلیل
بۆ (کعبـةالله) لەگـــەڵ ســوپاو فیل
بیســتی نیســانی ڕۆمی بەشـەرقی
هـاتە دونیـاوە ڕەهبەری بـەرقی
دوازدەی مانـــگی (ربیـع الاول)
بەرەبەیانی دووشـــەممەی ئەفضـــەل
دونیای ڕووناك کـرد ، بە نووری ذاتی
بـــە بەرزی ئەخلاق ، بـــە کەرامـــاتی

ســـا ئەی پیرۆزی ئافاقی جیهـان
خـاوەن ڕیسالەی ظاهیرو پەنهـــان
بـه دڵ بڕوانـه ، بـــۆ دڵی (نامی)
هـەتاکو دەرچێ ، لـــه شێوەی خـامی

ناو دانانو پەروەردەی منالّیی

چون خودا ویستی بۆ غایەی تەهذیب
خـۆی تەمێت بـکا بە خولّقو تەئدیب
لە ڕەحەمدا بووی باوکت بە ڕەحمەت
دەرچوو لە دونیای پڕجەفاو زەحمـەت
جـا بۆ تەفائول باپیـــری ئەمجـــەد
لەســەر ئیلهامی بارەگای صـەمەد
(محمـد)ی کـــرد بەناوی بـەرزت
تا ئەنات بۆ بێ لـه سەماو ئەرزت
بە شیری دایكو شیری (ثویبـة)(١)
ژیوارت ئەکـرد نەوبە بـه نەوبـه
هەتا (مصدر)ت مـادەی سەعدی بێ
تاسەعـادەتت بـه ئـەبەدی بـێ
حەلیمـه ناوی سـەعدیه نەسـەب
هـاتو بردیتی بۆ بەدوی عـەرەب

---

(١) ثویبه : جاریەی (أبو لهب)ی مامی پێغەمبەربوو ٠

جا بە شیری پاك دووسالّی تەواو
بە خێوی کردی تا هاتیتە ناو
جا بە خاوێنی لە گەردو لەکە
تۆی هێنایەوە بۆ شاری مەککە
لەبەر پیرۆزیو بەرزیو تەقدیرت
زۆر پارایەوە لە لای باپیرت
کە بتباتەوە هۆزی هەوازین
کە عەشرەتێکی خاوەن ئیعزازن
پاش بردنەوەت سالّی چوارەم سالّ
جیبریل هاتە لات بۆ بەهرەی ئیقبالّ
سینەی لەت‌کردیو پڕی کرد لە نوور
کردی بە چرا بۆ نزیكو دوور
ئەمجار حەلیمەی بە عەقڵو کەمالّ
بە کزەی جگەر بە سۆزو ئەحوالّ
هەستاو هێنایتی بۆ جاری دووەم
بۆ لای باپیری بە سەخاو کەرەم
لەعومری شەش دا لە گەڵ (والدة)
چووی بۆ مەدینە لای جەددو جەددە
کە گەڕانەوە لە خاکی ئەبوا
دایکیشت سەرکەوت بۆ دەرگای خودا
لە گەڵ جاریەی بێ گەردو لەکە
زوو هاتیتەوە بۆ شاری مەککە
لەناو بارەگای باپیری خۆشحالّ
هەروا مایتەوە تاعومری هەشت سالّ

لـه عومـری هـهشتا باپیریشت مرد
بۆ (أبو طـالب) وهسیهتی کـرد
به گیـانو بـه دڵ خزمـهتت بـکا
نهکـا زهحمـهتێ بـه دڵت بـگا
ئهتۆیش خۆ به خۆ به تهربیهی حهق
بووی به خـاوهنی ئهدهبی موتلهق
ئهونهی دارا بووی بۆ تهمێو تهمـکین
شۆرهتت دهرچوو بـه ناوی ئهمین
چون له بۆ سپی ڕهش نابێ به بهش
نهبووی بـه (کاتب) له بۆ خهتی ڕهش
بێ خوێندهواری بوی بـه عهللامـه
بووی به ئوستادی خـاوهن کهرامـه
لای (أبو طالب) مامهکهی شـهفیق
مایتـهوه لـه سـهر مهقامی تهوفیق
لهگهڵ مامت چووی بۆ سهفهری شام
کـه گهیشتیته (بوسرا)ی خۆش مهقام
لـهویا ڕاهیبێک بینیتی لـه دوور
له ڕاسهرتهوه هـهورێ وهکو نوور
بهوێنهی چـهتری ڕاگیراو لهسـهر
تا هـهتاو نهدا لهسـهری ئهنوهر
ڕاهیب تێگهیشت بـهم شانیشانه
کـه پێغهمبهری ئاخـر زهمـانه
هـاته لای مامت فـهرمووی بێلهکـه
بێگێڕهوه بـۆ شـاری مهکـکه

ئەترسم کــە جووی حەقیقەت نەناس
لە شــام بیکوژن بە بێ دەنگ‌و باس
مــامیشت (فورا) تۆی گــەڕانەوە
لــە ســەر ئەو شێوەو ئەو نیشانەوە
جارێکیش لە گــەڵ (زبیر)ی مامت
چووی بۆ یەمــەنی عــالی مەقامت
جالەسەر کەسب‌و تیجــارەی دونیــا
بوی بەوەکیلی خەدیجــەی عولیــا
کچی ئەســەدی بە قــەدرو عیززەت
خــاوەن شەرەف‌و مەقــام‌و شۆرەت
کــە عومرت گەیشت بە (٢٥) ســاڵ
خەدیجەت هێنا بە قــەدرو کــەماڵ
تۆ لــە (٢٥) ئەو بە (٤٠) ســاڵی
گــەیشتن بە یەک بە شــیرین حاڵی
بــە هــاو نیــازی بە خۆشی ئەحواڵ
گــەڵێ پەیدابووَن لــە ماڵ‌و منــداڵ
(زینب) ، (فاطمه) ، (رقیه)ی حوسنا
(ام کلثوم)ی پاکتــر لــــە مینــــا
(قاسم) ، (عبدالله) ، ئەمانە هەموو
لــە خەدیجــە بوون بزانە فەرموو
کــاتێ تەعمیری کەعبە هــاتەجێ
(حجر الاسود) تۆ داتنــا لــــە جێ
لە عومری (٣٧) بــە فەیضی قودسی
خــاوێن بوویتەوە لــەبارەی نەفسی

هەر ساڵی مانگێ ئەچوویتە ناو غار
ئەشکەوتی حیرا سەراسەر ئەنوار
بەندەییت ئەکرد بۆ ذاتی خودا
بە تەفکیری دڵ بێ دەنگ‌و صەدا
دڵت لە تەصدیق لە نووری ئیمان
پربوو بە خودای سەراسەر جیهان
بەم نەوعە فیکرە پڕ بووی لە ئەنوار
پڕ بووی لە جەوهەر پڕ بووی لە ئەسرار
لە ساڵی چل دا جامت هاتە سەر(۱)
نازڵ بو بۆلات جیبریلی ئەنوەر
بە ئەمری خالیق بووی بە پێغەمبەر
لە بۆ (جن)و (انس) تۆ بووی بە ڕەهبەر
فەرمووی بخوێنە گەورەی سەردارم
فەرموت نازانم نەخوێندەوارم
جیبریل تۆی گوشی بە سینەی خۆدا
بۆ ئیلقای ئەنوار بە دڵی تۆدا
ئەم ئەمرو نەفیە تەکرار بوو سێ جار
لەگەڵ جیبرەئیل فریشتەی سەردار
پاش (بسم اللّه الرحمن الرحیم)
ئەو جوبرەئیلەی بە قەدرو تەکریم
زو (اقرأ باسم ربك)ەی فەرمو
هەتا پێنج ئایەت یەکەم دەرزی بوو

---

(۱) جامت هاته سەر ، یان پیاڵەت پڕ بو واته : پێگەیشتی ٠

مەعنای وەهابوو کـە خودای عالـەم
خوێندنی ئەوێ بۆ بـەنی ئـادەم
تا بەشـەر ببێ بـە خـاوەن قەڵـەم
ببـێ بەدارا بۆ عیلمو عەلـەم
عیلم بە سوودە لە بۆ خـاص و عـام
عیلـم ئەساسـە بۆ دینی ئیسلام
عیلمیش والـە لای زانای بە هیممەت
کـە صەرفی بکا بۆ خێری ئومـمـەت
جـا ئەی ناخوانده عەللامەی عالـەم
ئـەی تاجـی شەرەف بۆ بەنی ئادەم
ئـەی هاوڕازەکەی جیبریلی ئـەمین
خۆشەویستەکـەی (رب العالمین)
تۆی کرد بە ڕەهبەر بە قەدرو تەمکین
تۆی نارد بە ڕەحمەت لەبۆ عالـەمین
تو ئـەو ئـەنوارە والـەناو دڵتـا
تو ئەو ئەسـرارە وا لـە حـاصڵتا
لا بـکەرەوە بۆ چـارەی (نامـی)
بۆ بەختیـاری لـە ڕێی ئیسـلامی
غوڵامت زۆرن لـە گەورە مەردان
(نامی)ش یەکێکە لـە گەلی کوردان

سەرەتای پێغەمبەری

پاش لیقـــای زاتی پاکی جوبرەئیل
پاش وەرگرتنـــی ئایـــاتی تەنزیل
تۆ هاتیتـــەوە بە قودووومی خـــەیر
بۆ لای خەدیجەی خۆش سولووكو سەیر
بۆت گێڕایەوە وەزعی ڕابووردوو
ئەویش عەرزی کرد ئەی زاتی خۆشخوو
تۆ دڵنیابە کـــە دۆستی خـــودای
لە بۆ ڕووی جیهان یەکەمین چـــرای
خـــاوەن ڕەوشتیو خاوەن کەرامەت
دڵسـۆزی لەبۆ ئەفرادی ئوممـــەت
بۆ مێواندارییو خزمـــەتی غـــەریب
بۆ دەرمـــانی دڵ بە وێنـــەی تەبیب
مـــەردی وەکو تو ، سەربەرزی ژینـــە
ڕێنومای دونیاو ڕێنومای دینـــە
لـــەبۆ متمـــانە خەدیجـــەی زانا
بردیتی بۆلای وەرەقـــەی دانـــا
ئەویش کەسێ بوو زانا بوو بە دین
زانا بوو بـــە ڕیی ئەدەبو تەمـــکین
بۆت گێڕایەوە بەسەرهـــاتی غـــار
ئەویش عەرزی کرد برازای نازدار
ئەوکەسەی کـــەوا هـــاتە لات بۆ غار
فریشتەیەکە ئـــەمینی ئەســـرار

مەشهوورەو بەڕێز ناوی جوبرەئیل
ئەمینی وەحیـــەو مەئموورى تەنزیل
هەرئەوکەسەیە نازڵ بوو بـــە حـــەق
بۆ عیساو مووساو ڕەهبەران موتلەق
تۆیش پێغەمبەرىو ڕەهبەرى خودا
ئاخ جوان ئەبووم بە دەنـــگو صـــەدا
کـــاتێ خزمـــانت دوژمنیت ئەکەن
لـــە شـــارى مەککە ئەتۆ دوورئەخەن
بەشەرتى ئینسان ، بە خۆش سیرەتى
ئامـــادەم ئەبووم لـــە بۆ یارمەتى
جا حەزرەت فەرمووى قەومى من وەها
ئەبن بە مـــایەى مەینەتو غـــەوغا
پێى فـــەرموو بەڵێ یاســـــاى ژیانە
حەسوود دوژمنى چەرخى جیهـــانە
بـــەم قسەو باسەش دڵى دامەزرا
ئەگڕا بە سۆز بـــە وێنـــەى چرا ..
هـــــەتا جـــارێتر هـــاتەوە جیبـــریل
ئەمینى وەحىو مەئموورى تـــەنزیل
ئەى پێغەمبـــەرى بـــە هیممەت ئەعلا
خۆشەویستەکەى خـــودای تەعـــالا
ئەى فورستادەى بەرزى موعتـــەبەر
بەشیرو نەزیر بۆ (جن)و بەشـــــەر
لـــــە لاى خـــوداوە ئەمرت هێنـــاوە
پەخشت کردەوە بە ڕووى دونیـــاوە

فـەرموو تە بەهەشت بۆ ئیمان‌دارە
بۆموسـوڵمانی شـیرین کردارە
فـەرموو تە دوزەخ بۆ بێ‌ئیمـانە
لـەبۆ نامـەردی نامیهرەبانـە
لەغـاری حیـرا کـە هاتیتە خوار
لـەپاش مـاوەیەك جیبریلی نازدار
هێنای بۆت سوورەی بەرزی (مدثر)
ئەمـری بۆ هێنای بە (قم فـأنذر)
ئەتۆیش بە کـەرەم بە وێنـەی چـرا
بووی بـە ڕووناکی بێـگانەو بـرا
بە حـەق گەیاندت فەرموودەی خـودا
بـە رۆژو بەشـەو مەگـەر لە خـەودا
یەکەم ئینسانێك هاتەسەر تەصدیق
(ابو بکر) بوو کەبوو بە (صـدیق)
یەکـەم منـداڵی نابالّغ بە سـاڵ
عەلی بوو ئەویش گـەلێ بـە کەمـاڵ
یەکـەم ژنێکیش ئیمـانی هێنـا
خەدیجـەی بێ‌گەرد دڵ وەکوو مینا
پاش ئـەوان یاران بە زیادو کـەم
ئیمانیـان هێنا بـە دینی ئەکرەم
ئایەتی قورئان بۆت ئەهـاتە خـوار
شـەوقی دایەوە مەککە بـە ئەنوار
جـا کافرەکـان بـە زۆری حەسـەد
کەوتنە ئازاردان بـە دڵ بە جەسەد

بـــه ئازاردانی یارەکـانی تـۆ
بێـزارکردنی دڵـــدارانی تـــۆ
ئەتۆیش مل کەچ بووی بۆ قەزای خودا
بۆ نەشـری ئیسلام بۆ ڕێگەی هودا
لـــەتاو ئازاری کـافری پڕغـــەش
یاران کۆچیان کرد چون لـەبۆ حەبەش
بە پەنجەی پێنجەی تەبیعـەت دێوان
کۆچیان پێ کردن بۆ کـەژو کێـوان
دوورخرانەوە لـە کـەعبەی ئەعظەم
لـە مولتەزەمو لـە بیـــری زەمزەم
دەرچوون لـە مەککەی عالی مـەراتیب
بۆ (شعب)ی مەنسووب بە (أبو طالب)
بە قـەهری خـودا ئـەو بەدکارانە
بوون بە عیبرەتی چـــەرخی زەمـــانە
دیسان بە پەنجـەی پێنجی بەوەفـا
هاتنەوە مەککە لای مەروەو صـــەفا
تۆ هـەر سەرکەوتی بەرەو ئاسمان
دوژمـن دانەوین لـە چەرخی زەمـان
جـا ئـەی شامەردی خۆگر بۆ قـەزا
بۆ سـزای ڕێـگەی ئیسـلامی ڕەزا
بڕوانـە بۆ دڵ بـە لوتفی سـامی
بەڵـکو ڕزگـار بێ لە خـامی (نامی)
ئـەی پێغەمبـەری خۆگر لـە ڕەنجا
طالیبی خـودا لـە سـەیلی گـەنجا

لـەپاش وەفـاتی مـامی بەڕێزت
کۆچـی دوایی ئـەهلی عـەزیزت
بـۆ دڵدانـەوەت لـە ئازاری دڵ
بۆ حەسـانەوەت لـە بـاری موشکڵ
لـەبۆ تەشـریفت لای پەروەردگـار
ئیعـلانی بەرزیت لای یارو ئەغیار
لـەبیستوحەوتی مانـگی ڕەجەبدا
لەدەوری کەعبەی خاوەن حەسـەبدا
لـە پەنجاویەکی عومـری شـەریفت
لـەبۆ تـەلطیفی دڵی لـەطیفت
جیبریل هاتە خوار بە چـەند لەطافەت
بە چەند ئیعزازو بە چـەند شەرافەت
بەچـەند ئیکرامو بە چەن تەهـانی
لـە مـاڵی پوورت لای (أم هـانی)
پێی تەبلیغ کـردی سـەلامی خـودا
فـەرمووی ئەی چرای ڕێـگەی ئیهتیدا
بـە ئەمری خـودا موڕادی خـودای
دەعوەت کراوی بـەرزی بارەگـای
بوراق حـازرە وا لـە حوزوورە
دونیـا موشتاقی ڕووناکی نوورە
هـەتا ئافـاقی (بیـن القبلتین)
تۆزی خـاکی پێت بێنێتە سەر عـەین
بەڵـکو بتبینێ (بیت المقـدس)
نووڕێ وەربـگرێ لە ڕووی موقەددەس

قیبلەی ئەنبیا مونەوەر بێ پێت
بە دڵ ببێتە خاکساری ڕێت
وەربگرێ لە بۆی قوددومت عەترێ
بحەسێتەرە بە لیقای عەصرێ
جا هەستا لە جێ لای (أم هانی)
بە فەیضی ڕەحمەت قوددومی هانی
سواری (بوراق) بوو ذاتی موقەددەس
هەتا گەیشتە (بیت المقدس)
ئەرواحی پاکان بە ئیستیقبالت
گەیشتن بە سای نووری کەمالت
گەلی ڕەهبەران حازربوون لەلات
بۆ وەرگرتنی بەهرەی کەرامات
بووی بە پێشەوای ئەنبیای کیرام
بۆ دوو ڕکات نوێژ تۆ بووی بە ئیمام
پاش ئەمە لەویا بە فەیضی خودا
بەرەو سەماوات کەوتیتە هەوا
چون فریشتەکان لەبو تۆزی پێت
ئامادە بووبوون لەسەر جادەی ڕێت
نووری تۆی ئەویست مەوجاتی ئەثیر
لەبۆ زیادی تەنویرو تەئثیر
تالە فەضادا گەردێ نەمێنێ
لای فریشتەکان دەردێ نەمێنێ
(عرجت من المسجد الاقصی)
فریشتەی فەلەك بە زەوق ئەڕەقصا

سواری بوراق بووی بەرەو ڕووی فەلەک
بۆ ئیستیقبالّت حازر بوون مەلەك
ئاسمانەکان هەموو بە تەرتیب
شەرەفیان وەرگرت لە لیقای حەبیب
هەر ئاسمانێ دەرگای ئەکراوە
لەم ڕەهبەرانە یەکێ بەلاوە
مەرحەبای ئەکرد بەشادی‌و سوروور
موشەڕەف ئەبوو بە چل‌چرای نوور
جا بۆ تەشریفت بە قەدرو بەها
ڕابوووردی بەسەر سیدرەی مونتەها
هەتا قودووەت ببێ لەناوا
مونەووەر ببێ (جنة المأوی)
بۆ زومرەی مەلەك بە ئیفادەی نوور
بڕوانی بەچاو بۆ (بیت المعمور)
بەوچاوەی پڕە لە نووری ئەنوەر
خاوەنی پایەی (ما زاغ البصر)
لەویا فریشتەی خالیقی ئەکبەر
گەیشتنە خدمەت حەزرەتی بەشەر
لەوێ بەرەوژوور بە قەدرو شەرەف
سەرکەوتی لەسەر میعراجی ڕەفڕەف
لە کورەی کورسی لە موعەللای عەرش
ڕابوووردی بۆ تۆ بوون بە تەختی فەرش
دەرچووی ئەی شاباز بە (خرق العادة)
بۆ ئەوجی بورجی صەفاو سەعادە

هــەتا مــەقامی فەوقی عیلمو عــەین
کــە تەقدیر کرا بە (قــــاب قوسین)
عــەرش بۆ تەختو لامەکــان بۆ تاج
بەســـە بۆ بەرزی مەرتەبەی میعراج
بەحەق نایل بووی بە فەیضی حوزوور
یانـــێ بەدەریای (نور علی نور)
ئەی خاوەن صەفای بە صافی ڕەهبەر
خودات چاوپێ کەوت بە دوو چاوی سەر
بە حــەق گــەیشتی بە جێی موناجات
بۆ خۆت بۆ ئوممەت لای (قاضی الحاجات)
ئیــکرامت گیــڕا بــە ئیکرامێ وا
دەستی نــەداوە لــەبۆ ماســـیوا
بۆ خــوتو ئوممــەت خودای کائینات
پێنج فەرزەی نوێژی پێدای بە خەڵات
بۆ ئەهلی ئەدەب لە زومرەی ئیسلام
پێنج فەرزە کران بە میعراجی عـــام
یانی بــە ئەدەب کــاتێ نوێژ ئەکــا
موسوڵمان ڕۆحی بە خــودا ئەگـــا
هــەر لــەو شەوەدا بە (ویداعی) حەق
بوو بــە شابازی پەروازی موتڵەق
وەکوو سەرکــەوتی هاتیتــەوە خوار
لەگــەڵ خــەڵاتی بەهرەی بەختیار
مــاوەی موعجیزەی مەشهوورەی ناوە
حەڵقەی دەرگاکەت هـــــەر ئەلــەراوە

کـاتێ سبەینێ بـە یاسـای مینهاج
بەیانێکت دا بـە (ئیسراو میعراج)
موئمین ژیاوە بـە شنۆی صـــەفا
کـافران مردن بە شوومی جـــەفا
بووبەکری (صدیق) وا هاتە مەیدان
فەرمووی بە خودای زەوی‌و ئاسمان
ئـەوەی بۆ زەوی واتـەی ڕەوایـە
بۆ ئاسمانیش بەڕاستی وایـــە
ئـەرزو ئاسمـان چیە لای خـودا
لـە وێنەی (کا)دان لەبەر هێـزی با
ئـەوەی کائینات بـەو هەڵئەسووڕێ
بۆ هـەر سـەعاتێ وەزعی ئەگۆڕێ
ئـەوەی جاذیبـەی قودرەتی وایـە
بۆ (کا)ی کائینات هۆی کـارەبایە
هـەر لە کاتێـکا سەد هەزاران کەس
سەهلە بیانبا بۆ پایەی ئەقـدەس
یارەکانیشـت بـە نوورێـکی نـــۆ
ئیمانیان هێنـا بـە میعراجی تـۆ
بڕوا بۆ دۆزەخ ، بەدخـوو وەکـو خـۆ
بـا بـاوەڕ نەکا بە میعراجی تـۆ
ئەم پایە بەرزە ، خـوادای بـە تـۆ
موعجیزەیەك بوو ، بوو بە مایەی نـــۆ
بوو بـە دڵداری لەبۆ ذاتی تۆ
بوو بە موعجیزەی موعجیزاتـی تـۆ

بوو به بورهانێ که زاتت پاکـه
ڕۆحی تۆ ڕۆحی ئەرزو ئەفـــلاکه
بوو بـه دەلیلێ بۆ مووسای زانا
(انی أنا الله)ی پێوت لـه سـینا
بوو به حوججەتێ بۆ ڕەفعی عیسـا
له دەس جوولەکەی لەخـوانەترسـا
بوو به ئیستیدلال که خوای قـادر
له هەمـوو شوێنێ حـازرەو ناظـر
ڕەحمـەت لـه ڕۆحی پاکی مەولەوی
بـڕژێ بەسەریـا نووری مەعنـەوی
«که (ذرة)ی شوعور هـەیه پێتەوه »
« کـه وتیان خـودا ئەبڕێتـــەوه »
لەلای ئەوکەسەی خـاوەن فوتووحه
میعراجو ئیسرا بـه جیسمو ڕۆحه
قیمـەتی چیه به خەو به خـەیاڵ
هەموو کەس ئەڕوا بۆ ئەوجی کەماڵ
با (ابو جهـل) بمرێ لـه غـــەما
ئەو ما له دەما تۆ چووی بۆ سەما
بۆ تۆ موعجیزەی میعراجت ڕێ کەوت
ئەویش له بـیری بـەدردا داکەوت
بەقوربانتبم ئـەی شای به شەرەف
ئەی تاوی هەتاو بۆ هەموو تەرەف
تۆ خۆت موعجیزەو خوڵقت موعجیزه
عالەم لـه کەشفی کـارت عـاجزه

بیـکه به خـاتر بەهرەی خودایيت
بیـکه به خاتـر ڕێـی ئاشـناییت
سەرگەردان مـاوه (نامی) لـه دونیا
ئاشنای فەرموو به پایەی عولیـا
بیـکه بـه بەندەی بارەگای بەرزت
با دڵ زیندوو بێ بۆ دەرکی دەرزت
پێم بڵی بمـــره لـەلای شـابازا
شابـاڵ لێبـده له بـای پەروازا
ئەی ڕەوحی ڕەحمەت ئەی تەیری قودسی
ئەی لوقمانەکـەی نەخۆشی نـەفسی
تۆ چـرای حـەق بووی نەکوژایتەوه
ڕۆحی موتڵـەق بووی نەپژایتـــەوه
تا دوژمـن ویستی بتـدا بـه ئەرزا
تۆ هەر سەرکەوتی به پایەی بەرزا
بووی به فریشتەی سەر بورجی شەرەف
دوژمن هەزاران ڕۆین به تەلـــەف
تا بەرزیت گـەیشت بـه میزانی وا
ون بووی له چاوی دڵ خاوی هەوا
کـه دەسیان برا لـــه هـەموو لایه
به هەمـوو حیلـه و بـه تەقالایه
بڕیارێکیان دا هـــەموو بەجـارێ
شێوەت نەمێنێ له هیـچ دیـارێ
کـه خەبەردار بووی به ئیلهامی حەق
لـه شوومی کوفری کافری موتڵەق

زوو هەستای لەگەڵ بووبەکری نازدار
چوون موختەفی بوون لە چاوی کوففـار
داتنـا لـە جێـدا حەیدەری کەڕار
منالّبوو دوور بو لە شەڕی کوففار
بەتەنها خۆتو (صدیق)ی نازدار
چوون بۆ غاری ثەور جێی دووپشك و مار
دەستەی کافران کـە هـاتن بۆ ماڵ
جێگە خاڵی بوو لە شای پڕ کەماڵ
بلاّوبوونـەوە بـە هـەموو لادا
ئەگەڕان بـەدوای شـاهی مـەولادا
نزیکبوونەوە ، لەبەردەرکی غـار
ترسا بووبەکر لە شەڕی کوففـار
ئەتۆش پێت فەرمو بـە لێو بەپەنا
(لا تحـزن ان اللّه معنـا ....)
خـوا کۆترێـکی نـاردبوە ئـەوێ
هێلکەی کردبوو چـەند ڕۆژێ شەوێ
(جۆلاّیی کەرە)یش لـە دەرگادا بوو
هەندێ نـەسیجی لەویا کردبـوو
ئەمـانەیان دی گـەڕانەوە دوا
وتیـان چیئـەکەن لەم ئەشکەوتەدا
ئەمـەیش بەڕاستی عیبرەتە عیبرەت
بۆ پاراسـتنی (صـدیق)و حەزرەت
پاش ئەمە دەرچوون بە ڕێی ساحیلدا
بە ڕێگەی ڕاستا نەك بە (مایل) دا

سوراقەش کـە هات کەوتە دواتان
ڕۆچـو بەئـەرزا سـێجار لەلاتـان
ئیمـانی هێنا ، موژدەیشی وەرگرت
گەڕاوە دەسـتی لە بۆیـان نـەبرد
سەرکەوتیو لاتدا بەوێنەی ئـەمیر
بۆ خەیمـەی (ام معبد)ی فەقـیر
مـەڕە پیرەکەی بوو بـە کانیی شیر
بـۆ پیرەژنـی بێهێزو تـەئثیر
تا حـەیاتی بوو لـە ڕووی دونیادا
ئـەو مەڕە پیرە هەر شیری پێدا
ئەمجارە دەرچوون بێ خۆفو خـەتەر
بەرەو مەدینەی بـە مایـەو ئەمـەر
بۆ دڵـدانەوەی گـەلی نوجـەبا
بووی بـە میوانی قـەومێ لـە قوبا
هەفتەیەک لـەویا مزگەوتێکت کرد
جومعەی یەکەمت تیـا بە جێهاوورد
شاری مەدینـەی بـە عیززو ئیقبالّ
بە جـێیان هێنـا یاسای ئیستیقبالّ
چوویتە ناو شاری مەدینەی مەحبووب
وشترەکەت نووست لای (أبو أیوب)
جـا عالـەم گەیشت بـە دیداری تۆ
دیـداری چـارەی پڕ ئەنواری تـۆ
بارانی ڕەحمـەت باری لەسـەرا
کە حەزرەت دانیشت لەو دەورو بەرا

دونیـایەکی‌تر عالەمێـکی پـاک
ڕۆژێکی پـیرۆز شەوێکی ڕووناک
بـەڵی ئاوایە چـڵچرای پڕنوور
نووری خۆی ئەدا بە نزیک و دوور
جـا ئـەی پادشای مەشریق‌و مەغریب
خاوەن پێتەختی پیرۆزی (یـثرب)
لەبـەر قودووسی پاکـی پیرۆزت
لـەبەر ڕوسـووسی دڵی بەسۆزت
بەو فەیضە خودا پێی‌دای بەتەمکین
کە بووی بە ڕەحمەت لەبۆ عالەمین
لا بـکەرەوە بـەلای (نامـی)دا
تا دەرچێ لە بۆی کۆی (ناکـامی)دا
نیـگای لاچاوێ کافی‌یە لـەبۆم
بەڵـکو بـە ئیمـان بژیـم‌و بـڕۆم

دامەزرانی لە مەدینەی مونەووەرەدا

ئـەی ڕەهبەرەکەی ڕێبازی ئیسلام
ئەی ئـەنوەرەکەی مەحبووبی عەللام
ئـەی پایەبەرزی عالەم سەراسەر
لای خوداو بەندەو ماسیوا یەکسەر
بە حەق کۆچت کرد لـە ڕێی خودادا
خوایش یارمەتی دای لە ڕووی دونیادا

ئەتۆ سەرکەوتی لە ئەنوای جەووی
دوژمن بە پەستیو پیسی دانەوی
کە تۆ سەرکەوتی هەتا (فوق العرش)
دوژمن لە بەرپێ بوو بە کۆنە فەرش
ئاسمان بەرزەو نابێ بە زەوی
بوڵەند بوڵەندە نابێ بە نەوی
هەرکەسێ خوا بەرزی کاتەوە
قەت دانانەوێ بە نەهاتەوە
چرا هەڵگیرسێ بە نووری مەقسوود
ناکوژێتەوە بە هەوای حەسوود
ئەو غونچە بەتاو بگەشێتەوە
تا هەتاو لێدا ئەشنێتەوە
« ویأبی اللە الا أن یتم »
خەتمی شەرەفە بۆ نامەی خاتەم
ئەم جار دەس‌بکە بە بینای مزگەوت
لەبۆ نەشری دین بە یاسای ڕێکەوت
ئەم بەش‌و بەهرە بەهرەی خودایە
تاجی عیززەتی (رسول اللّه)یە
ئەی سەرداره‌کەی خاوەن مەعریفەت
خاوەن بەهره‌کەی ڕەحمەت‌و ئولفەت
بەختیاره‌کەی خاوەن ئیدارە
هەتاو لەتۆوە خاوەن ئەنوارە
ئەی خاوەن ڕەفتار بە یاسای حیکمەت
پایە بەرقەرار بە هێزو هیممەت

له پاش دامەزران له شاری (یثرب)
بووی به ئەنواری مەشریقو مەغریب
زوو عەرصەت کڕی به دارایی خۆت
بوو به صەدەقەی جاریه له بـۆت
(بسم اللّه) نـاوی خـودات بردەوە
مزگەوتی ڕەوضەی بەرزت کردەوە
کـردت بـه پایـەی عیبـادەتخانه
بۆ هەر ئینسانـێ که موسوڵمانـه
کردت به جێـگەی تەربیەتی عـام
لەسـەر مینهـاجی ئایینی ئیسلام
بوو به مەدەرەسه بۆ عیلمو حیکمەت
بۆ ڕەوشتی بەرز بۆ هێزو هیممەت
هـەتا شاگردێ له کەس نەپرسێ
لـه غـەیری خودا له کەس نەترسێ
تا فیـدایی بن بۆ دینی ئیسـلام
تا سـەودایی بن بۆ خـودای عەللام
تاسەرکـەوتوو بن لـه مایەی دەنی
خاوەن (حضـارة)ی بەرزی مەدەنی
تا ئیمـان بێنن بـه عالەمی غـەیب
دوور بن له شوبهەو له گومان و ڕەیب
تا شوعوور بـکەن بـه مەسؤولیەت
بەندەی خودا بن به مەمنوونیـەت
تا بـه ڕۆحی پاك ببنـه خـەبەردار
ببن به خـاوەن بۆ دەرکی ئەسرار

تا لادەن لــە بای ئارەزووی نەفســی
لە بۆ مەرحەبای بارەگای قودسی
تا لــە ئەنجاما بە قــەدرو هیممەت
نیشانە بــکرێن بە « خــیر أمــة »
لــەپاش ئیستیقرار یارانی ئەخیــار
هیجرەتیان کردو هاتن لەبۆ شــار
« رضی اللــــە عــــن السـابقین
عــلی ســبقهم ثــم اللاحقــــین »
« والتــــابعین لهــم باحســان »
کە چینی بەرزن ، بۆ مەعنای ئینسـان
ئەمری غــەزا هات بۆ نەشری ئیسلام
بۆ چاری شەڕی کافران بــە عــام
مەبەس لەم غەزا تەمێو تەعلیم بوو
بۆ ڕێنموونی صیدقو تەسلیم بوو
هــەر شوێنێ بانــگی ئیسلامی ئەبوو
غەزاو مــەعرەکە لەوێــــدا نەبــوو
هەر مەبەس نووری دڵی بەشەر بوو
ئیسباتی خاوەن سایەو ئەمەر بوو
تــا دووربینــەوە لە خۆڵو خاشاك
نــزیك ببنەوە بــە ئەخلاقی چــاك
تاجیهــان بــکەن بە باغو بێسـان
تیایا بڕوێــنن شەجەرەی ئیحســان
هــەتا دەس کەوێ ئەمەری تەصدیق
بە وێنەی بەهرەی بووبەکری (صدیق)

جـــا مونافیقان لـەناو مەدینـــە
کەوتنە سەرباری حەسەدو کینـــە
(مؤامرات)ی جوولەکـەی بەدخوو
لەبۆ موسوڵمان بوو بە هۆی ئاشوو
شـــەریان نایەوە بۆ زمرەی ئەصحاب
عەرەبیان هەڵنا بۆ جەنگی ئەحزاب
هـەروا کـافران لـە هـەموو لاوە
دەمیان بردە لای شـــەڕو غەوغاوە
تا غـەزای بەدرو ئوحودو ئەحـزاب
غەزای خەیبەریش ڕووی‌دا بۆ ئەصحاب
لەم ئاشووبانە موسوڵمان دەرچـوو
بە هـێزی ئیمـان بە تەمیزی خـو
هـاتەدی مـایەی (بیعـة الرضوان)
(عمرة القضـا)ی گـەلی پەیـڕەوان
تا بـە یادی حـەق لـە ساڵی هەشتا
لەگەڵ هەشتەهەزار ئەهلی بەهەشتا
بە جوانمەردی فەتحی مەککەت کرد
بتی بەدچارەت لـە کەعبە لابرد
دڵت بۆ ڕەحمەت وابوو بـە ضـامن
فەرامۆشت کـرد دوژمنیی دوژمـن
عـەفوی عـامت دا ئـەی شیری‌لیقا
فەرموو (اذهبـوا أنـتم طلقـاء)
بۆ دۆستو دوژمن ڕەحمت هاتە جۆش
دوژمن وەکو دۆست دڵشادو دڵخۆش

پاش فەتحی مەککە غەزاکەی (حنین)
هاتەڕوو لە بـۆ (سید الکونـین)
لە ئەووەڵ کارا کەوتنە هـەزیمەت
شـکا شمشێری عەزمو عەزیمـەت
لەوکاتا دەرکـەوت بۆ تۆ شەجاعەت
لەگەڵ تەنیایی بە هێزو هیممـەت
ئەتفـەرموو (انا النبی لا کـذب)
هەروا « أنـا ابـن عبـد المطلب »
تا فریشتەی حەق هاتن بـۆ یاری
بوون بـە وەسـیلە لەبـۆ ڕزگاری
سوپای هەوازین شـکا بە یەک جـار
لەسەر تەوفیـقی خوای پەروەردگار
لەو حەربا شەیماء خوشـکی هاوشیرە
هات لە بۆ تکا بە حوسنی سیرە
هـات لەبۆ تـکای تالآنی هـەموو
تۆش پێتدایەوە ئەوەی کە مابـوو
دەستت نایە مـاڵ بۆ ئـەم و بۆ ئەو
وێنەی هەتاوی پـڕ نوورو پڕتـەو
پاشان غـەزا بوو غەزاکەی تەبووك
دوژمن هەڵاتن وەکو پووشی سووك
(نصرت بالرعب) نەجمەی شانت بوو
پادشای بەندەی بێ نیشانت بوو
بۆیە وا عالـەم کـەوتە بەردەستت
هەزاران هەدەف کەوتە بەر شەستت

خوا نەسرەتی دای بە نەسرەتی وا
ڕووی نەدا لەبۆ گرۆی ئەنبیا
دوژمنەکانت بوون بە خەوش‌وخاڵ
دۆستت گەیشتە بارەگای کەماڵ
(بنی قریظە)ی بەری لە صەواب
بوون بە هۆ لە بۆ هێرشی ئەحزاب
خودا بە بایە ئەوانی دەرکرد
(بنی قریظە)ی بە سووکی لابرد
یەهوودی خەیبەر سەریان هێنادەر
حەزرەتیش فەرمووی (خربت خیبر)
وەها بەیاسای خوای پەروەردگار
بەدکار ئەفەوتێ لە ڕووی ڕۆزگار
ڕۆحی ئیسلامی بێ تۆزو گەردە
مەردی خاوەن ڕۆح دەرمانی دەردە
دڵێ ئیمانی تیا هەڵبگیرسێ
چۆن لە ڕێوی و چەقەڵ ئەترسێ
شێری شەرزە بێ لای ئەو ڕێویە
درندەی وەحشی لای ئەو هیچ نییە
فەرقی مابەینی ئینسان و حەیوان
ئەو ڕووی لە ماڵە ئەم ڕووی لە کێوان
ڕۆحی ئینسانی بەرزە ولایقە
ڕۆحێکی زانا بە حەقایقە
مەردی خاوەن ڕۆح بە یاری خودا
ئەڕواتە عەرش و دێتۆ لە سەردا

حەیوانی بێ هۆش وا لە لەوەڕدا
چ لەدەشتابێو چ لە گەوڕدا
مەردی مەعنەوی بێ خۆف و خەتەر
ئەبێ بە خاوەن بۆ فەتح و ظەفەر
دەنگی هەیبەتت ئەی شای ئەنبیا
مانگە ڕێگەیەك ئەچوو بۆ دونیا
دوژمن ئەوەندە لە تۆ ئەترسان
بێ پەت نانە مل بۆ خۆ ئەتاسان
مەعلوومە ڕۆمی سوپایان جەم کرد
سنووری شامیان بە سوپا داگرت
سوپای ئیسلامیش بە نەفیری عام
ڕۆیی بەرەوڕووی کوففاری نەفام
تا سوپای ئیسلام گەیشتە تەبووك
ئەوان هەلاتن بە شێوەی مەهتووك
بەدرو ئوحودو خەیبەرو حونەین
زۆریان تیا ڕژا خوێنی طەرەفەین
لەو حەریانەیشا هەر سوپای ئیسلام
خاوەن ظەفەر بوون بۆ کاتی ئەنجام
بەڵێ لە جەنگی کێوی ئوحودا
شکستی لە بۆ موسوڵمان ڕووی‌دا
لەسەر ئەوەبوو کەوتنە خەتەر
دەرچوون لە یاساو فەرموودەی ڕەهبەر
ئەگەرنا سوپای ئیسلامی سەربەرز
بە ڕۆح غالبە لە هەموو سەر عەرز

(روح القدس) بوو بۆ کوڕی مریم
بۆ (ئیحیای) مردووی بە بێ زیادو کەم
کە (روح القدس) سەر بێنێتە دەر
مووسایش حازرە بۆ ئیحیای بەشەر
دەس بێتە چرا ، عاسا بێتە مار
زیندوویش ئەبێتو مردووی خاکسار
سا ئەی مەرهەمی دڵی بیماران
خاوەن کەرەمی چارەی غەمباران
ئەی سەر حەڵقەکەی دەورەی ئەنبیا
ئەی سەر فیرقەکەی سوپای ئەصفیا
طەی ناکا دەریای وەصفت بە تەوصیف
(ناظم) یا (ناثر) لە زانای شەریف
شەرحی پێ نەکرا عالەمی تەکلیف
ئەسراری ذاتی بە مایەو تەشریف
ئەوەندە دەرکەوت کە عەبدی خودای
ئەنا تۆ غەیری هەموو ماسیوای
دونیا کەمێکە لە سەخای زاتت
دەریا نمێکە لە کەراماتت
منیش کەمترین خزمەتاری تۆم
داماوی دەرگای بێ ڕەنگ و بێ بۆم
گەلێ موحتاجم بە ئیلتیفاتێ
داماوم لەبۆ بەهرەو خەڵاتێ
نیگای چاوێکت بەسە بۆ (نامی)
تابمرێ لەسەر رێگای ئیسلامی

باسی قورئانی پیرۆز

ئەی خاوەن مایە لەپایەی تەعلیم
موڕادو مەحبووب بۆ خودای عەلیم
ئوستادی گەورەی جامیعەی تەنظیم
(انك لعلی خلق عظیم)
ئیمانو وەفا بە عەهدو پەیمان
عیلمو حیلمو صەبر ئیحسانو ئەمان
ڕەحمو دڵسۆزی ئەدەبو حەیا
بە تۆ پەرەی بەست گەیشتە دونیا
ئەرزو ئاسمان تاسەربانی عەرش
وان لە بەرپێتا بە وێنەی سەر فەرش
عەرشە سەر ئەکا بۆ تۆ بە سوپەر
مەمنوونە کە تۆ پێی بنێیتە سەر
لەلای قەدری تۆ بێ نرخە دونیا
ئەو نمێ ئاوەو تۆ مەوجی دەریا
تۆ بووی سوارەکەی سەرپشتی بوراق
بۆ (بیت المقدس) بۆ سەیری ئافاق
عوورووجت فەرموو بە هێزی خەللاق
سەرکەوتیتە سەر بۆ (سبع الطباق)
لەبۆ تەشریفی خەلایق یەکسەر
لەفەلەك دەرچووی لە فەضا بەدەر
تۆ بووی بە مەجمەع بۆ نووری تەنزیل
بوو بە سەفیرت حەزرەتی جیبریل

بۆ تۆ هـاته خـــوار ئایاتی قورئان
بووی به عەمیدی جامیعـەی جیهان
قورئان هـاته خـوار به ئەمری خودا
بانـگ ئەکا لەبۆ « جنة المـأوی »
موعجیزەیە بوو بـه دەنـگ و نـەوا
بەرامبەری کرد لەگەڵ ماسیـــوا
لەگـەڵ عالەمدا له (جن)و بەشـەر
لەگەڵ ئەهلی دەرك به عیلمو خەبەر
چ لەبۆ هەمـووی چ بۆ دە سورە
چ بـۆ سوورەتی کورتی مەقصوورە
کەس بۆی ڕێ نەکەوت کە بێتە مەیدان
ئەوسا تا ئیستە و تا ئاخر زەمـان
چون ئوسلووبەکەی ئوسلووبی غەیبە
بە هەموو بارا بێ نەقص و عەیبە
له وتاری کەس ناچێ به صوورەت
بەرزە لـە پایەی ئەهلی بەصیرەت
بۆ دڵی عـاقڵ خـاوەن ئەنوارە
بـۆ دڵـی کامـڵ خاوەن ئەسرارە
حەقیقەتەکـەی بـەرزە به عولووم
به لەفظو مەعنای (منطوق) و (مفهوم)
ئـەگێڕێتـەوە باسـی مـەغیبـات
له (سر)ی ئیجاد لەبۆ کائنـات
ئەگێڕێتـەوە باسـی ئەنبیـا
صەبرو تاقەتیان لەگەڵ ئەشقیـا

دەرئە خـا بۆمـان وەزعی ئاسمان
هاتوچۆی کەوکەب بە تووڵی زەمان
ئەسـراری مـادەو تەبیعەت هەموو
بە شێوەی ڕاستی بە بێ یەکودوو
ئەوەی کـەقورئان وا لەناو دڵیـا
عوڵوومـی عـاڵەم وا لە مەنزڵیـا
شیفای نەخۆشە (باطن) و (ظاهر)
بەسەر دوژمندا غالیبـە و قاهـیر
پڕە لـە سیرڕی بەڵاغـەی کـەڵام
لە نوکاتی ورد بۆ خاوەن ئیفهـام
پڕە لـە نوکتەو حیکمەتو ئەمثـال
لە سەر یاسای حەق بێوێنە و میسـال
دووڕە لـە درۆو لـە شێوەی جوهال
لە موبالەغـەی موجیب بـۆ مەلال
دەرمـانی دەردە بـۆ دەردەداران
لوقمانی فەردە بـۆ دڵ بیماران
قووتی ئەرواحـە بۆ دڵی زینـدوو
شەربەتی ڕاحە بـۆ سینەی تینوو
پڕە لـە وەعزو تەنویرو ئیرشـاد
لە زیکرو فیکرو تەسبیح و ئەوراد
پڕە لـە یاسـا بۆ ئەحـکامی دین
لە ئەصڵ و فەرعا ئوستادی یەقین
صەدجار بیخوێنی یاخـود بیبیـەی
بە وێنەی واتەی تازەی تێئەگەی

نووری‌وای هـەیە بـۆ دڵو دەروون
دڵ وەری‌ئەگرێ بە شێوەی مەمنوون
بەهرەی پیرۆزە ، بۆ پەری و ئـادەم
بۆ ئەهلی ئینصاف لە کورەی عالەم
هـەروا مەحفووظـەو ئەمێنێتەوە
هەتـاکو دونیـا سەرئەنێتـەوە
صەفایە بۆ دڵ ، نووڕە بۆ بەصەر
عەدلە بـۆ حاکم تاجە لەبۆ سـەر
شەجەرەی طەیبەی بـاغی خودایـە
باغـەوانەکەی حیفظی خودایـە
من یا غەیری مـن بە کـەمی ئیدراك
چۆن بکەین ئەنای هەتاوی ئەفلاك
نووڕە کارەبای گـەرماو سـەرمایە
هەتـاوی بورجـی بەرزی سەمایـە
مـایەی نیـزامی پـڕ ئاسایشە
وەکـو ڕۆژی بـەرز بـە نومایشە
لەفظی بۆ عـەوام مەعنای بۆ عالەم
درایە دەسـتی ڕەسوولی خاتـەم
(نصر مـن اللّه) بۆ قوببـەی تاجت
(فتح قریب) بوو بـە خەراجـت
بۆ بەهـای بەرزیت بەسەر عالەمـا
بـۆ عیلمو دەرزت لەنـاو عـالەما
ڕەحمێکی گشتی ئەی شای بەهەشتی
بفەرموو بـۆمان ببێ بـە کەشـتی

مـەوجی دەریایە ئـەم ڕووی دونیایە
کەشتی‌یەوانەکەی (رسـول اللّه)یـە
لوتفێکیش بـکە بـە حـاڵی (نامی)
ببێ بە زانای دینی ئیسـلامی
ئەی سەرچاوەکەی کەرامە و ئیحسان
بۆ ئینس‌و (جن)و فریشتە یەکسان
ئەی ئیمـامی عـام لەبۆ ڕەهبـەران
خاوەن ئاڵای عام بۆ پێغەمبەران
هـاوڕازو نیـاز جیبـریلی ئـەمین
فوروستادەی حەق بۆ دەستووری دین
شابازی پەرواز سەمـاوات یەکسەر
بۆ عەرزی نیاز لای خودای ئەکبەر
ئەی خاوەن مەقام بـە (قاب قوسین)
جەددی ئەمجەدی (حسن) و (حسین)
لەبەر بەرزی تۆ بـە قەدرو هیممەت
ئوممەتت کرا بـە (خیر أمـة)
(خیر أمـة) بوون بە ساغی ئیمـان
بە فیداکاری بـە عەهدو پەیمـان
بە ئەمری مەعرووف ، نەهی لە مونکەر
بە خزمەتی دین بۆ خودای ئەکبەر
ئەوان بوون لـەبەر موحافەزەی دین
دوو هیجرەتیان کرد بە دڵی غەمگین
تەحەممولیان کرد زەحمەت‌و کولفەت
لەبەر مانەوەی مەحەببـەو ئولفـەت

دڵیان خاڵی کرد له ماڵو لـه خـاك
له نیشتمـانو له ئەولادی چـاك
گیـانی خـۆیانو نەتەوه به عـام
کردیان به قوربان بۆ دینی ئیسلام
مەککه و مەدینه و نەجدو توهامـه
بەوان دامەزران له سەر (سەلامه)
ئەرزی ئـەردەنو خـاکی فەلەستین
به جوهدی ئەوان پڕبوو له ئایـین
هـەتا سنووری بەحرەین و یەمەن
به جوهدی ئەوان گەڕان به مەئمەن
لـەژینی تۆدا لـه پاش وەفـاتت
بەوان دامەزرا ڕێی کەراماتـت
به جوهدی (صدیق) ئیمان دامـەزرا
له نەجـدو حیجاز تـاخاکی بـوسرا
ئەهلی نیفـاقو موشاغەبەی کوشت
خوێنی خەبیثی موسەیلەمەی ڕشت
حوددودی شامات داخڵبوون به دین
ترسیان کەوتەبەر دوژمنی بێدین
جـەمعی قورئانی به تەواوی کـرد
تـۆزی عینـادی لـه دڵان لابـرد
مەجموعی نووسی لـه پێستی ئاهوو
بۆ دینی ئیسلام خۆی فریاڕەس بـوو
لەبەر جیهـادی حەزرەتی عومـەر
فەتحی جەزیرەی عەرەب هاتـه سەر

ئـەو بو ڕۆیشته (مسجـد الاقصی)
لەبـەر تـەوازوع له دوا ڕاوەسـتا
قەتحی شـامی کرد ولاّتی عـالی
کـردی بـه مەرکەز لەبۆ مەعالـی
عومـەر فاتیح بوو لـەبۆ فەلەستین
بەهەشتی دونیا بۆ ئەسبابی ژین
ولاّتی میسـری هێنایه تاعـەت
دای‌مەزران یاسای کیتاب‌و سوننەت
عێراقی گرت‌و ئەیوانی کیسـرا
ڕێگەی کافران لەوشوێنه بەسـرا
عومـەر فەتحی کرد خاکی کوردستان
به عەدلی ئەو بوو به باغ و بێستان
عومەر فەتحی کـرد شارانی ئێران
کردی به مەرکەز بۆ سوپای یاران
یەزدی‌جوردی کوشت لـه خوراسانا
ئیمـان دامەزرا له گـەڵ ئیحسانا
(ابو لؤلؤه)ی بـەد فیکرو ڕەوشت
خوێنی ئەو زاتەی لەناو نوێژا ڕشت
پاش وەفاتی ئەو حـەزرەتی عوسمان
بوو به جێگەدار بۆ یاسای ئیمـان
به یاسای (شوری) لەبەینی شەش کەس
عوسمان دامەزرا لەجێی موقەددەس
بۆ جـاری دووەم لوجنەی دامەزران
بۆ یەکێتی خەت له حەرفی قورئان

یەکێتی خەتی قورئان دامەزرا
دەفعی خیلافی ئەمو ئەو کرا
بە قەد حورووفی ئایاتی قورئان
ڕەحمەت دابارێ بۆ ڕۆحی عوسمان
بۆ ئەو کەسانەیش یارمەتی یان‌دا
هەتا یەکێتی (قراءات) ڕووی‌دا
عوسمان بوو مایەی فوتووحی ئیسلام
عوسمان ڕۆحێکی تازەی دا بەعام
عوسمان بوو کانی شەرەفو حەیا
نووری ئیسلامی گەیاندە دونیا
سیڕڕی ئەمەبوو سەییدی کەونەین
عوسمانی کردە چرای (ذی النورین)
لە پاش (رقیە) بێ تووڵی زەمان
(ام کلثوم) ی هەم دا بە عوسمان
دوو جار بەهەشتی کڕیوە عوسمان
عوسمان هێزی دا بە ئەهلی ئیمان
فەوجی فریشتەی بەرزی ئاسمان
حەیایان ئەکرد لە حەیای عوسمان
ئەوەی کە بەدڵ عوسمانی نەوێ
باری ناباری شەیتانی ئەوێ
جا لەپاش عوسمان لە سەر فیکری عام
عەلی هاتەسەر تەختەکەی ئیسلام
ئەو عەلی کەوا شێری خودا بوو
شمشێری دەستی (رسول الله) بوو

عەلی موخلیس بوو بۆ دین بە تەحقیق
کە چوو بەیعەتی فەرموو بە (صدیق)
بەشو بەهرەی خۆی لە (صدیق) وەرگرت
کە (حنفیە)ی لە بەشا هاورد
بۆ یەکێتی دڵ بۆ هێزی کەمەر
(ام کلثوم)ی بەخشی بە عومەر
بەم یەك ڕۆحیە بۆ ئەوان ڕێکەوت
دینو دەوڵەتی ئیسلامی سەرکەوت
بەهۆی یەك دڵیو بە هۆی ئیتتیفاف
ئەحکامی ئیسلام گەیشتە ئافاق
(ابو عبیدە)ی ئەمینی ئوممەت
موجاهید بۆ دین بە هێزو هیممەت
(عبدالرحمن)ی مەشهور کوڕی عەوف
دنیای دا بە دین بێ خەیاڵ و خەوف
هەزار وشتری بەخشی لە گەڵ بار
بۆ موسوڵمانی داماوو هەژار
ئەمجارە (سعدی بن ابی وقاص)
دوعا موستەجاب سەرچاوەی ئیخلاص
خاوەن شەجاعەت بە هێزو هیممەت
فاتیحی عێراق بۆ بەرزی ئوممەت
سەعید کوڕی زەید بە خیرو ئەمەر
زاوای دڵئاوای حەزرەتی عومەر
جابێ بڕوانە بۆ (طلحة الخیر)
خاوەن کەرامەت خۆش سوڵووکو سەیر

ئەمجـا زوبەیری خاوەن کەرامـەت
پورزای حەزرەتی ڕەهبەری ئوممەت
(بأبی أنت وأمـــی) فـــەرموو
حەزرەت بە زوبەیر نە جارێک نە دوو
لـــەبەر دڵسۆزیو فیداکـاری بۆی
داینا بە (خاصە)و (حەواری) بو خۆی
ئەو دە کەسانەی کە موبەششەرن
ئەمانن (خاصە)ی (خـیر البشرن)
ئەمجارە (خالد سیفاللە)ی مەسلوول
خالید دەلیلو شەجاعەت مـەدلوول
بـــم بەقوربانی یارانـی بەدرت
فیداکارانی بـە قووەو قـەدرت
یارانی بەدری خـاوەن کـەرامەت
ئالای عیززەتیان هەڵکرد بۆ ئوممەت
ئەصحابی (احد) خاوەن بەهرەی نوور
کە هەڵئەسووڕان لەناو خوێنی سوور
ئەصحابی ئەحزاب ، ئەصحابی خونەین
(عباس) و (حمزە) و (حسن) و (حسین)
ماباقـی یـاران نایەنە قـــەڵەم
قـــەدرو پایەیـــان (اللە أعـلم)
گەلێـکن خـودا ڕازی بوو لـەوان
ویستیشی کە لەو ڕازی بن ئـەوان
لـــە چـەند ئایەتا ئەمەی ئیعلان کرد
ڕوتبەی ئەوانەی بە حەق عەیان کرد

به عەشەراتی ئایاتی قورئان
ئەنای کردوون خودای (لا مکان)
لەوانەوە بوو (روایە)ی (کتاب)
(روایە)ی حەدیث بە شێوەی صەواب
بەوان دامەزرا ئەساسی ئیسلام
گەیشتە عالەم ئوصوولی ئەحکام
سەرچاوەی ڕووناك ئاوی ڕووناکە
لێڵبوونی خەتای قوڕاوی خاکە
ئەمانە ئەگەر ڕڕ نەبن لە نوور
چۆن ڕووناکی دێ بۆ عالەمی دوور
نەخەلاتابن بە فێڵی شەیتان
تانە بنێنە سەر چاوی ئەوان
ئینسانی بێچاو نابێ بە دەلیل
ئادەمی بەدناو ناشێ بۆ کەفیل
(روایە)ی (ئاحاد) بە پێنج و بە چوار
جێی باوەڕ نییە بۆ نەقلی ئەخبار
با مەعصووم نەبن عەدلن ئەوانە
عیصمەت هەر لەبۆ پێغەمبەرانە
شایەتی داوە خودا بۆئەوان
پاکن بەوێنەی بیبیلەی چاوان
وەسیەتەکەم زۆر موقەددەسە
(وکفی باللّه شهیدا) بەسە
ئەوکەسە قەدری ئەمانە نەگرێ
لەژێری باری شەیتانا ئەمرێ

ئەو کەسـە چارەی ئەوانەی نـەوێ
قەزای کوندەبووی شوومی لێ کەوێ
(خیر أمـــة أخرجت للنـــاس)
(ذاتـا) خیطابە بۆ ئـەوان بەڕاس
یانێ واتەکەی لـە گـەڵ ئەوانـە
لەوانـەوە دێ بـۆ ئـەم زەمـانە
خیطـابی حـازر ئەگـا بە غائیب
(قرنـا فقـرنـا عـلی المراتـب)
(رضی اللـــه عنهـــم اجمعین)
جا بێنە سەیـری زومرەی تابیعـین
لـــەبۆ ڕیوایەی کیتابی موبین
لەبۆ ڕیوایـەی ئەحادیـثی دیـن
جـا بێنـە سەیری ئەهلی ئیجتیهاد
ئەصحابی عیـلمو ئەربـابی ڕەشـاد
ئەوان ئوستاد بوون بۆ شەرحو بەیان
لەبۆ تەفسـیری ئایاتی قـورئان
لەبۆ (تخصیص)و (تقیید) و (تأویل)
بۆ (نسخ)ی(ناسخ) بۆ (جرح)و(تعدیل)
جا بێینە سەیری عولەمای زانـا
بۆ جەمـع و تەئلیف بۆکەشفی مـەعنا
میـدادی خامـەی عیلمی عولەمـا
بەرانبەرە بۆ خوێـنی شـوهەدا
میـدادی ڕەشیان لەسـەر ئەوراقا
خوێـنی شەهیدە لە ڕووی ئافاقا

دین لەسەر عیلمەو عیلمیش بێ گومان
وا لەناو سینەی عولەمای زەمان
عالیمی عامیل مەرتەبەی بەرزە
بەڕاستی وێنەی چرای سەرعەرزە
کە چرا نەما جیهان تاریکە
ڕێگەی هاتوچۆی گەلێ باریکە
جا بێینە سەیری ئەولیای ئەبرار
دڵیان بە وێنەی خەزێنەی ئەسرار
بەوانە پاکن لە تۆزی نەفسی
بە صەفای دەروون بە سۆزی قودسی
خوزگەم بەوکەسە هاومەتڵەبیانە
لە هەردوو دونیا هاومەشرەبیانە
ئومەرای عەدل و ئەعوانی ئەوان
هەموو نزیکن لە عەتای (ڕضوان)
کاسبانی پاك لە ڕووی دونیادا
وەسیلەی خەیرن لە گشت مەئوادا
دەوڵەمەندانی خاوەن دەهەندە
لە دونیاو دینا زۆر بەهرەمەندە
(من انعم اللّه علیه في الدین)
وان لە قورئانا (بعد النبیین)
بە (صدیقین) و شوهەداو صالیحین
(رضی اللّه عنهم أجمعین)
ئەی پێغەمبەری شیرین ڕەنگ و بۆ
ئوممەتێکی وا لایقە بە تۆ

که گـرد ئەبنەوە بـۆ بـاسی ئەخبار
فریشتەی فەلەك بە پۆل دێنە خوار
دڵو دەروونیـان مونەوەر ئەبێ
دەماخیان بەحەق موعەططەر ئەبـێ
(لك السـلام ولهم رضـوان)
هەتـا ئەمێـنن گـەلی پەیـڕەوان
ئەی پێغەمبەری سەر تا قەدەم نوور
خاوەن کیتابو سوننەتو دەستوور
بـە یارانی تۆ دونیـا بوو بە باخ
کافران مردن لەبەر دەردو داخ
بەوان دونیـا بوو بە (دار الاحسان)
لەگەڵ وەیشوومەو ڕەشەبای بێسان
درەختی باخـی ئیمـانو ئیحسان
بەوان هاتەبەر بۆ دین پەرستـان
بـە فیـداکاری یارانی دڵـدار
گەلێ لـە جیهان بـووە بەگوڵزار
بـە موتابەعەی زومرەی تابیعیـن
بە موجاهەدەی گشت موجتەهیدیـن
ئەم جیهانە بوو بە باغی ڕیضوان
سەدهەزار ڕەحمەت لە ڕۆحی ئەوان
ئەمانە هەرچەند دوور بن بە نەسەب
ئاڵو ئەولادن بە یاسای حـەسەب
سـا بۆ خـاتری هـەموو ئەمـانە
(نامی) موحتاجی فەیضی ئیحسانە

سەیلی وادیی بەرەکاتی تۆ
دەریای هادییە کەراماتی تۆ
لە دەریای دووری عالەمو عامی
بەشێ کەرەمکە بە دڵی (نامی)
ئەی خاوەن بەهاو مەقام ومەتاع
دوایی تەمەن بوو (حجة الوداع)
(حجة الوداع) بۆ ماڵ ئاوایی
بۆ فەیضی ئەنوار پڕتەو نومایی
تەوافی بەیتو ڕوکنو مولتەزەم
شوربی موبارەک لە ئاوی زەمزەم
نوێژی سوننەتی مەقامی خەلیل
جا صەفاو مەروەی مەقامی جەلیل
نووستنی میناو وەقفەی عەرەفات
بە دوعاو نزای داوای بەرەکات
جا ئیفاضەی خەیر بۆ موزدەلیفە
بەردەبارانی شەیتانی کولفە
بە هاتنەوەی مینای موبارەک
بۆ ئەدای باقی کاری مەناسیک
هەر بە دەستی خۆت بە قەدەر عومرت
قوربانیت فەرموو بۆ وەفای ئەمرت
ئایەی تەواوی دینت لەبۆ هات
لە مینای پیرۆز خاوەن بەرەکات
جا چوویتەوە بەیت بۆ ئەدای واجب
لەبۆ بوڵەندی پایەو مەراتیب

لـه گـهڵ حهجاجی یارانی ئهخیار
دڵسۆزانی حهق سهدو ده ههزار
چوونهوه مینا بۆ ڕهجمی شـهیتان
نوسوک تهواو بوو به ئهمری مهننان
لـه مهناسیکدا کـهمیت نههێنـا
فهرمانی خودات بـاش بهجێهێنا
له پهنای بهیتا خوتبهخوێنیت کـرد
پهردهی گومانت له عالهم لابرد
ئیعلانت فـهرموو حـهقایقی دین
دهرکهوتن لهلای ئهربابی یهقـین
خواحافیزیت کرد لهبهیت له حهرهم
له ڕوکن و مهقام له ئاوی زهمزهم
بهقوربانتبم بۆ سۆزی جـهرگت
به دڵ ئهتزانـی نزیـکی مهرگت
جـا گهڕایتـهوه بهرهو مهدینـه
له بۆ خزمهتـی ئهم یاساو دینـه
لـه ڕێدا لهلای گۆلاوی (خـوم)دا(۱)
بۆ بهیانـی دیـن خوتبهیهکت دا
ئـهوهی موهیممه تیـا بهیانت کرد
له کهشفی دینا شهرحێکت هاورد
قورئانی پیرۆز که (نازڵ) بوو بۆت
لهگهڵ سوننهتی موبارهکی خۆت

---

(۱) گۆلاوی خوم : غدیر خم ، ناوی جێگایهکه .

کردت بـه ئەساس بۆ دینی ئیسلام
لەنـاو صەحابەو عولەمـای ئەعلاّم
هـەتا ئوممەتت لەسەر ڕووناکی
پایەدار ببن بـه دەروون پاکـی
هـەر فەقەرەیەک کە بەیانت کرد
ئەصحابەکانت بە دڵ وەریان گرت
بـه جـێیانهێنـا بەپێی توانـا
لەچـاو زوروفـی جێگاو زەمانـا
قوصووریان نەکرد خاوەن هیممەت بوون
لەبەر عەداڵەت چاتـر ئوممەت بـوون
کـەسێ درۆیەک بێنی لـه بەینا
یا تـۆزو گـەردێ بـدا بـه عەینا
هـەموو درۆیە ڕووچە و بەتاڵـە
گومڕایی هـەموو ئـوممەت مەحالە
کیتـابو سوننە و ئیجماعی ئوممەت
یاوەکو زۆربەی بەسە بۆ ئوممەت
بەواتەی ئەهلی هـەوا گوێ مەدەن
کاتی زۆر دوین خوتان لابـدەن
ئەمەبوو حوججەت ئەی خاوەن مەقام
جا هاتیتەوە مەدینەی ئیسـلام
وەکو لەوەبەر بە قـەدرو تەمـکین
بە دڵ حازربووی بۆ ئوموری دین
جـا ئەی ڕەسولی مەحبووبی خـودا
چرای چڵچرای ڕێـگەی ئیهتیـدا

ئوممەتەکـەی تۆ (خیر الأمـــة)ە
سەربـەرزی دونیاو شای قیامەتـە
قەت نەبوە گوڵزار بێ ئازاری خار
قەت نەبوە دەریا بێ هەواو بوخار
بە صافی هاتی و دەرچووی بە صافی
حسـبك اللّه و نعـم الـكافی
پاش حەسانەوەت بۆ ماوەی دە ساڵ
هاتە خوارەوە ئایەی پڕ کەماڵ
(واتقوا یـوما ترجعـون فیـه)
بۆ بانگ کردنت کافیـیە کافـی
کـە نەخۆشکەوتی ئاخری سـەفەر
زانیت نزیـکە مەوسیمی سـەفەر
صـدیقت دانا بـە شێوەی ئیمام
وەکو وەلی عەهد بۆ تەختی ئیسلام
دەرگـای هاتوچۆ بەسـرا لەیاران
(الا) ڕێی (صدیق) گەورەی ئیمامان
هـەتا دووشەممەی (ربیع الاول)
وەکو وەلادەت لـە جاری ئـەوەڵ
ڕۆحت دایـە دەس فریشتەی قەزا
چوو بۆ بارەگای ڕەحمەتو ڕەزا
وەفات دوو شەممەو دەفنت چوارشەممە
کەرامەتێـکی شـاهی خـاتەمە
تا لـەو مـاوەدا چواردە هـەزار
نوێژی جەنازەت کرا بـە گوڵزار

جەسارەت نەکرا کە بە جەماعەت
نوێژت بۆ بکرێ ئەی خاوەن ڕیفعەت
هەر لە پێش وەختا ئەی (خیر الانام)
(صدیق) دامەزرا بە پایەی ئیمام
هەتا مەعلووم بێ کە ئوممەتی تۆ
ئامادەن لەبۆ شەریعەتی تۆ
ئەگەر ئیجماع بوو (فنعم الاجماع)
یان ئەکثەرییەت گەرا بە ئیجماع
چون لەو مەطلەبا هەرکەسێ مابوو
هاتو بەیعەتی فەرموو زووبەزوو
(ماجری) وابو بەڕووی حەقیقەت
هەر حەقیقەتە عەینی تەریقەت
« فمن الله السلام عليك
اذ قلت حقا لبيك لبيك »
« والآل والصحب ثم التابعين
وأتباعهم الى يوم الدين »

بەیانی مەناقیب و نوعووتی دروودی خوای لێ بێ

ئەی پێغەمبەری خاوەن مەعالی
ئەنات گەوهەرەو دوڕڕوو لەئالی
فەیضی بۆ عالەم بە ڕۆژو بە شەو
بە شەوا ڕەحمەت بە ڕۆژا پڕتەو

دوڕڕی یەتیم بووی لە صولبی صەدەف
لە دەریای ڕەحمەت کەوتیتە تەرەف
کەس قیمەتی تۆ تەواو نازانێ
چون وێنەت نیە لە هیچ مەکانێ
هاتیتە دنیا بابت نەمابوو
بەڵام بۆ قەدرت عالەم وەستابوو
فەقیر بووی بە مآڵ ئەمیر بە کەماڵ
یانی دارابوی بۆ حآڵو ئەحواڵ
دایک و باپیرت دەرچوون لەدنیا
بەڵام مامی خۆت بووبە ڕەهنوما
کە مامت ڕۆیی جیبریل بۆ عیلاج
هاتو بردیتی بۆ ئیسراو میعراج
کەبڕیاریان‌دا دوژمنی پڕ قین
کە لەناو ببەن ڕەسوولی ئەمین
(صدیق) بوو بە یار جیبریل بە دەلیل
هەتا مەدینەی پێتەختی جەمیل
کە دوژمن ئەهات بتدا بە عەرزا
خودا دای‌ئەنای لە شوێنی بەرزا
بۆ دوژمن وابووی بە ئەمری خودا
کە دەرئەکەوتی ئەبوون بە هەوا
بۆ نیشان‌دانی جەلالەتی تۆ
لەبۆ بورهانی ڕیسالەتی تۆ
گەلێ موعجیزەت هاتن بۆ مەیدان
مەقامی تۆیان هێنا بۆ عەیان

تۆ بووی لـه داریّ ئیشاره‌تت کرد
هه‌ڵـکنراو هاتو سه‌لامی لێت کرد
تۆ بووی که ئه‌چووی به ڕێی گوزه‌ردا
سه‌لامت ئه‌بیست لـه دارو به‌ردا
تۆ بووی ورده به‌رد له ده‌ستی تۆدا
ته‌سبیحاتی کـرد بۆ زاتی خودا
ئیشاره‌ی تۆبوو به موعجیزه‌ی حه‌ق
بتی ئه‌ڕووخاند بۆ سه‌ر عه‌رزی ره‌ق
ئیکرامی تۆ بوو ئـه‌ی شای ڕه‌هبه‌ران
عـه‌زابی دواخست لـه تاوانباران
تۆ بووی له به‌ینی په‌نجه‌ی ده‌ستانت
ئـاو هـه‌ڵئه‌قوڵا بۆ دۆسـتانت
موعجیزه‌ی تۆ بوو که‌مێ لـه طه‌عام
کافی بوو له بۆ گه‌لی (خاص) و (عام)
لـه فیراقی تۆ کۆڵه‌که‌ی مزگـه‌وت
کاتێ قه‌ده‌مت بو مینبه‌ر سه‌رکه‌وت
ئه‌ی‌نالاند به جۆش لای مینبه‌ری تۆ
له‌دووری باڵای باش دڵبه‌ری تۆ
تۆ داریـکت دا به (ابن فرقـد)
بۆی بوو به شمشێر بڕنده‌ی بێحـه‌د
تفی ده‌مـی تۆ بۆ چاوی عـه‌لی
چـاتر بوو له سـه‌د قه‌تره‌ی صه‌یده‌لی
بۆنت خۆشتر بوو له عه‌تری گوڵباخ
به‌ری ده‌ستت بوو ده‌رمـانی ناساخ

تەماشای بالای ڕەهبەری نازدار
چەند قات خۆشتر بوو لەسەیری گوڵزار
بەقوربانتبم سەربەرزی ئافاق
موعجیزەت ناگا بە بەرزی ئەخلاق
تۆی موخاطەبی خالیقی عەلیم
(أنك لعلی خلق عظیم)
نامە ناگاتە بەرزی مەقامت
خامە نانووسێ پایەی ئیکرامت
(نامی) بە فیدای خاکپای تۆیە
بگات بە دڵی کەمێ لەو بۆیە
هەرچی بنووسم لە ئەنای تۆدا
پەڕەی گوڵێکە لە باخی تۆدا
سوجدەی داری سەوز وتاری حەیوان
قوبووڵی دوعات لای خودای یەزدان
دووکەرت بوونی مانگ بە ئیشارەی تۆ
بوون بە دەلیلی ڕیسالەتی تۆ
ئیسراو میعراجت بە ئەمری خودا
هاتوچۆی فەلەك بێ دەنگو صەدا
بوو بە موعجیزەت بە تووڵی زەمان
لە لای زانایان ئایاتی قورئان
جامیعە لە بۆ ئەسراری پەنهان
بۆ سوودی عالەم لەسەر ڕووی جیهان
مەعانو بەیان بەدیعی عولوم
ئیماو ئیشارەو مەنتووق و مەفهووم

هــەموو دەلیلن قورئان موعجیزە
(ما سوی) بە حەق لە ڕووی عــاجزە
لەمـــانە ڕوونتر ڕەوشتی تۆ بوو
عەهــدو پەیمانو سەربەستی تۆ بوو
تەوەککولی تۆ لەسەر ذاتی حــەق
نەترسانی تۆ لــە عــەدوو موتڵەق
کەرەمو سەخــاو ڕەحمو دڵسۆزی
دەلیلن لەســەر پایەی پیــرۆزی
صیفــاتی زاتی پاکی پێغەمبــەر
دەلیلن لەســەر ڕیسالەی ڕەهبەر
(آثار)ەکانت ئــەبن بە بورهـــان
بۆ مەقــامی تۆ ظاهیرو پەنهان
ڕۆحی وجوودی خاوەن شوهوودی
خــاوەن مەقــامی عــالی مەحموودی
بــەو پایە بەرزە بۆ تۆ هـــاتە ناو
لە بۆ « کائنات » بووی بە نووری چاو
بەڵــکو بووی بە ڕۆح لە بۆ کائنــات
بووی بە هۆی فوتووح لە ڕووی سەربسات
هەر تەنیا تۆ بووی بە قەدرو تەمکین
کرای بە ڕەحمەت لــــەبۆ عالەمین
تۆی زەوی هەمووی بۆ تۆ مزگــەوتە
خاکی تەیەممووم ئاوی ئەشــکەوتە
تۆی ئەووەڵ خاریج لە خاکی قەبرا
ئالاّ هەڵئەکەی لــە ساحەی حەشــرا

تۆی کە ئادەمو ئەهلی دین بەعـــام
لەژێر ئالآتان بە بەرزی مەقـــام
تۆی کـەخاوەنی (حوض المورود)ی
مەجمـەعی هەموو خاوەن سوجوودی
تۆی یەکەم کەسێ ئەڕواتە بەهەشت
بەهەشتت بەقەد ئەرزو ئاسمان گشت
تۆی خاوەن پایەو شەفاعـەی کوبرا
لەوکاتا دەرگای شەفاعەت بەسرا
تۆی سەر دائەنێی بە عەرزی سوجوود
ئەپارێیتەوە لـــە خودای مەعبوود
تۆی هۆی ڕزگاری عالەمی مەوقووف
تا ڕزگار ئەبن بە یاسای مەعرووف
تۆی بانگت بۆ دێ بـــە سەربوڵەندی
بـــۆ تـــکاکاری بـــە ئەرجومەنـــدی
تۆی تـــکائەکەی بۆ هـــەموو عـــالەم
یانـــێ بـــۆ (جن)و بۆ بـــەنی ئادەم
تۆ ڕزگار ئەکـــەی لـــە ئاگرباران
چ بـــێتـــاوان و چ تـــاوانبـــــاران
تۆی تکائەکەی بـــە عەفوی هـــەموو
گەورە یا بچووك بە هەر جۆرێ بوو
تۆی تـــکائەکەی بۆ هەندێ تاوان
تاوانی گـــەورە ، بۆ پـــیرو لاوان

تۆی تـکا ئەکـەی بۆ بەرزی پایـە
بۆ موسوڵمانی بـە پایەو مـایە
تۆی کە ئوممەتت وەکو بەرقی وەشت
بەسەر سیراطا ئەڕۆن بۆ بەهەشت

جا داوای تکایە

ئەی سەرداری کەی عەجـەم و عەرەب
ئەی سەرچاوەکەی ئەخلاق و ئەدەب
وەك تـکا ئەکـەی لـە عـەرەساتا
موحتـاجی تـکاین لـەم کارەسـاتا
وان لـە تەنـگاوا هـەموو ئوممەتت
با بێنە سایـەی ئاڵای هیممەتـت
عیلمو عەمـەل و ئیمـانو ئەمان
وان لە بەر بەڵای ڕەشبـەبای زەمـان
ئەگەرچی مەستو دوور لـە صەوابین
ئوممەتی شەفیع ڕۆژی حیسابـین
هەرچـەندە فیتنـەی ئاخر زەمـانە
بەڵام قاپـی تۆ ، قاپـی ئەمـانە
تـکاکارەکەی ڕۆژەکەی نەهـات
بەڵـکو هاواری ئوممەت بێتە لات
ڕۆڵـە ئەگـەرچی نامەردو (عاق)ە
هەر ڕۆڵەی باوکی خاوەن ئەخلاقـە

پەنامان بدە ئەی خاوەن پەنا
با بەردەوام بێ ئاوازەی ثەنا
خەلایق سەرجەم وان لە ماتەمدا
چ لەعەرەبدا چ لە عەجەمدا
لەبەر باری دڵ بە تاوانباری
ئەپاڕێمەوە بە شەرمەساری
تۆ بیتو بەهرەی خودا دادەکەت
تو قەدری دینی پڕ ئیرشادەکەت
تو نووری قورئان لە سینەی خۆتا
تو نووری ڕەحمەت لە ڕەنگ‌و بۆتا
تو ئەهلی بەیتی بەرزی نەبەوی
خاوەن مەقام و ڕوتبەی مەعنەوی
تو مەحەببەتی ئالی کیرامت
ئالی شەریفی خاوەن مەقامت
تو مەحەببەتی ئەولادی ڕەسوول
بەتایبەت زەهرا فاتیمەی بەتوول
تو مەحەببەتی نەسلی نەبەوی
خاوەن کەرامەو فەیضی مەعنەوی
ئەمجا تو سیرڕی دەروونی (صدیق)
کە بوو بە کانی بۆ نووری تەوفیق
ئەمجار بە دادی خادیمت عومەر
عومری فیداکرد بۆ شەرعی ئەنوەر
تو نووری عوسمان چرای (ذی‌النورین)
دوو جار بەهەشتی کڕیوە بە عەین

توعیلمی عەلی حەیدەری کەڕارڕ
شێرێ مەیدانی جیهادی کوففار
توحەمزەو عەببباس خاوەن نووری عەین
تو پایەی حەسەن ئەمجارە حوسەین
تۆ بی‌و دەستو پێی جەعفەری طەییار
له (مووته) دا چوون به دەستی کوففار
تو موحەممەدی حەنەفی دوڕناس
تو حیبری مەشهوور به (ابن عباس)
تو ئەمانەتی (أبو عبیدە)
بۆ خودای عالەم به ڕاستی بەندە
تو (عبدالرحمن) له نەتەوەی عەوف
له ڕێی خودادا مالّی دا بێ خەوف
تو (سعد)و (سعید) شێرانی ئافاق
خاوەن ئیمان‌و ئیحسان‌و ئەخلاق
تو خدمەتکاری (طلحه)ی خاوەن خێر
بۆ فیداکاری حەواریت (زبیر)
تو سەلمانی پاك (سلمان منا)
خاوەن‌کەرامەت دڵ وێنەی مینا
لەبەر (خالدی سیف الله)ی مەسلوول
خاوەن کەرامەو دەرەجەی قبوول
بە خوێنی پاکی ماباقی یاران
که بوو به ئاوی باخی دینداران
بە ئەهلی بەدری به قەدرو شەرەف
که بەوان دوژمن دەرچوون به تەلەف

به ئەهلی ئوحود ، به ئەهلی ئەحزاب
به گەلی خەیبەر ئـەربابی صەواب
بـە گـەلی بەرزی (بیعة الرضوان)
دەسیان نایە دەس ڕەهبەری زەمان
کە دەستی خۆتت نایە دەستی خۆت
ئەم واتە بەرزەیش صادر بوو لەبۆت :
ئـەم دەستە لە جێی دەستی عوسمانە
ئەم دەستە دەستی عەهدو پەیمانە
بە ئەهلی فـەتحی مەکـکەی موبارەك
بە ئەهلی حونەین خـاوەن تەدارەك
بەخـوێنی پـاکی ماباقی یـاران
کەبوو بە ئاوی بـاخی دینداران
بەوەفـاو صەفای زومـرەی تابیعین
(رضی اللّه عنهـم اجمعیـن)
بەخامـەو نامـەی ئەهلی ئیجتیهاد
خامەیان وێنەی شمشێری جیهـاد
بە صـەفای سینەی ئەولیای عالـەم
بە عولەمـای دین عالـیم و ئەعلەم
بـە سالیکانی ڕێگەی سەعـادەت
بـە مالیـکانی خـاوەن عیبـادەت
بە هـەر بەندەیە بـە دڵ زینـدووە
لە ڕێگەی دینـا بـە حەق مردووە
لابـکەرەوە بـە دوعـای ڕەحمەت
لە بۆ ڕزگاری مەجموعی ئوممـەت

کوێرە فیتنەکان باش دەرکەوتوە
نیسبەتی طووفان چاك سەرکەوتوە
بۆ ئەهلی ئیسلام لە بەنی ئادەم
فیتنەی ئیفسادە هاتوەتە عالەم
تەنیا ڕەحمەتی خودایە چاری
لەسەر تکای تۆ چونکە نازداری
لەمە زیاتر با سەددی نەشکێ
ڕجایە سوپای موصیبەت بشکێ
هەر تۆی پەنامان یا خیر الانام
برژێ بەسەرتا صەلاتو سەلام
جا بەقوربانی پایەی بەرزت بم
فیدای پیرۆزی ڕووی سەر عەرزت بم
پاسەوانەکەی بەر دەرگاکەی تۆم
سەدجار دەرم کەی ناتوانم بڕۆم
بەتایبەتی خۆم زیاد لە هەموو کەس
بە دڵ داماوم بۆ فەیضی ئەقدەس
بەڵکو بڕوانی بۆ حاڵی (نامی)
تا بژیو بمرێ لە گەڵ ئیسلامی
تاپاك بێتەوە لە تۆزی خامی
وەربگرێ نامەی حوسنی خیتامی
ئەم دەفتەریشە کە دامناوە بۆت
لێم قوبووڵ بکەی بە ئیحسانی خۆت
سەراسەر هەموو ثەنای ڕەهبەرە
باسی صیفاتی ذاتی ئەنوەرە

باسی هەرکەسێ هەر لەبۆ تۆیە
تۆی دەستەگوڵی ماسیوا بۆیە
کوردان تێناگەن ئەسراری بوردی
بۆیە دەسمبرد بۆ ئەنای کوردی
لەبۆ ڕەهبەرە سوروودی فەردم
ئەیکەم بەمایەی دەرمانی دەردم
ملیارێ دەفتەر وەصف و ئەنای تۆ
ناگاتە ئەنای ئاڵای باڵای تۆ
دیاری بەگوێرەی دیاری هاوەرە
قەی ناکا سەروەر نووری ئەنوەرە
سەلاتو سەلام بە قەد عیلمی حەق
بێتە خوارەوە تەبەق بە تەبەق
وەکو بارانی کاتی بەهاری
دانە دانەی ساف وێنەی مرواری
ببارێ بەسەر (روضة)ی خاکتا
ببارێ بەسەر ڕۆحی پاکتا
لەسەر یارانو ئال و پەیڕەوان
بە دەوامی ڕۆژ ، بە تووڵی شەوان
جا (نامی) ئەڵێ : بە حەیاو تەمکین
« الحمد لله رب العالمین »

بەشی دووم

شەنامی یاران سکالاّ

ئەنای یاران

بسم اللّه الرحمن الرحیم

پاش ستایشی خەللاقی عالەم
بەخشندەی شوعوور ، بە بەنی ئادم
لەپاش دوروودی بێ حەددو حیساب
بۆ پیغەمبەرو بۆ ئالو ئەصحاب
ئەم نامە ئەنای گەلی یارانە
پیرۆزی چەرخی ڕۆزگارانە
گەلی یارانی حەزرەتی ئەنوەر
فوروستادەی حەق یانی پێغەمبەر
یارانی بەرزی فیداکارانی
شێرانی ئەرزی هیممەتدارانی
ئەستیرەی نووری ئاسمانی بەرز
چرای کارەبای سەد نمرەی سەرئەرز
چرای هیدایەت ، لەبۆ موهتەدی
پێشەوای ڕەحمەت ، لەبۆ موقتەدی
گەلی ستایش والە قورئانا
لەباسی ئەنای زاتی ئەوانا

بۆ کۆمەڵ بۆ فەرد ، عوموووم و خوصووص
نەك به کینایه ،به شێوەی نوصووص
چونکه نگین بوون ، بۆ خـاتەمی دەس
بۆ پەنجەی حەزرەت ، ڕەهبەری ئەقدەس
ئەو پەنجه کەوا مانگی دوولەت کرد
جێی به نامەردو سەرسەری لەق کرد
ئەو پەنجەی لـەبۆ تەوحیدی خـودا
بەرزی کردەوه ، ئـالای (الا اللّه)
ئەو پەنجـه کـەوا لـەڕووی کائینات
حـەللال بوو لەبۆ گرێی موشکیلات
ئەو پەنجـه کەوا ، له ڕووی جیهـانا
ڕۆیـی بەنـاوی چـاوی شەیتـانا
ئەو پەنجـه کـەوا کردی ئیشاره
بۆ تەوحیدی حەق لەسەر منـــاره
پەنجەی ئەو دەستە، که کوفری پەس کرد
شەیتانی شوومی تەنگە نەفەس کرد
ئەودەستە کـەوا قورئانی وەرگرت
لەبۆ ئەهلی حەق بەیانی دەرکرد
ئەو دەستە کەوا چرای هەڵگیرسان
بۆ ڕوونـاکی و دڵ بۆ پەری و ئینسـان
دەستێ دایکوتا ، کۆڵەکـەی عەلـەم
بۆ بانگی ئیسلام ، لەسەر ڕووی‌عالەم
دەستێ بۆقورئان ، دەستێ له بۆ شیر
دەستێ بۆ تەکبیر ، دەستێ بۆ تەدبیر

مـن‌بم به فیـدای خـۆی‌و یارانـی
شێرانـی مـێژووی ڕۆژگارانـــی
شیرانی دڵ پاك وێنه‌ی شیری صاف
شێرانی بێ‌باك لـه تیری مه‌صاف
شیرانی هه‌ڵمه‌ت بـۆ ڕۆژی مـه‌یدان
فریشته سـیره‌ت ، لای براده‌ران
شێرانی ده‌وری ڕۆژی بێ‌ده‌ستی
ده‌ورانـی کوفرو صه‌نه‌م په‌رستی
شێرانی خـۆگر بـه ئێشو ئازار
بـۆ ڕاگرتـنی دیـنی پایـه‌دار
شێرانی دوو کۆچ بۆ خـاکی حه‌به‌ش
له‌ده‌ستی کوففار گورگی چاره‌ڕه‌ش
شـێرانی هیجره‌ت لـه‌بۆ مه‌دینـه
ته‌رکی وه‌ته‌ن که‌ر له‌به‌ر ئه‌م دێنه
شێرانی به‌درو ئوحـودو خه‌یبـه‌ر
شێری فیدایی بۆ گیانی ڕه‌هبه‌ر
شـێرانی فـه‌تحی مه‌ککه‌ی موباره‌ك
شێرانی حونه‌ین خـاوه‌ن تـه‌داره‌ك
شێرانی فـه‌تحی ثه‌قیف‌و طائیف
شێرانی خاوه‌ن نـووری مه‌عاریف
شـێرانی پارێز بۆ ذاتی ڕه‌هبـه‌ر
صدیق و عومه‌ر عوسمان‌و حه‌یده‌ر
شێرانی نووسـه‌ر بۆ هه‌موو قورئان
بۆ مانه‌وه‌ی دین تا ئاخر زه‌مـان

تاریفی کامیان بکەم بە خامە
ئەنایان ناکرێ بە هەزار نامە
تاریفیان نایە لە خامەو نامە
ئەعلامی دین بوون بو خاصەو عامە
ئەوان لایق بوون ببن بە ئوممەت
بۆ پێغەمبەری عالی بە هیممەت
مادام خاتەم بوو بۆ پێغەمبەران
ئیمامەی ڕستەی هەموو ڕەهبەران
ئوممەت قیمەتی بە پایەی شاهە
شاهم شاهێکە جیهان پەناهە
شاهم شاهێ بوو فەردی جیهان بوو
سینەی خەزێنەی گەنجی پەنهان بوو
جیلوەی وجوودی لە (فوق العرش)ا
نووری ئەباران بە شانی فەرشا
خودا گەلێکی بۆ نارد لەیاران
خاوەن پایە بوون بۆ ڕۆژگاران
لەچەند ئەسفارا ، دەرچوو ئەنایان
سیفری ئەشعیا ، باسی صەفایان
ڕەحمەت بە وێنەی بارانی بەهار
ئەباری بۆیان ، بە لەیلو نەهار
تاوێ پڕتاوی ڕەحمەتی خودا
کاتێ بە خوڕڕەم ئەهات لە سەردا
ئەیشۆرینەوە لە تۆزو کەدەر
ئەبوون بە مینای بێگەردی ئەنوەر

دڵیـــان‌پاك ئه‌بوو وێنه‌ی ئاوێنـــه
بۆ خه‌ڵقی ڕه‌هبه‌ر ئه‌بوون به وێنه
خه‌وش‌وخـــاڵ نه‌ما له خـــانه‌ی دڵیان
بووبوو به (ئه‌ثیر) سه‌راسه‌ر گڵیان
نـــاوی هـــه‌ناوو دڵیـــان ئاوابوو
دنیای دووهه‌میان له به‌رچاوا بـــوو
هـــه‌ر بـــه بێـــداری له‌سه‌ر پشتـــه‌وه
خه‌ویان ئه‌بینی بـــه به‌هـــه‌شته‌وه
بێ ئه‌ده‌ب هـــــاتم به‌سه‌ر قـــه‌تارا
ئیستغفار ئه‌که‌م له‌م چه‌ند وتـــارا
ئـــه‌توانم بڵیم (فنـــا في الله) بوون
لـــه مـــاڵی دنیـــا بێ‌موبالا بوون
مه‌ستی شه‌ربه‌تی لیقای خـــودا بوون
سه‌ربه‌ستی ده‌رگای فه‌ناو به‌قا بوون
به ســـۆڵی سووکی بێ به‌ندو قه‌یتـــان
سه‌ره‌ڕێیان گرت له سوپای شه‌یتان
به کـــه‌وانی کۆن تیریان ئه‌ته‌قـــان
شه‌یتان ڕای‌ئه‌کرد بـــۆ بانی مه‌قان (١)
یانی بـــه هێـــزی ئیمـــان‌و باوه‌ڕ
بڕیان کلکی ئه‌هلی کوفرو شه‌ڕ
بۆ سه‌مای جیهان بووبوون به نوجووم
بۆ شانی شه‌یتان بووبوون به (رجوم)

(١) مـــه‌قان = موغان = واته بانی موغان ، موغـــان : موغه‌کان : سه‌ره‌کی ڕۆحی ئاگرپه‌رسته‌کان .

بۆیە لــە هەرکوێ عومەر دەرئەکەوت
شەیتان ئەلەرزیو بەلادا ئەکەوت
لەڕۆمو عەجــەم لە قیبطو بەربەر
سوپای کافریان هەموو دایەبــەر
ئەتووت شوانن لەسەر ڕانی جاف
گورگ ئەفڕێنن ئەتراف بە ئەتراف
تەختــەی بێگیای سەراسەر زەوی
لــە نەرمو زبران لــە بەرزو نــەوی
بوو بــە گولوستان بــۆ ئادەمیزاد
بوو بــە بێستانی ئینسانی ئازاد
شــاهم شاهێ بوو لــە جیهانا فەرد
مەرهەم بوو بۆ زام ، شیفا بوو بۆ دەرد
سینەی گەنجینەی (لوح المحفوظ)بوو
گەلێ ئەسراری تێدا مەلحووظ بوو
چرای (ثریا)ی عالــەم بوو یەکسەر
خەیری گشتی بوو ، بۆ پەری و بەشەر
گــەردن سوراحی بلووری بێگــەرد
نیگای شیفا بوو بۆ گیرۆدەی دەرد
ئەگــەر بــە ڕەحمــەت لابــکاتەوە
پــــەردە لە سیمــــای لابداتــــەوە
تاوی هــــەتاوی ڕوخساری پاکی
ڕۆژی ڕووناکی عــەرزو ئەفــلاکی
جیلوەی تەجەللای نووری خودا بوو
چرای چلچرای فەیضی (هدی)بوو

جیلوەی بدایە بۆ هەرکەس بە نوور
سینەی بۆ ئەبوو ، بە سینای کۆی طوور
بۆیە قودوومی بە خـەیرو تەمـکین
بوو بە هۆی ڕەحمەت (علی العالمین)
مۆمی ڕوخساری ، کـاتێ هەڵگیرسا
لەسـەر ئافاقو لەسـەر ئـەنفوسا
دڵی دڵـداران بـوو بـە دێوانـە
خۆیان ئەسووتان وێنەی پەروانـە
بۆیـە فیـدایی هاتنـە دەرەوە
شیعـاری مـردن بەڕاسـەرەوە
شوهەدای بەدرت ئەی بەدری تابان
بۆ سەری تۆ بوون بە قۆچی قوربان
تۆ بەدری فەلەك ئەوان هالە بوون
تۆ بابەو ئەوان وەك نەوسالە بوون
رۆژی ڕوخسارت هەڵهات لـە ئافاق
ئافاقی پڕ کرد لـە نووری ئەخـلاق
شوهەدای (ئوحود) ئەحەد پەرستان
بە دەستی زومرەی تەبیعەت پەستان
کۆمەڵ بوون لە دەور مانگی ڕوخسارت
سێبەر بوون لە سەر جەبهەی نازدارت
حەمـزە ڕەمزێ بوو بۆ فیداکـاری
مەصعەب شێرێك بوو بۆ مەیداندارى
نەضـری کوڕ ئەنەس فیداکارت بوو
لـە حـەفتا برین بریندارت بوو

خاریقەی خەندەق خەڵاتی حەق بوو
به سوپای (صبا) حەق موو‌ەفەق بوو
به شەهادەتی سەعد کوڕی مەعاذ
فریشتەی فەلەك هاتن بە پەرواز
بۆ ئیستیقبالی نازڵ بوون مەلەك
ڕۆحیان وەرگرت بۆ ئەوجی فەلەك
من بم بەفیدای خوتو یارانت
یارانی بۆ حەق فیداکارانت
باغێکت دانا لە گوڵو گوڵباخ
عالەمی پڕ کرد لە عەتری دەماخ
پێ لەسەر عەرزاو سەر لەسەر فەلەك
به دەوری سەرتا ئەگەڕان مەلەك
سەر زەوی گۆڕا به باغ و بێستان
پڕبوو لە لیمۆ بۆ دەستی دۆستان
وەنەوشەو نیرگز گوڵباخو نەسرین
بۆی حەیران ئەبوون هەزاران شیرین
برا بێنە سەیر کاتی سەیرانە
لە بۆی ڕەیحانە دڵم حەیرانە
دنیا بەهەشتەو گوڵو گوڵزارە
نووری ڕەهبەرو یاران دیارە
رۆح فیدای ڕەشحەی لێوی نازدارت
شیفاو دەرمانی دەردو ئازارت
(نامی) نمێکی به سه لەو لێوە
یا نیم‌نیگایەك بەو چارەو شێوە

شـــاهم شاهێـــکه فـــەردی جیهانه
یەک نیـــگای شیفای دەردی پەنهانه
شەهیدەکـــانی ڕەزمگـــــای ڕەزمت
شیروەشێنانی دڵ پڕ لـــە عـــەزمت
ئەوان بوون بە هۆی ئاوایی جیهـــان
بۆ ئاوەدانی بۆ دونیـــای وێـــران
خوێنی ئەوان بوو بـــە ئاوی حـــەیات
دەرچوو لە چەشمەی تاریکی زوڵمات
بو بـــە فوراتی حـــەدیقەی ئینسان
بوون بە ئاودێری حەقیقـــەی ئیحسان
یا دیجلەی پڕئاو کە بۆ عـــەدلو داد
سەیحوونو جەیحوون بۆ عیلمو ئیرشاد
ڕوانـــدی داری پڕ ســـایەو سێبەر
بۆ گوڵ بۆ گەڵا بۆ سایەو ئەمـــــەر
بوو بـــە قووتی ڕۆح ، بو جـــاەو پایە
بوو بە هۆی فوتووح ، بۆ مەعناو مایە
تـــا جیهانێـــکی تـــازەی پێـــگەیاند
داری شوعووری لـــە دڵدا ڕوانـــد
چـــــەن چین پێ گەیشت مەردانی نامی
بوون بـــە خادیمی دینی ئیسلامی
یەکەمچین ئەصحاب بەقەدرو تەمکین
دووەم چینی بەرز گـــەلی تابیعین
سێهـــەم تابیعی زومرەی تابیعین
(رضـــوان اللـــه عنهم أجمعین)

لەم دوو چینە بوون گشت (مجتهدین)
(مدون) لەبۆ حوکمی شەرع و دین
بەمان ڕەسا بوو ئەحکامی ئیسلام
کیتابو سوننەت لە بۆ خاص‌و عام
باوەڕم وایە حوببی ئەمانە
مایەی نەجاحەو فەرعی ئیمانە
شیعاری ئیسلام حوببی خودایە
لەپاش ئەو حوببی رسول اللّه
سێهەمین حوببی جەمیعی ئەسحاب
خادیمانی حەق بۆ نەشری کیتاب
چوارەمین حوببی گشت (مجتهدین)
پێنجەم ئەولیای بە قەدرو تەمکین
ئەم پێنج خەسڵەتە بۆ هەرکەسێ بێ
ئەبێ زاتی حەق فریادڕەسی بێ
تانە لەمانە تانە لە چاوە
ئینسانی بێچاو سەر لێ شێواوە
خودایا لەسەر حوببی ئەمانە
پایەدارمان کە لەڕووی زەمانە
حاجەتمان نییە بۆ ئەنای ئەصحاب
بە غەیری (نص)ی سوننەت‌و کیتاب
بۆ ئەنای عوموم یا ئەنای خوصووص
فەرائید زۆرن لە دەریای نوصووص
ئایەتی (کنتم خیر أمة)
کافییە ئەگەر خاوەن هیممەتی

خیطابی خودا لـه گـەڵ ئەوان بوو
هەر جەمعی ئەصحاب لە بەرچاوان بوو
ئایـەی ئاخـری فەتحی موکەڕڕەم
باسی ئەصحـابی حەزرەتە سەرجەم
بڵـی (محمـد رسـول اللّه)
تێفـکرە بەدڵ ئەگـەر ئاگـاهی
وەصفی (اشـداء) (علی الـکفار)
بۆ ئەنای ئـەوان فەرموویە باری
وە (رحمـاء بینهـم) عـەیان
خوڵـکی ئەوانت بۆ ئەکـا بـەیان
(رحماء) بە دڵ بە ڕۆح و بـە گیـان
لـەبۆ خـزم و خوێش بۆ بێـگانەکان
رستەی (تراهم رکعـا) تەمـام
بۆباسی نوێژی ئەوانە بـە عـام
وە (یبتغـون فضـلا مـن اللّه)
باسـی ئیخلاصـە بۆ ذاتی خودا
مـادام طالیبن بۆ بەهرەی ڕیضوان
خـوا عەتای ئەکا بە هـەموو ئەوان
ڕستەی (سیماهم فـي وجوههم)
(ختـم الالـه لتوجیههـم)
مـادام ئاثاری کـاری سوجوودە
دوژمنی ئـەوان وێنـەی یەهوودە
بۆ ئـەنای ئـەوان ئەبێ بـە دەلیل
نەصصی قورئانو تەورات‌و ئینجیل

بۆ سابیقینی هیجرەت‌و نەسرەت
ئاخری تەوبە بکە بە حوججەت
شامیلی حاڵە بۆیان ئەجمەعین
هەروا شامیلە لەبۆ تابیعین
(رضی اللە عنهم ورضوا)
مەیدان نایەڵێ لە بۆ یەک‌و دوو
لەبۆ ئەصحابی (بیعة الرضوان)
ڕەزای ئیعلان کرد خودا بۆ ئەوان
پاش ڕەزای خودا شەخصی ناڕەزا
یەقین نامەردە بە حوکمی قەزا
باوەڕت وابێ حوببی ئەمانە
ڕوکنی ثابیتی دین‌و ئیمانە
ئیمان واجبە بە نەصصی قورئان
نەصصی قورئانیش مەدحە بۆ ئەوان
بەرەو ژوور بڕۆ چون سەر بەرەو خوار
جێی ملشکانە بۆ هەزار هەزار
لادان لە قورئان لادانە لە دین
مەیلە بۆ هەوای شەیتانی لەعین
برا وەربگرن لە من وأتەی ڕاس
ڕوبکەن لە حەق بە شێوەی ئیخلاص
لەسەر ئەساسی سیرەتی **حەزرەت**
وا دامەزاراوە قەراری ئوممەت
ئەصحابی حەزرەت هەموو عودوولن
بۆ ڕەزای خودا هەموو مەشموولن

جا لەبەر هـەوای بیدعـەتو خیلاف
وا دامـەزراوە لای ئەهلی ئینصاف
خولەفای حەزرەت لـە ڕووی ئەییاما
ئەشـرەفی خـەلقن لەناو ئیسلامـا
ڕێزی ئەوانیش بەسەد لەطافـەت
دامـەزرا لەسـەر ڕێزی خیلافەت
بووبەکرو عومـەر عوسمانو حەیدەر
لەپاش ئەمانە بە موژدەی ڕەهبـەر
باقی عەشـەرەی موبەششـەرەی وا
موژدەیان وەرگرت لە دەستی خودا
ئەصحـابی بەدرو ئوحـودی جوان
هـەروا ئەصحابی (بیعة الرضوان)
عەببـاسو حەمزە لەگەڵ حـەسەنەین
ڕەیحـانەکانی (سـید الـکونین)
باقی ئەوانەی نەصیان لـەدەستە
لە حەزرەتەوە بۆ ئـەم مەبەسـتە
هیچ خیلاف نیە لای ئەهلی ئینصاف
لەمانە وتمـان بۆ برای دڵ صـاف
جـا بەم تەرتیبـە ئەڕۆین بەڕێدا
هـەتاکو دڵمـان ئەژی لـە جێـدا
ئەڵێم بووبەکر (شیخ الأصحاب)ە
بۆ بارانی نوور وێنـەی سەحـابە
ئـەو ئەبووبەکرە لەناو مـەردانا
یەکـە موئمین بوو لە ڕووی جیهانا

ئەو ئەبووبەکرە ، کــە خــاوەن دڵبو
(صدیق)ی هــەموو کــاری موشکڵ بو
ئــەو ئەبووبەکرە بە هــێزی ئیخلاص
ڕێزی ئەگیرا لەلای عــام و خــاص
ئــەو ئــەبووبەکرە بە هــەموو بارا
لــە گەڵ حەزرەت بوو لــە ڕۆژگارا
ئــەو ئــەبووبەکرە دڵــی ئــەبرژا
چــاوی فرمێسکی سوێری ئەڕێژا
تەصــدیقی ئــەکرد چی ئەهاتە ناو
هەروەک ببینێ ئەو شتە بە چــاو
چ لــە ســەرزەوی یا لــە ئاسمانا
یالــە ڕوداوی چــەرخی زەمــانا
هــەرچی ئەفەرموو حەزرەتی ئەنوەر
تەصدیقی ئەکرد صدیقی ئەکبــەر
بە حــاڵو بە مــاڵ ، دارایی هــەموو
بە قەدەر پێویست ئامادەبوو زوو
قورئانی ئەخوێند بە دەنگێــکی وا
ئەیهێنا بۆ حەق کەللەی پڕهــــەوا
کــافران بەڕۆح بوون بە دوژمنی
لــەبەر کەرامــەی سیماو دیمەنی
ئــەو ئەبووبەکرە موربد بوو بــە دڵ
بۆ وەرگرتنی سیرەتی کــــاملڵ
هــەتا لــە دڵیا دامەزرا بــە حــەق
نووری صدیقی بە وێنەی شــەفەق

بۆیە وا خـودا ، کردی بە جێـــدار
جێداری یەکەم ، بۆ شـاهی موختار
ئـەو ئەبووبەکرە شـاهی بردەوە
چـەن شەو لەمـالاّ ئـەوی شاردەوە
جا (مختفی) بوون لەغـاری ثـەورا
موشریکەکانیش گـەڕان بە دەورا
کـاتی گەیشتن بەلای دەرگای غار
صدیق غەم دای گرت لە شەڕی کوففار
لـەویدا فـەرمووی شاهی ئومەنا
(لا تحـــزن ان اللـه معنـــا)
هـەتا ڕێکەوتن بۆ کۆچی دڵسـۆز
بۆ پێكهاتنی چەرخێـــکی پیرۆز
مـالی بەجێهێشت لەبەر ئەم دینـە
لەگـەڵ حەزرەتا چـوو بۆ مەدینـە
جـا یەکە یەکەو دوو دوو و سێ سێ
یاران کۆچیان کرد بە هەرچۆنێ بـێ
(والسـابقون الاولون) هـــات
بۆ کۆچی گەلی خاوەن بەرەکـات
بۆ موهـاجیرین هەم لـە بۆ ئەنصار
(رضـی عنهـــم الغفـار الستـار)
ئەنصار لـە هەموو ئەهلی عـەقەبات
گەیشتنە سـەر لووتـکەی دەرەجات
موهـاجیرینو ئەنصـاری سـابیق
لـە پایـەی دینـا فایقن فـایق

هیچ کەسێ ناگا بە پایەی ئــەوان
ئەگــەر تێبگەن لــە مانای قورئان
ئــەو ئەبووبەکرە لە مــاوەی ژینــا
خاوەن جیهــاد بوو لە ڕێــگەی دینــا
لـــە غەزاکــانی ئازاو ئامـــادە
ئەچــوو بە وێنـــەی سوپاهی ســادە
کاتێ نەخۆش کەوت سەروەری ئەنام
صـــدیقی دانا کردی بــە ئیمــام
یانی ئیمامــە بۆ ئەهلی ئیسـلام
صــدیق بــە ئەمــری (سید الأنام)
یەکێ کــە حەزرەت بیکا بــە ئیمام
کەس عەزڵی ناکــا بە تووڵی ئەییــام
جــا کاتێ حەزرەت وەفاتی فەرموو
بوو بە جێنشین صــدیق زووبەزوو
دامــەزرا ئەووەڵ بــە ئەکثەرییەت
پاشــان هاتەجێ ئیجماعی ئوممەت
بــە قــەطعی نەما لەو کارە خیلاف
ئیتر گوێمەدەن بــە واتەی گــەزاف
کـــاتی بووبەکر بوو بــە خەلیفــە
بوو بــە ناصیری میللەی حەنیفـــە
گــەلێ کاری کرد بۆ نەصری ئیسلام
هەموو مەعلوومن لە مێژووی ئەییــام
یەکــەم بووبەکر ڕۆیشتە مەیدان
نەرمی کرد کەللەی گشت موعانیدان

ملیـان ڕاکێشا بۆ ئەدای واجیب
بچووكو گـەورەی خاوەن مەراتیب
گشتی ڕام‌کردن ئەعرابی عـاصی
ئامادەی کردن بۆ ڕێی حـەق‌ناسي
دووەم به سوپای بێ هەمتای ئەصحاب
موسەیلەمەی کوشت دەرچوو له حیساب
فیتنەی ئەم گورگه فیتنەی عەمیا بوو
دونیـا بەجارێ وێنـەی دەریا بوو
بـەلأم بەڕەحمی (خـالق السمـا)
زوو کوژایەوەو ئاثـاری نەمـا
لـەپاش ئـەو حەربه بیری کردەوه
هـەموو قورئانی جـەمع کردەوه
سوورەت به سوورەت ئایەت به ئایەت
لـه ئەووەلّەوه هـەتا نیهـایەت
نەکـا ئایەتێ وون‌بێ لـه قورئان
ببێ بـه مـایەی زیانی ئیمـان
مـاوەی (خلافه)ی کەمتر له سێ سال
لـەو مـاوه کەمه دین چوو بۆ کەماڵ
گـەلێ کاری کرد لـه کاری بەسوود
بۆ دینی ئیسلام (موصل) به مەقصوود
کاتێ نەخۆش‌کەوت نەخۆشی وەفات
خدمەتێـکی کرد پـڕ لـه بـەرەکات
لـەبۆ یارمـەتی ئیسلامی ئـەنوەر
خیلافەت نامەی نووسی بـۆ عومەر

ئەیزانی عومەر خاوەن هەیبەتە
لە ئیدارەدا خاوەن حیکمەتە
ئەصحابیش هەموو بەیعەیتان پێ کرد
بە بێ ماتڵبوون زور بە دەستوبرد
جا هاتە مەیدان عومەری عادڵ
ئەشقیا شکێن مەهیبی کامڵ
ئەوەی ئەو کردی بە ماوەی دە ساڵ
بۆ کەس نەدەکرا بۆ وادەی صەد ساڵ
عومەر بوو بە حەق بە یاری خودا
دینی دامەزراند بێ هەراو غەوغا
فەتحی جەزیرەی عەرەبی بەو بوو
بەو بوو کە دنیا خاوەن پڕتەو بوو
فوتووحی شامو عەرزی فەلەستین
بە هێزی ئەو بوو بۆ دینی مەتین
ئەو بوو دایمەزراند یاسا لەعەسرا
فەرمانڕەوا بو لە موڵکی میسرا
عومەر بوو گرتی وڵاتی ئەهواز
عومەر فاتیح بوو بۆ موڵکی شیراز
عومەر فاتیح بوو لەبۆ کوردوستان
عومەر فاتیح بوو لەبۆ لوڕستان
عومەر سەراسەر ئێرانی داگرت
ئاگری مەجووسی لە ناوا لابرد
عومەر بوو بە حەق لە ڕێی خودادا
دینی دامەزراند لە ڕووی دونیادا

گەلێ ئوصوولی ئیدارەی دانا
بوو بە مایەی خەیر لە ڕووی جیهانا
حەزرەتی عەلی (مصاهرە)ی کرد
(ام کلثوم)ی لەبۆ مارە کرد
بۆیە بەدخواهان لەم سەرو لەوسەر
دوژمنن لەبۆ حەزرەتی عومەر
کەشەهید کرا شەخصی مەخصووصی
بە دەستی (ابو لولو)ی مەجووسی
خەلافەتی کرد بە شێوەی شووورا
لە ناو شەش کەسی عالی شوعوورا
عوسمانو عەلی هەم طەلحەو زوبەیر
عبدالرحمنو سەعدی خاوەن خێر
لەپاش مەشوەرەت عوسمانیان دانا
بوو بە خەلیفە لەڕووی جیهانا
گەلی کاری کرد عوسمان لە ژینا
لەڕێی تەرویجی ئیسلام و دینا
چەن خدمەتی کرد بە زاتی ڕەهبەر
چەندێ بۆ دینی خۆی خستە خەتەر
هەر لەبەر چارەی کوففاری ڕوڕەش
دوو جار کۆچی کرد بۆ مولکی حەبەش
بۆ جاری سێهەم لەڕێی ئەم دینە
هاتەوە لەبۆ شاری مەدینە
بیری (ڕۆمە)ی سەند بە هەزار دینار
بۆ ئاسایشی ئەصحابی ئەبرار

هەم (جیش العسرە)ی بەڕێخست بە ماڵ
لە کاتی قاتی و سااڵی وشکەساڵ
بۆیە فەرموویە (سەید)ی جیهان
دوو جار بەهەشتی کڕیوە عوسمان
لەوانە چاتر جەمعی قورئان بو
کە هۆی مانەوەی دین و ئیمان‌بو
لەسەر ئیجماعی صەحابە سەرجەم
گردیان کردەوە قورئانی ئەعزەم
بە لەهجەی قورەیش شەش نوسخەی نووسی
یەکێ لەلای خۆی ، ما بە خوسووسی
باقی بۆ مەکە و بۆ میسرو بۆ شام
لە بۆ بەحرەین و بۆ کووفە تەمام
وێنەی ئەم کارە نەکرا لە دونیا
ئەگەرنا دونیا ئەبوو بە دەریا
هەرکەسێ لە سەر شێوەی خوسووسی
قورئانی بۆ خۆی بە دەس ئەنووسی
بێجگە لەوانە حەزرەتی مەعصووم
دووکچی پێدا بەیاسای مەرسووم
یەکەم ڕوقەییە پاش وەفاتی ئەو
(ام کلثوم)ی پڕ نورو پڕتەو
پاش شەهادەتی عوسمانی نازدار
بوو بە خەلیفە حەیدەری کەڕار
لەسەر قەراری ئەصحابی کیرام
بوو بە خەلیفە بۆ گەلی ئیسلام

عــەلی سەرچاوەی نووری تەقوا بوو
نەشئەتی لەسەر دینی هودا بوو
هــەر بە منــالّی قوتابی شــا بوو
عەلی حەبیــبی (رســول اللّه) بــوو
عــەلی خاوەنی بەهرەی عــەتا بوو
قــائیلی (ولو کشف الغطا)بوو (١)
عــەلی هاوسەری وەردەی زەهرا بوو
عەلی جەلیسی خاوەن ئیسرا بوو
کەمــالو فەضلی حــەزرەتی عــەلی
دەلیلی ناوێ واضیحــە و جــەلی
بابی مەدینەی عیلمی سەروەر بوو
لە بابی دونیا زۆر باخەبــەر بوو
عەصری خولەفای بەرزی (راشدین)
(عصر الذهب) بوو بۆ دنیاو بۆ دین
خیــلافێ نەبوو لــە جەزری دینــــا
هەموو ئەڕۆیین بــە ڕێی یەقینــــا
هەرگیز گوێ مەگرە بۆ باسی خیلاف
هەرگیز لامەدەن لە ڕێگەی ئینصاف
ئــەوەی کــە خیلاف ئێنی بــە ناوا
گرێیە بــۆ دڵ ، تانــە لە چــاوا

---

(١) مەبەس ئەو وتەی حەزرەتی عەلیە یە ، کە فەرمویەتی « ما زدت یقینا بربي ولو کشف الغطاء » واتە : ئەگــەر پەردەش لەنێوانا هەڵگیری‌و خوا بە چاوی خۆم ببینم باوەڕم لەوەی ئیستا هەمـــە زیاتر نابێ ٠

شەش مانگ لە ماوەو موددەی خیلافەت
لە بۆ حەسەن بوو لە گەڵ لەتافەت
حەسەنو حوسەین جووتە برا بوون
لەبۆ خانەدان گەورە چرا بوون
ڕەیحانەکانی باغچەی ڕیسالەت
شیفابوون لە بۆ دەردو مەلالەت
نەوغونچەی باغی گوڵناری شاهی
پەروەردە شنۆی صەفای ئیلاهی
دڵپەرداخ بە بۆی زەهرای بە عیصمەت
زاویەی قائیمەی شەکلی ڕیسالەت
خۆشەویستانی حەزرەتی ڕەهبەر
نووری دوو دیدەی بینای پێغەمبەر
ئەمجار (محمد) کوری حەنیفە
لە عیلمی دینا گەلێ شەریفە
زاناترینی تەبەقەی سەلەف
دوای (ابن عباس) ئەعلەمو ئەشرەف
ئیتر وازبێنن لە تیری تەقدیر
ئەبڕێ هەزاران لە ڕشتەی تەدبیر
موقەددەراتی چەرخی کائینات
لەئاسمانەوە دێتە سەر بسات
ئێمە نەزەرمان بۆ یاسای دینە
لەسەر پەیڕەوی (علم الیقین) ە
نەتەوەی پاکی حەزرەتی عەلی
گەلێکی تیابوو ئینسانی وەلی

بوون بـــه ئەستێرە بۆ بەڕەی زەوی
دونیایـان داگـرت بڵەنـدو نەوی
یاران بەرابەر بـــه هەموو ئەصحاب !
هەرگیز لامەدەن لە نەصی کیتـاب
بەوان دامـەزرا ، بناعـــەی ئیسلام
لەسەر ئەو ئەسڵە دامەزرا ئەحکام
ئەوان نووسەر بوون بۆ هەموو قورئان
ئەوان (حافظ) بوون بۆ ئایەتەکـان
کیتابو سوننەت بە بەرزی شیمە
لەوانـەوە هـات گەیشـتە ئێمە
ئەوان تەفسیریان وەرگرت لە ڕەهبەر
ئەوان بۆ ئێمە بوون بەسەر دەفتەر
هـــەروا سوننەتی ڕەهبەری ئەمین
لەوانەوە هـات لە بۆ ئەهلی دیـن
یانی وتـارو ڕەفتاری حـــەزرەت
یاخود تەقریرێ ببێ بە حوججەت
بەوان گـــەیشتە چینی دووهـــەمین
(رضی اللّه عنهـــــم اجمعـــین)
ئەگـــەر ئەوانە بێ عـەدالەتبن
یا ئەهلی بیدعەت یا ضەلالەت بن
لـــە دەستی پەستی بەدکردارەوە
چۆن شت بە پاکی دێتە خوارەوە
ئاوی سەرچـاوە بە جۆگەی ناپاك
چۆن ئەخورێتەوەو ئەبێ بە خوراك

(والحق) ئەحـكامی دینی موسوڵمان
لەوانەوە هات گەیشتوە پێمـان
بارانی ڕەحمەت لـە سـەریان بارێ
وەك فەصلی بەهار کە دێتە خوارێ
جاوەکو ئەصحاب بـە پاك ئـەزانن
قـەدری تابیعین ئەبـێ بزانـن
کەس پایەی ناگا ، بە پایەی ئەصحاب
چونکە بەڕێزن ، بە نەصی کیتاب (١)
هـەروا ئەوسەطن لەو سێ قـەرنانە
بە خەیری دانان شاهی زەمانـە
(خیـر القرون قرنی) بـە پڕتـەو
دوو (ثم) هەیە عاطف لەپاش ئەو (٢)
قەرنی تابیعین خادیمی دین بوو
قەرنی ئەئیممـەی (مجتهدیـن) بو
ئەبووحەنیفـە ئیمامـی ئـەووەڵ
لەسەر قەرنی دوو هاتوە موکەممەڵ
مالیك ، شافیعی ئەحمەدی حەنبەڵ
ئیمامـی دینن ئەکمـەڵو ئەفضەڵ

---

(١) مەبەس لەو ئایەتە پیرۆزەیە کە ڕێزی (تابعین) دەرئەخا وەکـو خوای گەورە لە سورەتی تەوبەدا لە ئایەتی (١٠٠) دا ئەفەرموێ : (والسابقون الأولون من المهاجرين والانصـار والـذين اتبعوهم باحسان رضى الله عنهم ورضوا عنه • واعد لهم جنات تجري تحتهـا الانهار خالدين فيها ابدا ، ذلك الفوز العظيم) •

(٢) حەدیثەکە ئەفەرموێ : (خير القرون قرنى ، ثم الذين يلونهم ، ثم الذين يلونهم) •

باقی ئیمامان ئەهلی ئیجتیهـــاد
ئەصحابی عیلمو فەضیلەی ئیرشاد
بوون‌بە جۆگەی دین ، بۆدەریای ئیسلام
ئیسلامیان گەیاند بە خاص و بە عـام
بەوان تەحقیق بوو کیتاب‌و سوننەت
بەوان ڕووناك بوو یاسای شەریعەت
ئەگەر ئوستادێ نـەبێ بۆ (تلمیذ)
ناگاتـە پایـەی عالمـی عـەزیز
هەروا دەس بەدەس شەریعەت کە هات
لەسەر ئوصوول بوو لەڕوی کائینات
حوقووقیان هەیە لە سەر موسوڵمـان
فەرزە حورمەتیان بۆ خاوەن ئیمان
ئەوان حامی بوون بۆ شەرع و ئەحکام
ئەوان حافظ بوون بـۆ دینی ئیسلام
هەروا ڕابـگرن بـە یاسای ئیکرام
قەدری ئەولیـا بـە فەضـڵو مەقام
(متبـع) لەبـۆ کیتاب‌و سوننەت
(مجتنب) لەگشت فەسادو بیدعەت
مەذهـەب‌و دین‌و ئاینیان هـەموو
لەسەر پەیڕەوی (رسول اللّه) بـوو
بەزۆری زیکرو تاعـەت‌و ئەذکار
ڕژا لەسەریـان بـارانی ئـەنوار
هەرکەس کەوتە سەر ئەحوالّی ئەوان
بوون بە بەرقی نوور ، بۆ کاتی خۆیان

خودا لـەو نووره ، بەشمان پێ بـدا
بڕۆینـه ڕیـزی ئەولیـای خـودا
نمی لەدەریای لوتفـی خودایـی
(کافیه) بۆمان ، بۆ ئاشنایـی
یانی ئەولیـاو ئەصفیـای عـالەم
لەسەر بورجی دین هەڵیان‌کرد عەلەم
سفرەی سەعادەت بۆیان هاته خوار
به زیکری خودای زانا به ئـەسرار
لەسەر ئەو سفره موسوڵمانـەکان
حیصصەیان وەرگرت بۆ چەرخی خۆیان
زادی ئەم سفره گەیشته عالەم
کەس بێبەش نەبوو له خوانی کەرەم
هەر پایەداربوو هەتا ئەم ڕۆژه
له جێی نـزارو شوێـنی بـه ڕۆژه
بەئاوی چـاوی گریانی ئـەوان
به بۆی هـەناوی بوریانی ئـەوان
نمەکی تەمکین حاصڵ بوو بۆ دڵ
ڕێگەیان بڕی مەنزڵ بـه مەنزڵ
بۆنی ئـەوان بـوو کـه دای له دەمـاخ
سەراسەر دونیـای پڕ کرد له گوڵباخ
پڕ لـه وەنەوشەی سورمەیی نازدار
لـه نێرگسی مەست لـه باخو گوڵزار
نەسیمی بەهەشت کەوته ڕووی دونیا
بەحەق سەرخۆش بوو ئینسانی وریا

(نامـی) نمێـکی بـبێ له دڵـدا
نوورێکی هەبـێ ، لەناو مەنزڵـدا
بۆنێـکی ببێ ، بە وێنەی عەنبـەر
سوودێـکی ببێ ، لـە دنیای خەتەر
هەمووی لە سایـەی سایەدارانـە
هـەموو لـە پایـەی پایـەدارانە
بەکورتـی ئەڵێم حەزرەتی ئەنوەر
فەخری مورسەلین ، یانی پێغەمبەر
سەرداری بەشـەر (محمد أحمـد)
ئەنوەری عالەم بە نووری سەرمەد
ڕۆژی جیهانە ئەمسەر تا ئەوسەر
ڕەحمەت بوو لە بۆ عالەمین یەکسەر
گـەلی یـاران‌و تابیعینی دیـن
گەلی ئـەئیممە لـە (مجتهـدین)
گەلی (صدیقین) ، گەلی شوهـەدا
ئەولیاو عاممـەی (مطیع)ی خودا
ئەستێرەی چەرخن بەڵام بە میزان
هەرکام مەقامی مـەعلوومە بۆیان
هەموو نوورانین بە نووری ئەحمەد
ئەحمەدی مەحبووب بۆ خودای صەمەد
باوەڕتان وابێ ئەمانەن ئینسـان
نوختەی مەرکەزی دائیرەی ئیحسان
یەکی صەد ڕۆحی ببا لە جەسـەد
ئەیکرد بە فیدای حەزرەتی ئەحمەد

هەموو ئەساسی عیززو شەرەف بوون
هەموو گەوهەری یەك تای صەدەف بون
ڕستەی جوانی (اصحابی نجوم) (١)
بۆ ئەصحاب وترا بزانە مەعلووم
(الخـــير في وفـــي أمـــتي)
بزانـە ئەگـەر خاوەن هیممەتی
زیارەتیان خێرە زیندوون یا مردوو
دەروونیان تێرە لە زیکری یاهـو
زیارەتیـان خێرە بۆ مەدەکـاری
دڵنیشان ئـەکەن بـۆ بەختیاری
خولاصە زومرەی دانایانی دیـن
لەگەڵ ئەولیـای طەریقەی موبـین
کۆڵەکەی بەرزن لـە بۆ بینـای دین
مایەی سەربەرزین بۆ ئەهلی تەمکین
واقیـع ئەمەیە کـە دینی ئیسـلام
لە سەر کیتابەو سوننەتی ئیمام
مەعنـای ئەمـانە ظاهیرە بۆ عـام
ئەیزانن بە حـەق عولەمای ئەعلام
بەڵام تەطبیقی بە یاسای ڕەسـوول
ئەبێ بە کلیل بۆ دەرگای وصوول
یانی بەوجۆرە ، کە مەولای ڕەهبەر
بەجێی هێنـاوە خاڵـی لە کەدەر

---

(١) ئیشارەیە بۆ حەدیثی (اصحابی کالنجوم بایهم اقتدیتم اهتدیتم) .

خولەفـای کیرام هـەندێ لـە یاران
وا ڕەفتاریان کرد ئە ماوەی ژیـان
بەوجۆرە وتمـان صدیقی ئەنوەر
کەوتە سەر نەهجی حەزرەتی ڕەهبەر
سەلمان لە صدیق قاسم لـە سـەلمان
جەعفەر لە قاسم گەیشتە پەیمـان
ئەبوویەزیـدی بەسطامی نەسەب
لە ڕۆحی جەعفەر گەیشتە حەسەب
هـەروا هـاتە خوار بە ڕۆزگـارا
هەتا گەیشـتە پـیری بـوخارا
سەید محەممـەد مەولای بەهرەمەند
مەشهووری عالەم شاهی نەقشەبەند
جا ئەو ڕشتەیە سیلسیلەی زێڕین
هاتە خوارەوە بۆ کەسبی تەمکین
حەسـەنی بەصری لـە زاتی عـەلی
حەبیب لە حەسەن گـەییە تەجەللی
داوود لە حەبیب مەعرووف لە داوود
(سەری) لە داوود گەیشتە مەقسوود
جونەید لە (سەری) خاوەن عیلم و عەین
بووە بە (سید) بۆ (طائفتین)
هـەروا هـاتە خوار عالیمو عاریف
بە نەهجی سوننـەت خاوەن مەعـاریف
هـەتا گەیشتە قوطبی ڕەببـانی
شیخ عبـدولقادر غـەوثی گـەیلانی

(قـــدس الله اســرار الجميـع)
(ان لهـــم المقـــام الرفيـــع)
ئەمیش دەس‌بەدەس بە یاسای ئەدەب
هاتە خوارەوە بە ئەعلا حەسەب
هەموو مولتەزیم بۆ ڕێگەی صەواب
لە سەر قاعیدەی سوننەت‌و کیتاب
هـەموو ئەمانە لـە کـاتی خـۆیا
گەیاندوویانە بـــە ئەهلی دونیـا
ئەوەی خاریج بێ لە یاسای ڕەهبـەر
(فاجتنبـوه واحـــذروا الحـذر)
بـە ئیتتیفاقی عولەمـای ئەعـلام
عالەمیان گەیاند بە بەهرەی ئیسلام
بە خۆشەویستی خوداو پێغەمبـەر
بـە خۆشەویستی یارانی ڕەهبەر
بـــە ئیحتیـرامی حەرەمەکـانی
بـە حوببی ئـالی عـالی مـەکانی
بە حوببی هـەموو زومرەی تابیعین
حوببی زانایـان لە (مجتهدین)
بە حوببی عیلم و عولەمای ئیسـلام
بە حوببی هەموو ئەولیای کیرام
موسولمـان دینی بۆ دائەمـەزرێ
لەسەر خاتیمەی حەســەنە ئەمرێ
خـودایە (نامی) بە حوببی ئەمـان
بژی جا بمرێو بڕوا بـە ئیمان

سوپاس بۆ خوا لێبوومەوە لە نووسینی ئەم کتێبە نازدارە کـــــە (ئەنای ڕەهبەرو یارانە) پاش نیوەڕۆێ ڕۆژی چوارشەممەی حەقدەهەمی مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی هەزارو چوارسەدو شەشی کۆچی ، ڕێکەوتی چواری مانگی دوازدەی هـــەزارو نۆسەدو هەشتاو پێنجی میـلادی (٤ـ١٢ـ١٩٨٥) لە ژووری مەدرەسەدا ، لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی « قدس الله سره وزاد خیره وبرکاته لنا وللمسلمین » .

بەشی سێیەم

سکالا

بسم الله الرحمن الرحيم

لەپاش سوپاسی نیعمەتی (اللە)
لەپاش ستایش بۆ (رسول اللە)
موناجات ئەکا بە دڵو دەروون
(نامی) بۆ دەوای دەروونی زەبوون
پارانەوەیە بە لاڵەو پاڵە
لە دەرگای خودای خاوەن کەماڵە
لەسەر ژمارەی ئەسمای حوسنای ئەو
دڵ ئەکەمەوە بۆ تاوی پرتەو
نەوەدونۆ ناو بە نووری باهیر
سەرچاوەی ئەسرار (باطن)و (ظاهر)
بە داوێنگیری خاوەن ڕیسالە
کە بۆ شەفاعەت خاوەن مەجالە
بۆ عەفوی خودای خاوەن فەضڵو وجوود
بە تکای دارای مەقامی مەحموود
درووד ببارێ بە وێنەی باران
لەسەر ڕۆحی ئەو هەم ئاڵو یاران

هــەم ئەهلی بەیتی خاوەن مەقامی
تا پڕتەو ئەدا نــووری ئیسلامی
(یا اللە) ذاتی صاحیب کــەمالّات
پاکــیزە لەبۆ هــەوای خــەیالّات
(واجب الوجــود) بێنیاز لە کەس
قەدیمو بــاقی تەنیــاو فریادڕەس
بێ وێنــەو مانەند بێ شێوەی نیاز
بەری لە وەهمی ئینسانی دەمباز
پاك لــە تۆێکڵی تێکەڵی مــایە
بێ مادەو سێبەر بێ عیللەو غایە
خاوەن شانەکەی بێشوێنو بێلەش
پادشای جیهان فەرمانڕەوای عەرش
خاوەن تەجەللای دوور لە کاتو ئان
حازر لە هــەموو زەمــانو مەکان
دارای کەمالات بەری لــە نوقسان
سەرچاوەی هەموو پیرۆزیو ئیحسان
ڕەحمێ بفەرموو بە حــاڵی (نامی)
هەم بە یارانی ڕێــگەی ئیسلامی
پەروەردگــاری ڕەحمــانو ڕەحیــم
میهرەبان بۆ عام بــە فــەیضی عەمیم
گوشادکەرەوەی ، دەروازەی بەهەشت
بۆ بەندەی سالم لە شــارو لە دەشت
دەرگاکەرەوەی ، دۆزەخ بۆ ئەشرار
بۆ ئازاردانیان بە عەزابی نــار

کاتێ کــه دۆزەخ واز ئەکرێتەوە
دەستی بێبایــەخ ئەبــەسرێتەوە
تا دێنە مەیدان گشت ستەمباران
حەقیان ئەسەنرێ لە ســتەمکاران
یانێ ستەمکار عــەزابیان ئەدرێ
ستەمبارانیش دڵیان خۆش ئەگرێ
پەروەردگــاری ڕەحیمو ڕەحمــان
خاوەن سەخاوەت خودای میهرەبان
دەروازەی ڕەحمەت بکەرۆ لێمــان
سفرەی نیعمەتت ڕابخە بۆمــان
بــە بێتەماشای نوقصــانی ذاتم
بە بێتەماشای نەقصی صیفاتــم
عــەفوم بفەرموو مەپرسە لــە کار
کاری تاوانــی (نــامی) خەتابار
هــەم لــە کومــەڵی برایانی دین
هاوڕێی سەفەری ڕێی (عین الیقین)

الملك

(ملك)ی پاشای سەراسەر عالەم
سافیلو عالی تــا عەرشی ئەعزەم
فەرمانڕەوای حەق لەسەر کائینات
بەهەشتو دۆزەخ ، ئەرزو سەماوات

پادشای موتلەق بە سەرفەرازی
فەرمـوو بەشێوەی بەندەنەوازی
ببەخشە جورمی بەندەکەت (نامی)
چون والـەگوێیا حەلقـەی غولامی
هـەروا تاوانـی برادەرانـی
بـرای بەنـرخی ڕۆزگـارانـی

القدوس

(قدوس)ی عالەم تەقدیست
بە حاڵو بە قال تەسبیحت ئەکا
ئەوەی زمـانی ڕام نەبێ لـە بۆی
با بۆ خۆی بگری بۆ بەدبەختی خۆی
چون مادام دووره لە زیکری سوبحان
دووره لە خێری نیعمەتی ئیحسان
بە فەیضی ڕەحمەت زمـانی حـاڵم
بکە بە مایـەی بەهـرەی کەماڵم
زمـانی قاڵم بێنـە سـەر بـەیان
بۆ تەقدیسی خـۆت بـە تووڵی ژیـان
تا کاتێ مـردم زمـانم تـەڕ بێ
بە ئەزکاری تۆ سەرچاوەی فەڕ بـێ
نمێ لـە فەیضت بەسە بۆ (نامی)
لە پایەو مایـەو حوسنی خیتامی

السلام

يا سلام سلم من سوء الاحوال
من سوء الاعمال ، من سوء الاقوال
بمانپارێزه له وەبای هەوا
له نەفسو شەیتان له مایەی ئیغوا
هەوایه هەوا بناغەی تاوان
هەوایه هۆیه بۆ شێتی لاوان
گەلێ له مەردان به هەوای فەساد
دەرچوون له سوودی مەوعیزەو ئیرشاد
وأما من خاف مقام ربه
استفد منه الی دربه
ونهی النفس عن طوع الهوی
یەقین بەهەشتی ئەبێ بە مەئوا
بەهەشتی ماوای بەختیارانه
ئەنجامی سەعیی ڕۆژگارانه
خودایا (نامی) له باری تاوان
عەفو بفەرموو بە صەفای ئەوان
هەروەها گەلێ برادەرانم
گوڵی گوڵزاری ڕۆژگارانم

المؤمن

ئەی خودای (مؤمن) ئەمنو ئیماندەر
بمانپارێزه لەدەریای خەتەر

بێ ئەمـــانی تۆ قـــەڵا بـــەڵایە
بـــە (ضمان)ی تۆ بـــەڵا قەڵایـــە
هەرتۆی بەراستی سەرچاوەی ئەمان
هەرتۆی بەدەستی بۆ پەناو (ضمان)
(نامی) بە ذیـــکری تۆیە ئەمـــانی
بەیادی تۆیە تاوی ئیمانـــــی
بمـــان پارێزە لـــە گـــەڵ یارانا
لەدەردی گەردی بەردەبارانـــــا

المهیمن

خـــودای (مهیمن) بە هەیمەنەی تۆ
سەرداری ئەکرێ لە سەر وەحشی کۆ
هیممەتو هەیبەت هەیمەنەو نەسرەت
لەتۆوە هاتن بۆ ڕۆحی حـــەزرەت
(نصرت بالرعب) نەسرەتی تۆ بوو
سەرکەوتنی بەدر هەیبەتی تۆ بوو
فریشتەی فەلەك بوون بەسوپای ئەو
تەوژمی صـــەبا بوو بە ئالآی ئـــەو
هەر تۆی بۆ هەرکەس حەساری ئەمان
هەر بۆ تۆ ئەشێ قەراری ضەمان
بمانپارێزە خـــودای تـــەوانا
لە پەنابردن بۆ لای بێپەنـــــا

(نامی) داماوی سەر لێشێواوە
لە پەنای تۆدا بوو بە سەرچاوە
بە هەیمەنەی خۆت لەگەڵ یارانا
بمانپارێزە لە شەڕبارانا

العزیز

نەجمەو نیشانەی سەرشانی عەزیز
خەڵاتی تۆیە بۆ مایەی تەمیز
پەروەردگاریو عەزیزی بە ذات
عیززەتی ڕەهبەر لەلای تۆوە هات
عیززی موئمینان نیشانی تۆیە
ئیعزازی مەردان لە شانی تۆیە
ئەوەی لە تۆوە نەگا بە عیزەت
سەرئەخاتە سەر سەرینی زیللەت
بە عیزەتی خۆت عیزەتمان بدە
بە دەردی زیللەت حەسرەتمان مەدە
عەقلو ئیمانو عیلمو عەمەلمان
بکە بە شادی کاتی ئەجەلمان
(للّه العزة وللرسول
و للمؤمنین عند الوصول)
لە عەینی عیززەت عەبدی خۆت (نامی)
دڵی تەڕ بکە بۆ خۆشئەنجامی

لـه گـــهڵ کۆمهڵی برایانی کـار
هاوڕێی دهشتودهر له لادێو له شار

الجبـار

ئهی پهروهردگار ، (جباری مکسور)
بهجهبرت مهکسوور ئهبێ بهمهنصوور
مومیـای جـهبری ، شکستهی دڵم
ههر جهبری تۆیه ، ڕۆژی حاصڵم
هـهر لوتفی تۆیه ، ئهی پهروهردگار
ههر عهطفی تۆیه ، بۆ بهندهی بهدکار
(نامی) نهمـــاوه تـهوانای دڵـی
موحتـاجی نـووره بێتـه مهنزڵی
ڕوونـاك بێتـهوه دڵو مهنزڵمـــان
لهگـهڵ یارانی هاودڵو گڵمـان

المتـکبر

یا (متـکبر) خـــاوهن کیبـریا
فهرمانڕهوای حهق له ههردوو دنیا
کـهمێ لـه عهطات ئهبێ به دونیـا
نمێ لـه فهیضت ئهبێ بـه دهریـا
تـکێ بارانـی هـهوری ئیحسانت
بۆ سهلبو ئیجاب به حهق یهکسانت

بەســـە بۆ هـــەموو دڵبەستەکانت
بەسە بۆ هەموو سەربەستەکانت
(نامی)و یارانی بەندەی بارەگـــان
ئەگەر ئاگادار ، ئـــەگەر بێئاگان

الخالق

ئەی پەروەردگار خالیقی عالـــەم
خـــاوەنی عـــەرشو بارەگاو عەلەم
عالـــەم بـــە خەلقی تۆ هـــاتە وجوود
بە جوودی تۆ بوون ، بە خاوەنوجوود
مـــادام ئەســـاسی بوونم بـــە تۆیە
عەینم عەرەضم ڕەنگە یـــا بۆیـــە
هەروەهـــــا ڕەنـــگی عەفوم لەتۆیە
با دامەزراوبێ نەبێ بـــە بۆیـــــە
بە ئیحسانی خۆت ئەی پەروەردگار
(نامـــی) ببەخشـــە لە بـــای ڕۆزگار
بێ مادەی نوورو تەجەللای قودسی
ئەمێنێتەوە بـــە تینـــوو برســـی
لەگـــەڵ یارانا لـــە (حوض المورود)
بـــا تێـــراو ببن بـــە زولالی جود

البـــاری

بـــاری تەعـــالا پەروەردگـــاری
خالیقی صوورەو نەقش‌و نیگاری
هـــەر سەرچەشمەیێ ئاوی ڕەوانە
لەدەرو دەشتەو لـــە کۆسـارانە
نمێ لـــە فـــەیضی (ڕیعـــایەی) تۆیە
کەمێ لەمایەی عینایەی تۆیـــــــە
دەی بە فەیضی خۆت خالیقی ئەکرەم
ببەخشە خەتام ، ئەر زۆرە یا کەم
چون بە ژمارە بە فەیضی سەرمـــەد
وام لەناو ڕیزی ئوممەی (محمد) (ص)
قـــەت دەرناکرێ یەکێ لە هـــەزار
تایبەتی (نامی) دامـــاوی هەژار
دەی بمانبـــەخشە لەگـــەڵ یارانا
لەگـــەڵ کۆمەڵـــی تاوانبـــارانا

المصور

تۆی (مصور)ی بـــە (أحسن تقویم)
تۆی ڕێ‌نومای حەق بۆ صیدق‌و تەسلیم
صوورەتت وا کرد با سیرەت وا بێ
یانـــی بـــا دڵمان زانـــاو ئاگا بێ
مەمـــکە بە (أسفل مـــن السافلین)
بەڵکو بە دارای نامەی (علیین)

مادام تۆ خـاوەن بەهرەی ئیکرامی
قەڵـەم لابەرە تاوانـی (نامی)
لەگـــەڵ کۆمـــەڵی برادەرانا
لەڕیزی سوپای شای ڕەهبەرانـا

الغفار

خودای غەففاری پۆشندەی تاوان
هەر پەنـای تۆیـە پەنای داماوان
داماوی نییـە وەك تاوانباری
بۆ ئەنجامی بەد بـۆ شەرمەزاری
غـەرقی تاوانم سـەر تا بە دامـان
پەنام هێناوە ئامـان صـەد ئامـان
خۆت ناوی خۆت نا بە ناوی (غفار)
بۆ تاوان‌بەخشی شەخسی تاوانبار
بە سیڕڕی بەرزی ناوی (غفـار)ی
(نامی) ببەخشـە لە تاوانبـاری

الستار

(ستار)ی سڕپۆش لەبۆ عەیب‌و عار
بۆ شەرمەزاری بەندەی تاوانبـار
ئەگەر عەیبی من پڕ بـە دونیـایە
پەردەی سـەتتاریت بـێ ئینتیهایە

نیسبـــەتی نیـیە تاوانی مەعـــدوود
لە گەڵ ئیحسانی عامی (لامحدود)
نمێ حەیای تۆ کەوتە ڕووی دونیـــا
عالەم کەوتە نـــاو شـــەپۆلی دەریا
(نامی) ئەگەرچی زۆر شەرمەزارە
(الحمد للّه) خـــودا (ســـتار)ە

القهار

ئەی قەهھار کاتێ قارت بێتە جۆش
فریشتەی فەلەك دێنە ســـەر خرۆش
پێغەمبـــەرانی عالەم سەراســـەر
دێنـــە سەر بانـــگی (أللّه اکـــبر)
باقـــی ئادەمـــی ئارامـــی نابـــێ
ئەگەر تـــۆزێ قار لەسەریانا بـــێ
پـــەری وەك دێوان ئـــەدەنە کێوان
ئەپارێنـــەوە لەســـەر لێشـــێوان
بە کورتی (عـــاقل) حـــاڵی نامێنێ
لەبەر قاری حەق دۆش دائەمێنێ
کێ بێ خۆی بـــگرێ لەبەر قاری تۆ
لەبەر هەیبەتی پڕ ئازاری تـــــۆ
ساخودا بـــە حـــەق ئاگری خـــەلیل
کە بوو بە بەفراو بۆ چاری زەلیل

(یا نـار کونـی بـردا وسـلام)
کردت به پارێز لـه دەردو ئالام
بەعەفوی یەعقووب به صەبری (أیوب)
به سیدقی ڕەهبەر ئەحمەدی مەحبووب
به فەیضی قودسی ئەی خودای (غفار)
(نامی) ببەخشە لە قـاری (قهـار)
تـا لـەژێر ئالای ئـەو بەهرەدارا
لەگـەڵ برایـان لـه ڕۆژگـارا
لـه سایەی لیوای بەرزی ڕەهبـەرا
بڕۆین به سارای پانی مەحشـەرا

الوهاب

یـا وەهابی خێـر عەطـا فراوان
بۆ شاو بۆ گەدا ، بۆ شوانو گاوان
پەروەردگـاری جیهان ئافـەرین
به وجوود به جود به شەهدی شیرین
لـه عەطای تۆیه فەضیلەی قودسی
(سامان سا)(١) ئەکا ڕەزیلەی نەفسی
کائینات لای تۆ (ذرة)ی هـەوایه
ئەگەر بێتەسەر عەون و (عینایـه)

---

(١) سامان : دەشت ، سا : ساف ، سامانسا = سامانساڵ، واتـه دەشتی ساف .

وەهابی نیعمەت بە خاوەن کەمآل
عیلمو عەمەلو ڕەوشتی ئەحوآل
هەموی لە کانی ئیحسانی تۆیە
هەموو لە خوانی پڕعەطای تۆیە
فهب عبدك العليل (النامی)
ندی من فيض السحاب السامي

الرزاق

ڕەززاقی ڕۆزی غەبووقو صەبووح
بەقووتی نوفووس هەم بەقووتی ڕووح
خوانی خۆراکی جیرەخوارانت
مادەی مائیدەی پانی دیوانت
گوشادە بە قەد جیهان سەراسەر
بەڵ لەئاسمان سەر ئەخاتە سەر
لە خاک لە هەوا لە قووڵی دەریا
(ما تحت الثری) هەتا ثورەییا
بە شێوەی گشتی ڕۆزی خۆری تۆن
مێوانی خوانی پر ئەمەری تۆن
بەچکە لەسکدا سکالآ ئەکا
لەبۆ بەهرەی خوێ دەس بالآ ئەکا
بەلآم (متقی) یا (مکتسب) بێ
ڕزقی (من حيث لا يحتسب) دێ

بۆ (نامی) نمێ ڕەحمەت کافی‌یە
بۆ هەردوو دنیا بە حەق وافی‌یە

الفتاح

یا (فتاح)ی باب بۆ فەوجی ئەرواح
خودای فەرەح‌بەخش بە نووری صەباح
شنۆی نەسیمی نیسبەتی قودسی
بەسە بۆ شیفای زەحمەتی نەفسی
بۆنی باغی قودس کە دای بە دڵدا
عوطوور ئەڕێژێ بە سەر مەنزڵدا
عەتری گوڵباخی کە دای لە دەماخ
ئەبێ بە دەوای دەماخی پڕ داخ
نەسیمی شەوبۆی نیسبەتی سامی
بەسە بۆ دەوای دەروونی (نامی)
بەسەو ڕەسایە بۆ حاڵو بۆ ماڵ
بۆ عەقڵو عەمەل ، بۆ پایەی کەماڵ
یانی (کافی‌یە) بۆ ژینو بۆ دین
تا کاتی لیقای (رب العالمین)

القابض والباسط

قابیض‌و باسیط بە یاسای حیکمەت
بۆ دەرگای زەحمەت بۆ ڕێگای ڕەحمەت

(قابیض)ی ئەرواح لە گیانلەبەران
چ بۆ فەقیران چ بۆ ئەمیران
شوئوونی فیعلیت لە گەڵ عالەمین
خاوەن حیکمەتن لای قەلبی ئەمین
قەبضو بەسطی کار لە خێرو لە شەڕ
بە فەرمانی تۆ سەر ئێننەدەر
لافاوی زەحمەت ئەگەر بێتە خوار
هەر ڕەحمی تۆیە پەنای ڕۆزگار
بەو ڕەحمە کردت لە گەڵ ئادەما
کردت بە جێدار لەناو عالەما
بەو ڕەحمە کردت بە حەزرەتی (نوح)
کردت بە خاوەن بۆ نەصرو فوتووح
بەو ڕەحمە کردت لە گەڵ (ابراهیم)
کە ڕزگارت کرد لە ناری جەحیم
بەو ڕەحمە کردت لەگەڵ موسادا
فیرعەونو سوپات بۆ دابەبادا
بە ڕەحمە کردت لە گەڵ (أیوبا)
بە شیفاو صەفای لەگەڵ مەحبووبا
بەو ڕەحمە کردت بە عەسای مەسعوود
کە ڕزگارت کرد لە فیتنەی یەهوود
بەو ڕەحمە کردت لەگەڵ (محمد)
بە ڕیسالەتو دینی موئەییەد
بردت بۆ (میعراج) بۆ (فوق السماء)
بۆ لای حەزرەتی (علم الاسماء)

ڕەحمێ بفەرموو بــە ئەهلی ئیسلام
لەشەڕ دەریان‌کە بۆ سارای سەلام
ئەوەی دوژمنیی ئەهلی خــەیر ئەکا
لە ڕێگەی دونیا مەنعی سەیر ئەکا
سەرنــگوونی کــە لــە لی دەردا
کەللەی پڕ هــەوای بدە بەبــەردا
هەرچی مەیلت بو بیدەی بە هەرکەس
کەس یارای(۱) نی‌یە دەس بێنی بۆ دەس
ئەوەیش مــەیلت بو بێــگێڕیتەوە
کەس یــــارای نیــە بیسێنێتەوە
لە قەبض‌و بەسطا لە ڕووی ڕۆژگار
هەر تۆی صاحیب‌و فەرمــانڕەوای کار
دەی بە لوتفی خۆت بێرە سەر ئیحسان
گــەلی داماوان موسوڵمانــەکان
فاقبض عنهمــو یــد الاعــــداء
واحفظــهم فضــــلا مــن البــلاء
وابســط أیــادی العطف الینــا
واحبــب سجــال اللطف علینــــا
بحق الــــذی لــــه اللــــواء
لــــه المعراج لــــه الاســـراء

---

(۱) یارا : توانا ٠

الخافض والرافع

(خافض)ی پایەی دوژمنانی دین
(رافع) ی ئەهلی ئیمانو یەقـــین
ئەویان بو دەرەك ئەمیان بۆ فەلەك
ئەویان بۆلای (جن) ئەمیان لای مەلەك
(خـافض)ی پایـەی تاوانبارەکان
(رافع) ی پایـەی تەوبەکارەکـان
(رافع)ی ئالای دینـی ئەحمـەدی
مـن بعـث النبی الی الأبـد
(خافیضی) ئالای بەلا خواهەکـان
ڕافیعی ئـالای حـەق پەناهـەکان
خـافیضی پایەی بێ هۆشی غـافڵ
رافیعی پایەی ئینسانی عاقـڵ
بوڵەند کەرەوەی ناوەکەی ڕابـەر
لەسـەر مناڕەو میحرابو مینبـەر
بمانپـارێزە لـە کوفرو بیدعـەت
دامانمەزرێنە لەسـەر شەریعـەت
بمانبە لە گەڵ شـا لیوای ئیسلام
بە بیر بە کردار بە واتەو کـەلام
لـە بەرەنومـای دینی ئیسـلامی
لوتفی بفەرموو دەرحەق بە (نامی)
لەگـەڵ کۆمـەڵی برایانی دین
بـا بژین لەسەر مینهاجی تەمکین

المعز المذل

یا (معز) به عەدل یا (مذل) بـــه داد
فەرمانڕەوای حەق بەیاسای ڕەشاد
تۆی عیززەت ئەدەی بەسەر گەدادا
زیللەت ئەهێنی بـــه شـــانی شـــادا
شوانێ بە شەوێ ئەکەی بـــه شایه
شایه دائەخەی بۆ بـــنی چایـــه
ئەمانه هەموو به ڕووی حەقیقـــەت
کرداری تۆنو پـــڕن لـــه حیکمەت
یەکێ بایی بوو باییـــکی بەســـــه
ئەمـــه ئەزانـــێ هەرکەســـێ کەسه
دەمەی وەیشوومەی گەردنەی (کاوێ)[1]
بایـــەکی بەســـەو زەحمەتـــی ناوێ
بەرزی بـــه صـــەفای یاری تۆ ئەبێ
نزمی به جەفای قاری تۆ ئەبـــێ
(معز)و (مذل)و (خافض)و (رافع)
هەر یاسای تۆیه به یاسای واقیع
تاخـــودا بـــدا عیـــززەتو شـــانت
کەس هەڵناگرێ نەجمەی سەرشانت
ویســـتی بیـــگۆڕێ بـــه بارێ ترا
جێت تاریك ئـــەکا بێ شۆڵـــەی چـــرا

---

(۱) کاوێ : کێوێکه کەوتوەته سەرووی دێی (بیارە)ی سەر بەقەزای هەڵەبجه ٠

خـودا یارت بێ عالەم یاوەرتە
بێـگانەی غـەریب وەك برادەرتـە
یـا مـــن ذاتـە قـد عزوجـل
مـــن استعـــان بغـــیرك ذل
بە عیززەتی خۆت ئەی خاوەن (اکرام)
ئیعزازمان بکە بـە دینی ئیسـلام
ئەپارێتەوە (نامی) لـە دەرگـات
بۆ پارازتـنی لـە بـای دەرەکات
تا سـەرەنجامم نـاوی خـودا بی
مەیدانی دەروون بە نوور ئاوا بێ

السمیع البصیر

بۆ دەنگو بۆ ڕەنگ (سیمع بصیر)
بێ ڕەنگو بێدەنگ (علیم خبیـر)
با شنەوای دەنگ میروولەی بێدەنگ
لە (تحت الثری) لەسەر سیاسەنگ
وەکو دەنـگی پێی ئەسپی تازە نال
لەلای سواریکی هوشیارو خۆشحال
بینا بە مـادەی زەڕەی بێ تەقسیم
وەکـو بینایی بۆ لاشەی جەسیم
لەبـەر بیستنو بیینـایی زاتـت
دەرناچـێ شتێك لـە کائینـاتت

خـودایا به حەق ئیسمی ئەعزەمت
به کابەو ئەرکان بـه مولتەزەمت
هیـــزی حـەواسم بۆ بپـــارێزی
دەنگ‌و ڕەنگی خۆش لەلام نەبێزی
چـاوم بۆ دەرکی عیبـارەت وابێ
مودریکی شەددەی ناوی (أللّه)بێ
دەمـاغم دەرکی بێنی گوڵ بـکا
تا دڵ ئارەزووی زەینی دڵ بـــکا
ذائیقەم زەوقی بۆ چەشـەی یاران
بڕوا وەکو طەیر بۆ ئاوی باران
دەستم لـه دەستی دۆستانا بـێ
پێم با لەسـەر ڕێـی ڕاستانا بـێ
ئەمەیە بەهەشت فیردەوسی سامی
بیکا به خەڵات خـودا بۆ (نامی)

الحکم العدل

ئەی پەروەردگار (یاحکم) به حـەق
لەسەر عیبادات نیک‌و بەد موتڵەق
ئـەوەی ئێمـانی هـەیە به ذاتت
مەوصووفە به حەق به گشت صیفاتت
ئەزانی لەسـەر (مؤمن‌و کـافر)
لەسەر تاوانبار (باطن) و (ظاهر)

تۆی حەکەمی داد لەبەینی خەصمەین
بە فەصڵی خیطاب لە بەینی (قسمین)
ئیرشادت کردن بە ڕەویەی صەواب
بە عەقڵ و ڕەهبەر بۆ ڕێگای صەواب
عوزرت بۆ نەهێشت ئینسانی (عاقڵ)
لەسەر کـرداری ناقیـص و کامـڵ
ئیتـر لـە وادەی حـەق و حیسابا
عوزرت نـامێنێ لـە گەڵ خیطابا
تۆ خۆت کـە زانای بیـرو باوەڕی
بینای کردەوەی چ خێر چ شەڕی
ئەگـەر نەڕوانین بۆیاساو عـادەت
چ حاجەت لەبۆ داواو شـەهادەت
کاتێ جـەم ئەکەی ئەعیانی ڕوسول
یانی ڕەهبـەران (لخـیر السبل)
تا لـەناو (جن)و بـەنی ئادەمـا
حەق واضیـح بـبی لەناو عالەما
انـت الحـاکم العـادل اللطیف
انت الحـکم الحـق بالتشریـف
خـودایا بـە حـەق وەصفی حەکەمی
لـەو دادگادا بـێزیادو کەمـی
ڕزگارمان بـکە لە دەریای حیساب
بێ موناقەشەو بێ مەوجی عیتاب

(نامی) بۆ دەرگات پەنای هێناوە
هەر هیوای لوتفی بەلاوە ماوە

العدل

مەعنای عەدلی تۆ نایەتە وتار
بە خامەو نامەو فیکرو ئیعتیبار
بە (لا یظلم مثقال ذرة)
دەرکەوت عەدلی تۆ لەم کوێرو کەڕە
تۆ کە عیلمەکەت عامە بۆ عالەم
بۆ تەندوروستی بۆئێشو ئەلەم
دیارە دادی تۆ لەناو ئەحکاما
لە دادگاهی دینی ئیسلاما
بۆ گیانلەبەران حەیوانو ئینسان
بۆ دێوو پەری بۆ یاسای یەکسان
ئەی خودای (عادل) لوتفت بێنە پێش
لوتفت شامیلە بۆ شاو بۆ دەرویش
بەسیڕڕی لوتفت ببەخشە (نامی)
با ڕسوا نەبێ لای ئاریو سامی
(نامی) بەپاکی وێنەی ئاوێنە
بنوێنە چونکی خاکی داوێنە
بە جاهی ئەحمەد صاحیبی ئیسلام
بڕژێ بە سەریا صەلاتو سەلام

اللطيف

(يالطيف) لوتفت لـه گوڵباخی باخ
زۆر ناسکتره به شنۆو پەرداخ
بەو لوتفەی هەتە ئەم سەنگی سینه
بـکه به صەفحـەی پاکی ئاوێنـه
مینـای سینەکەم بـکه بـه سینا
به نووری ئیحسان بیکه به مینا
بۆ دەرکی سیرڕی مەعنای لەتیفی
بیکه به ئوستاد به بـێ تەکلیفی
حـەلبکه بۆمـان گرێی موشکیلات
هەردەی داڕووخاو بکه به بسات
خـاوەن قودرەتی بۆ تۆ ئاسـانه
لوتفت سەرچاوەی دەریای ئیحسانه
مەعلوومـه لوتفت دەریای بێپەیـه
له بەڕو بەحرو ئەفلاکا هەیـه
سیرڕی ئەلطافت بەحەق جـاریەیه
لەنـاو ئەثـیرا لوتفـت ساریەیه
عەرش یا کورسی دۆزەخ یا بەهەشت
کێوو کۆسارو هەردەو دەرو دەشت
به یەک جیلوەی لوتف هەموی خۆش ئەبێ
گوڵی هەلاهەل دارووی نوش(١) ئەبێ

---

(١) دارووی نۆش : واتە نۆشدارو ، یانی : (تریاق) : کـه کەڵـه کێوی مار پێوە ئەدا ئاو به چاویا دێتە خوارەوە ئەو ئاوە لـه ناو

لوتفت ساریيه لەناو مەنزڵا
لە سینەی سافا لە پەڕەی دڵا
لەگەڵ ذەڕڕاتی وردی کائینات
لوطفت ثابتە بە هێزی ئایات
زەمان چ (ماضی) چ (حاڵ) چ (حاضر)
چ ئیستقبالی عەقڵی مونتەزیر
هەمووی ڕازاوەی ئەلطافی تۆیە
هەر بە لوتفی تۆ بە ڕەنگ‌و بۆیە
پەروەردگارا لوتفت کافیيە
بۆ دەردی دڵم دەوای شافیيە
(نامی) بە لوتفت پەنا ئەهێنێ
تاوانی لەلای لوتف ئەنوێنێ

الخبير

پەروەردگارا خەبیری ئەحواڵ
ڕەساو ناڕەسا نوقسان‌و کەماڵ
دیارە شەخصی مەوصووف بە نوقصان
بێ یارمەتی تۆ ناگا بە ئیحسان
ئەوەی کە بیکا لەخێرو طاعەت
بە ئیخلاصی دڵ لە ڕێی سەعادەت

= قوولکەی بەردەمی چاویا کۆ ئەبێتەوەو وشك ئەبێتەوە ، بەو ئاوە وشکە ئەڵین (تریاق) هەرکەسێ بێخوا زەهری مار کاری تێ ناکا •

نمێ لـه هـــهوری ڕەحمەتی تۆیه
کـەمێ لەدەریای نیعمەتی تۆیـه
نەقصێ ڕووناداا له خەزانەی غەیب
به تاوانباری شەخصی پڕ له عەیب
زیادیش ناکـا دەریای ڕەحمـەتت
له طاعەت کاری هەموو ئوممەتـت
سـا بۆ خـاطری ئەو ئیستیغنایه
بۆ بـەرزی پایەی ئـەو کیبریایه
(نامـی) هـاواری هێناوەتۆ بۆت
بیبەخشه به بۆی ئیحسانەکەی خۆت
تا به سەربەرزی لـەڕۆی مەحشەرا
بڕوا لـه پەنای مەولای بەشـەرا

العظيم

یاخـودای عـەظیم ، یاعظیم الشأن
یـا عظیم العرش حی لا مـکان
یا مەوجوودی حەق (واجب الوجود)
پڕتەودەر لەبۆ عالەمی (شـهود)
بەری له (قیود) موتڵەق لـه تەعریف
(مختار في الفعل) مەرجەعی تەکلیف
وکـل یوم هـو في شأن
شـأن الافعـال العلیـا الحسان

به بێ گات مەوجوود لە هەموو گاتا
بێ مەکان مەوجوود لـە کائیناتـا
بەبێ حولوولو سیرایەت لە (شیء)
موجود مع العین والعرض والفیء
کـەس ماوای نیە سەر بێنێتەدەر
نابوودێ دەرکاو بێکا بـە ئەئـەر
مەگەر ذاتەکـەی (واجب الوجـود)
خەللاقی عالەم بەڕاستی مەعبوود
نیسبەتی ئاثار بۆ غـەیری خـودا
لـە هەر شوعوورێ ببێ هوەیدا
هەرنەفامیەو ناپوختـی پـەتی
لە پەت بەربوونەو لە بەدطینەتی
سـواری ئەسپی ڕووتی هـەوایە
نیسبەتی ئیجاد لەو ماسیوایـە
قەت لەبۆ ئەسباب دامەنێ (تأثیر)
(تأثیرات) حەصرە لەخودای قەدیر

الحـــي

(یا حي) بەزاتت ئەزانم کـە هەی
دووری لە هەرچی فیکری بۆ بکەی
نەنوور نە ئەثیر نە هەتاو نە (فیيء)
هەر خۆت ئەزانی بە خۆت هەرچی هەی

(باطن) به (ذات)و (ظاهر) به (آثار)
ئەووەڵو ئاخر (عــلی الاعتبار)
ئەگــەر تاوانم زۆرەو عــەظیمە
شەپۆلی دەریای عەفوت عەمیمە
تاوانی گــەورە لای خودای گەورە
وێنــەی نمێکە لەدەریای دەورە
هێــوام بــە ذاتت وایــە بمپۆشی
شــەرابی ئیحسان بە دڵ بنۆشی

الغفور

ئەی (غفور) لەبۆ گشت تاوانباران
بێجگە کــافران خەسارەتکاران
بە فەیضی ئیحسان کەرەم بفەرموو
مەشمولم بکە بۆ ڕەحمەکەی زوو
کە عەفوت کردین عەفوێ وەهــابێ
نیشــانەی رەحمی تۆی لەگەڵا بێ
ئــەوەی مەقبووڵی بارەگــای تۆیە
لــە ڕۆژی ڕەشا بەڕەنگ‌و بۆیە

الشکور

شەکوورە یانی وەرگری ســوپاس
لەشەخسی دڵپاك خاوەنی ئیخلاس

مەعبوودی هــەموو عیبادەت‌کاران
بــە ئیخــلاصی دڵ لــە ڕۆژگاران
واجبی (ذمــە)ی خــاوەن ئیخلاصە
سوپاسی خودای عامەو هەم خاصە
چلۆن هۆشێکە هۆشی بێ هۆشێ
بۆ سوپاسی تۆ بــەدڵ نەکۆشــێ

العلی

(یا علی) عــالی بــە ذاتو صیفات
(فیاض)ی نیعمەت لەسەر کائینات
ساحــەی سینەکەم بەوێنەی سینی
خاڵی‌یە ئەگــەر کەرەم نەنوێــنی
تینــووی زولالی ئیحسانی ذاتم
نمێــکم بەســە مــاوەی حەیاتم
دەی لــــە بارانی بەهاری سامی
نمێ بنێرە بــۆ سینەی (نامــی)

الــکبیر

پەروەردگــارا پادشــای ئەکبــەر
خاوەن دەستەڵات لەسەر بەحرو بەڕ
بە مەحزی ڕەحمەت (بعثت الرسل)
بە فەیضی نیعمەت (کشفت السبل)

هەر لە ئەزەلدا بەستووتە پەیمان
ڕێگەی ڕزگاریت نیشان دا پێمان
مادام (موافق) وەراممان داوە
با تەوفیقەکەت بێتە ئەم ناوە
(نامی) بە تەوفیق ئەبێ بە سامی
بە زەوقی ئەشقی (مەولانای جامی) (١)

الحفيظ

یا (حفیظ)ی دڵ لە داوی شەیتان
یا (حافظ)ی ڕۆح لە هەوای توغیان
بمانپاریزە لە بای مەناهی
با نەچینە سەر ڕێگەی گومڕاهی
ئەمینمان بکە بە میهرەبانی
لە ئەمری نەفسو کاری شەیتانی
مەخسووس ئەوکاتە ڕۆح پەرواز ئەکا
کاتێ عەزرائیل بانگەواز ئەکا
لەڕووی ئەم دونیا دەرئەچێ بە دڵ
لەگۆڕی تەنگا ڕائەگرێ مەنزڵ

---

(١) مەولانای جامی فەرمویەتی :
بحمد الله تا بودم دراین دیر
به راه عاشقی بودم سبك سیر
واتە : سوپاس بۆ خوا تا لە دنیادا بووم ، بە ڕێگای عاشقیدا سوك‌و سۆڵ بووم .

با فریشتەی خەیر هاوڕازی دڵ بێ
چرای پیرۆزی نووری مەنزل بـێ

المقيت

پەروەردگـارا ڕاسـتە (مقیت)ی
(حافظ)و (شاهد) (محیی)و (ممیت)ی
تـۆ کائینـاتت هێنـایە وجوود
یانی غەیری تۆ نابێ بە مەعبوود
عیبادەت ناشێ (الا) بۆ (خـالق)
ذلـك الحـكم مـن الحقـائق
انی آمنت باللّه الـكريم
صاحـب الفيض العظـيم العميم
فاغفر لی ذنبـی واقبـل توبتی
واغسل بمـاء الرضـا حوبتی(١)
لە هەرچی هەرکەس خاوەن نیعمەت بێ
یا بۆ داماوێ مایەی ڕەحمـەت بێ
هـەووی بە فەیضی ئیحسانی تۆیە
ئەگەر قەدیمـە یـا چەرخی نۆیـە
(نامی) کـەوتوە لە بەر دەرگـادا
ڕێزەخورێـكە لـە بـارەگـادا

---

(١) حوبة : گوناه ٠

الحليم

ئەی پەروەردگار ڕەحمـانو ڕەحیم
(ودود)و (رؤوف) ، (صبور)و (حلیم)
خاوەن حەوسەڵە ، بۆ تاوانـکاران
تـا وادەی دیـاری لە رۆزگـاران
بـەو حیلمە کـەوا بووە بە لەنـگەر
بۆ حیفظی دوژمن بووە بەسەنگەر
حیلمت دەوای دڵ ئەهێنێتـەوە
قـارت زامـی دڵ ئەکولێنێتـەوە
بەو حیلمەت کە دات بە قەلبی خەلیل
بۆ سەربڕینی ڕۆڵـەی ئیسماعیل
بەو صەبرەی کە دات بە دڵی ئەییووب
هەتا گەیشتە مونتەهای مەطلـووب
بەندەی تۆ (نامی) پێوەندی دەردە
پووکاوەی هەوای هەناسەی سەردە
دڵ پووکاوەیە بەسـەردی جـەفا
ئەپارێتـەوە بـۆ سروەی صەفا
دڵی پرژاوە بـە شـەرارەی دەرد
بە ڕەشەبای شەڕ پڕ بووە لە گەرد
بـا شنۆی شەماڵ دابێ لەسەردا
تۆزی دڵ ببا بە هەرداو هـەردا
(نامی) لابدە لـە ڕەشـەبای دەرد
دڵ پڕ لە نوور بێو دەماغ پڕ لە وەرد

الحسيب

ئەی پەروەردگار نیگابانی عام
زانا بە ئەسرار لەلای خاص و عام
غەیب و شەهادە ، لای تۆ یەکسانن
خەفایای ئوموور لای تۆ عەیانن
مادام سەماوات لە (مطویات)ە
ئەرزیش لەقەبضەی قودرەتی ذاتە
قەت شتێ نیە لە تۆ پەنهان بێ
لەم جیهانا بێ یا لەو جیهان بێ
مادام عالیمی بە عەیب و عارم
زانای بە ئەخفای ئەسراری کارم
بە ڕەحمەتی خۆت ببەخشە (نامی)
لە بەر حورمەتی دینی ئیسلامی

الجليل

ئەی پەروەردگار (مبرأ) لە **عەیب**
لەسەر عالەمی شەهادەت و غەیب
صیفاتی سەلبی جەلالی زاتت
دەلیلن لە بۆ بەرزی صیفاتت
هەر تۆی (ذو الجلال) هەر تۆی (ذو الاکرام)
هەر تۆی بەراستی مەوصووف بە ئینعام

هـەرچی نیعمـەتێ وا لەم جیهانە
هەمووی سەرچاوەی عەینی ئیحسانە
(نامـی) بەخشـە کـەتاوانبارە
بۆ فەیضی ڕەحمەت بـە ئینتیظارە

الـکریم

کەریم سەرچاوەیت بۆ فەیضو کەرەم
تۆی (مشتق منه) بۆ نووری ئادەم
هـەر کەرامـەتێ دەرچێ لە دونیا!
لەسەما لە ئەرز لـە بەڕ لـە دەریا
هـەر خوانێ کـەوا کرابێتـەوە
گیانداری لەسـەر گردببێتـەوە
هـەر خێرێ ببێ بە هـەر بارێ بێ
بـۆ بـێدڵ یاخۆ بـۆ دڵداریبێ
هەمووی کـەرەمی زاتی کەریمە
هەمووی لـە کانی فەیضی عەمیمـە
یاسـای فیعلیتـە پەروەردگارا !
شوئوونی فیعلیت لـە ڕۆژگارا
تعـز وتـذل تعطی وتمنـع
تحـیی وتمیت تخفض وترفـع
(نامی) تا مـاوە ئەپارێتـەوە
بەڵ قاپی خەیری بۆ بکرێتـەوە

الرقيب

ئەی خودای ڕەقیب ئاگادار لەحاڵ
زانا بەبیرو باوەڕو ئەعمـــال
بێ تـەوفیقی تۆ قەت نابێ کـارێ
بێ یارمەتی تۆ سەرناچی بـــارێ
بـە میهرەبانی خـودای میهرەبان
لامانێدە لە شەڕ خودای نیگابـــان

المجيب

ئەی خودای (مجیب) بۆ حاجەتمەندان
لەبۆ سکاڵای گشت دەردمـەندان
بـۆ دامـاوانی ڕۆژگـاری ڕەش
بۆ گەدایانی بێ پارەو بێبـــەش
بـۆ پەشیمانان لـە ئۆفی تاوان
بۆ دەردمەندی فرمێسك بە چاوان
بۆ دایەو بابەیجەرگو دڵ بوریان
بۆ هیجران باری دوو دیـدە گریان
بۆ دۆستو برای لـە یەکتـر بڕاو
ئاگر تێبەربوو لە جەرگو هەنـاو
بۆ موخلیصـانی خاوەن عیبادەت
بـۆ طالیبـانی ڕێگەی سەعادەت
بەو ڕەحمـەتەی وا ئەوەند گوشادە
دڵـی تاوانبار مەسروورو شـادە

به ئیحسانی خۆت لوتفێ بفەرموو
سکالاّی (نامی) قەبوڵ بکە زوو

الواسع

پەروەردگاری (واسع الرحمة)
(فیاض)ی موتڵەق بۆ هەمو نیعمە
یا من وسعت حقا رحمتە
کما وسعت حقا نعمتە
گوشاد کەرەوەی دڵم بە ئیحسان
بۆ خدمەت کردن بە دینی ئینسان
لە تاریکی دڵ لە بەرچاو تەنگی
ڕزگارم بکە وەکو دەس تەنگی
ساحەی سینەکەم بکە بە گورسی
لەبۆ تەجەللای ئەنواری قودسی
تا سوود وەربگرم لە ژیانی خۆم
بۆ خەیری خەڵکی و بۆ ئیمانی خۆم

الحکیم

پەروەردگاری زانای تەوانا
حاکم لە عەرزاو لە ئاسمانا
ئەی خاوەن حیکمەت بێعەیب و توهمەت
لە قەبض و بەسطا بۆ خێرو نیعمەت

کـارو وتارم بـه فەیضی ڕەحمەت
بڕازێنەوە بـه سیڕڕی حیکمـــەت
چ لەئەفـــکارا و چ لـــه کردارا
حیـــکمەتدارم کـه لـه ڕۆژگارا
بێ حیـکمەت مەکـه واتەو کردارم
لە ئاثاری سووك زۆر شەرمەسارم
کە حیکمەت جێی گرت لە دەشتی دڵم
واتەی دەم ئەبێ بە بەستەی گوڵم
لـــه حیکمەتی تۆ هەرکەس بەشدارە
خاوەن ئەنواری ڕووی ڕۆژگـــارە

الودود

ئـەی پەروەردگار خالیقی مەعبوود
(ودنـــي أنت الرؤوف الودود)
مەحبووبی لای تۆ خاوەن عەلەمە
چونکە مەحبووبی هەموو عالەمـــە
کە مەحبووبت بوو ئەبێ بە (محب)
بـۆ حوببی ذاتت ئەبێ بـــه (طالب)
حـــوببی ڕەهبەرو کومـــەڵی یاران
ئەبێ بـــه بەهـــرە بۆ رۆژگـــاران
هـــەروا (تابعین) تا ئەولیـــای دین
(رضـــی اللّه عنهـــم أجمعـــین)

نامێنێتــەوە کــەسێ لەم دونیــا
حوببی پێ نەگا (حتی) لە دەرِیــا
ئەو حوببەیش ئەبێ بە حەببەی ڕەحمەت
بۆ حەوتو حەفتاو حەوصەد لە نیعمەت
دین مەحەببەتە بۆ خــودای عالــەم
بۆ پێغەمبەران ئادەم تا خاتـــــەم
بۆ گــەلی یاران ئەووەڵو ئاخر
خــاوەن کەرامات (باطن)و (ظاهر)
بۆ هەرئینسانێ لــە کــائیناتا
بە حەق بەشدار بێ لەناو خێراتا
ئــەم مەحەببەتە هــاتەجێ بۆمــان
ئەبین بە خاوەن بۆ دینو ئیمــان
(نامی) بە صەفای مەحەببەت ئەژی
ئینسانی بێ حوب یاخوا هەر نەژی

المجیــد

انت المجیـــد ذو المجـــد العظیم
انــت الکریــم بالفیــض العمیم
ذەرِراتی عالەم بێ قــەیدو تەحدید
ببن بە زمان ناگەن بە تەمجیــد
ڕەحمێ ، کــەرەمێ ، ئێمە داماوین
بە گەرمای دەشتی دووری سووتاوین

موحتاجین به حەق بۆ شەمالّی سەیر
بۆ یارمەتیمان بـۆ سـەفەری خەیـر
(نامی) لە دەریای مەجـدو کیبریا
نمێـکی بەسە بـۆ هەردوو دونیا

الباعث

ئەی پەروەردگار (باعث)ی ئەموات
زیندووکەرەوەی مردووی کائینات
خـۆت ئاگـاداری بە حالّی دلّمان
بە ئاهی سەردو دەردی موشکلّمان
دلّێ مـردبێ خـەبەردار نیە
بـۆ ئەدای (واجـب) ئاگادار نیـە
نمێ لـە هـەوری بەهاری ڕەحمەت
کافیە بۆ دلّ بـۆ بەرزیی هیممـەت
شنۆی نەسـیمی ئیرادەتمەندی
بەسە بـۆ صەفای سەعادەتمەندی
(نامی) بـەو نمەو بە شنۆی نەسیم
نەشئەدار ئەبێ بۆ یاسای تەسلیم

الشهید

پەروەردگـاری قـەریبو بەعید
وعـلی کـل الاشیـاء شهیـد

حاضـــر و ناظر ئەڕوانی بۆمان
دەی ڕزگارمان‌که له نەفسی خۆمان
له گەردەلوولی بای دونیـــای دوونا
مەمان‌دەره لای بای تۆناوتونـــا
ئەپاڕێمەوه لـــه پایەی دەرگـــات
فڕەمان مەده بۆ چای دەرەکات
ئەوەی شـــیاوه به ئیحسانی خۆت
بیده به بەندەی ناتەواوی خـــۆت
تا بێتـــه ڕیزی کومـــەڵی (نامی)
بگا بـــه فەیضی بارەگای ســـامـــی
ئەوەل تا ئاخـــر (نامـــی) ڕاجیەیە
بڕواتـــه ڕیزی فیرقـــەی ناجیـــه

الحق

یا حەق تۆ به حەق پەروەردگـــاری
سەرچاوەی ئاوی دەریـــاو ڕووباری
(واجب الوجود) خـــاوەن کـــەماڵی
بێعەیبو نوقصان شیرین جەماڵی
به حـــەقی کونهی ذاتی حـــەقی خۆت
بەو جیلوەی ڕەحمه سابته لەبۆت
(مطمئن) بـــکه دڵمان به زیکرت
بیکه به مەرکەز بۆ فەیضی فیکرت

(نامی) لابده لـه ڕەشەبای شەڕ
بیکه به مەظهەر بۆ ئیحسانو فەڕ

الوکیل

(نعم الوکیل)ی ئـەی پەروەردگار
بۆ تەوەککولدار بۆ دڵ خەبەردار
مـن یتوکـل علیـك حقـا
لا یلقی الا خیرا مـا یبقـی
دەرمکه لـه بای ئەوهـامی تەعلیل
تا به دڵ بڵێم تۆی (نعم الوکیل)
تا نزام بـگا بـه بارەگـای تۆ
ببم بـه (خـادم) بۆ بەردەرگای تۆ
تـا بڵێـم لەسـەر یەقینی دڵم
له دەشتو ساراو ماڵو مـەنزڵم
رب اشـرح صدري ویسر أمري
و نـور قلبـي وبیت قبـری
حتـی أقول قـولا بالحب
فـی الحشر نعم الوکیل ربـی
واتـه ثابتبم لەسەر ئیسلامی
(انك أنت الحافـظ الحـامـی)

القوي

خەللاقی عـالەم قـەوی بە قودرەت
خاوەن عیززەتو هەیبەتو نەسرەت
مەوجوودات هەموو بە قودرەتی تۆ
وجوودی وەرگرت بـە وێنەی شەوبۆ
صوورەتی عیلمـی زاتـی ئـەزەلی
وەری گرت وجوود لە (لم یـزل)ی
بۆنێ لـە باغچەی رەحمـەتی تۆدا
(نامی) باش ئەنوێ لە گەڵ شەوبۆدا
ڕۆح‌و جیسم و دڵ حەواسی هوشیار
بە قووەتی حەق دێنە سەر ئاثار
زەڕاتی عالـەم بێئیرادەی تۆ
نابێ بە خاوەن بوون‌و ڕەنگ‌و بۆ
دڵ بـێ تەجـەللای ئەنواری زاتت
بـەش وەرناگرێ لـە بـەرەکاتت
بە هـەموو بارێ زەعیفـە حـاڵم
دڵـم دەروونـم سـەرشان و باڵـم
دامـاوی شوعلەی ئەنواری زاتم
موحتاجی جیلوەی صەفای صیفاتـم
بـە ئیحسانی خوت پێم‌بدە قووەت
تا (نامی) بژی لەگەڵ مرووەت
تەلبیسی ئیبلیس دوورخەرەوە لێم
تا لەگەڵ تەقدیس بۆ حوزوورت بێم

(نامی) نامەی خۆی وێنەی عەرزوحاڵ
لەگەڵ سکالاّو داماوی ئەحواڵ
پێشکەشی ئەکا بە بارەگای تۆ
بەهۆی ڕەهبەری عالەم کۆنەو نۆ
ئومێدم وایە باش وەریبگرێ
تا (نامی) ڕێگەی ڕزگاری بگرێ
ئەوسا بەڕاستی زیندووی ئەبەدە
مەحبووبی زاتی فەردی صەمەدە

المتين

یا ربي یا ذا القوة المتین
انت الاله المبین المعین
به مەتانەتی قووەتەکەی زات
(نامی) دووربخە لە بای (سیئات)
نەلەخشێتەوە بە نەخشەی شەیتان
تا چڵکن نەبێ بە درۆو بوهتان

الولي الوالي المتعالي

پەروەردگاری خاوەن تەعالی
انت الولی وانت الوالی
یا متعالی فوق العوالی
منکم ولکم کل المعالی

تۆی (ولي) لەسەر مەعنای ویلایەت
تۆی سەرپەرشتو خاوەن عینایەت
تۆی (متولي) بۆ ئەفرادی خەلق
بۆ تەمێو تەعلیم بۆ تەربیەو ڕزق
وەلیو سەییدی هەموو عیبادی
والیو سەرچاوەی ڕوشدو ئیرشادی
وەلیو ناصری بۆ (مستنصرین)
دۆستی بەڕاستی بۆ (مستبصرین)
مەولاو موعتیقی ڕیقابی ئەشرار
بۆ تاوانباران دەستەی گوناهبار
بەحەقی سیرڕی ویلایەی زاتت
به حەقی جیلوەی ئەسماو صیفاتت
(نامی) ببەخشە لە تاوانباری
تابێتە حوزوور بێ شەرمەساری

الحمید

حەمیدی لەسەر ئیستیحقاقی زات
عەلاوەی جیلوەی پڕتەوی صیفات
مەعبودی بە حەق لە بۆ عابیدین
مەحموودی بە حەق لەبۆ حامیدین
یامن في کل فعال محمود
انت المحمود وأنت المقصود

لـــه هـــەر مەنبەعێ نمێ لە ڕەحمەت
کـــە بێتو بـــگا بە ئەهلی نیعمەت
هەمووی ئیحسانی (بالذات)ی تۆیە
هەمووی لە جیلوەی صیفاتی تۆیە
یانی بە (فەیضی) (واجب الوجود)
گەیشتە عالەم خەلآتی وجـــود
پێوەندی قودرەت لـــە مومکیناتا
بوو بە هۆی وجوود لە کائیناتـــا
ئیمـــکانی مومـــکین لازمی زاتـــە
عیللەتـــی نـــاوێ بەدیهییـــاتـــە
ئـــەم ئیمـــکانەیە وەسیلەی نیـــاز(۱)
بۆلای خەللاقی عالەمی مومتـــاز
حوددووثو ظوهوور ئەنجامی خەلقە
تەئخیری مەعلول لـــە عیللەت حەقە
جـــا لەبۆ پاسی ئاســـاری ئیجـــاد
بوو بە نیگابان بو هەموو عیبـــاد
قاهیرە لەســـەر ســـەری ستەمکار
ئەمڕۆ یـــا سبەی لەسەر ئینتیظار
یاســـای عـــەدالەت (ســـنة الله)یە
سوننـــەتی هەقە هەتا هەتایـــە
(مبـــدیء)ی ڕشتەی ئادەمی هەموو
بە ئیرادەی حەق زاتی ئادەم بـــــوو

---

(۱) نیاز : مەبەس لە نیاز لێرەدا پێویستییە .

هەروا بەینابەین بۆ تەمیزی عـەین
ڕەهبەرێکت نارد ئەکەوتە مابەیـن
هـەتا خـاتەمی هـەموو ئەنبیـا
موحەممەد ئەحمەد مەولای ئەصفیا
کردت بـە خـاتەم بۆ پێغەمبـەران
کردت بە ئەکرەم لەسەر سـەروەران
(نامی) یەکێکە لە ئوممـەتی ئـەو
پەپوولەی شەمعەو عاشقی پڕتەو
وا لـــە دەرگـایا ئەسوودڕێتـەوە
تۆزی عـــەتەبەی ئەسڕیتـەوە
نمێ لـــە ئاوی حـەیاتی رۆحـی
پێبدە لـەبۆ نەصـرو فوتووحـی
تـا بەردەوام بێ لـە بارەگـادا
عەتەبەبۆس بێ لە بەردەرگـادا

المحصی

تۆی (محصی) لەبۆ هەموو کائینات
چ لـە ئەرزا بێو چ لـە سەمـاوات
تـکە تـکەی ئاو یا قـەترەی باران
پایزو زستان یا خـۆ بەهـاران
گەڵای دارەکـان گیای سەر زەوی
مـادەی مەوجوودات لە بەرزو نەوی

هەموی لەلای تۆ مەکشوفەو مەعلووم
ذاتی مەوجوودو مەفهوومی مەعدووم
لەگــەڵ ئەمەشا نیعمەتت وایــە
نیعمــەتت بۆ عام دوور لە ئیحصایە
ساخوا بە حەق عمووميی عیلمت
بە حــەقی لوتفو کەرەمو حیلمت
بە خامەی کەرەم لــە بارەگای زات
لادە لــە نامەم شــوومی (سیئات)
بەئیحسانی خۆت لەسەر دەرەجات
(سیئات)ەکەم ببنــە (حسنات)
هیوام بە فــەیزی ئیحسانت وایە
مەقبوول بێ لە لات ئائەم رجــایە
بــەڵ بە ڕوو ناکی دەروونو دڵم
وەربگرم بۆ خۆم جێــگا و مــەنزڵم

المبدیء المعید

ئەی (مبدیء) لە بۆ هەموو مەوجوودات
خالیقی مەوجوود لەڕووی سەربسات
پەروەردگاری ئەجــزای کائینات
ئەمرێنی هەموو ئەربابی حــــەیات
هەموویش بە یاسای عەدالەت کاری
دێنــەوە وجوود بە ئەمــــری باری

بۆ حیسابی حەق بۆ میزانی داد
بۆ (مکلفین) لە هەموو عباد
زاتو صیفاتو (استعداد) هەموو
بە قودرەتی تۆ بۆیان پەیدابوو
وەکو ئیبدایە هێزی ئیعادە
بێ فەرقە لای تۆ ئاسانو سادە
یا من لا یضر ملکه الذنوب
ولا بالعفو ینقص محبوب
لە ئازاردانم دەرناچێ سوودی
له تاوانبەخشیم مەوجوودە جوودی
دەی بە ڕەحمی خۆت ببەخشە (نامی)
تا بمرێ لەسەر یاسای ئیسلامی
تا بە سەربەرزی بە زەوقی (شوهوود)
له سایەی لیوای سەییدی مەسعوود
بخوێنێتەوە بە ئاوازی بەرز
سەنای پڕ سەفای سوڵتانی سەرعەرز

المحیی المیت

یا (محیی) له بۆ هەموو گیانلەبەر
(حاشر)ی ئەموات له ڕۆژی مەحشەر
ویا ممیت الأحیاء طرا[1]
غنیا اولا عبدا أو حرا

---

(١) طرا : عامة : بەگشتی ٠

أحـي بالفيض العميم قلبـى
حتـى اطيـع بالقلب ربـى
امت مـانعى لسعـادتى
حتى أقـوم بالعبـادة
تا بەندەت (نامى) زيندوو بێ بە دڵ
لەگەڵ زيكرى تۆ بگا بە مـەنزڵ
هـەر بە تۆ ئەكرێ ئەحياو (اماتە)
هەرچى مومكين بێ لـە مەقدوراتە

الحي القيوم

يا (حى) تۆ زاتى زيندوو بـە زاتى
بێمـادەو مەزاج خاوەن صيفاتى
يا حى يا قيـوم يا قائيم (بالذات)
موحتاجن بە تۆ هـەموو كائينات
وەصفى حـەياتت ئەزەل تا ئەبەد
ئەدرەوشێتەوە بێ ئەندازەو حـەد
(قيوم)ى قائيم بە زاتى بۆ خـۆ
(مقيم)ى بۆ غەير عەينو ڕەنگو بۆ
قەييوميت مايەى قيامى عەرشـە
قيامى كورسىو سەماو سەرفەرشە
قـەييوم ناوێـكى زاتى خـودايە
داخلى ڕشتەى ئەسماى حوسنايە

قائیمی (بالذات) موقیم له بۆ غەیر
مەعنای قەییومەو مەنبەعە بۆ خەیر
ئـەو موبالەغە لـەم مەعنـادایە
لایقی زاتی پاکـی خـودایە
بۆیە ئەفەرموون ئەربابی کـەمال
قەییوم (مختص)ە بە خوای ذوالجلال
دەی یاقەییوومی هـەموو کائینات
عەرش‌و کورسی‌و لەوح عەرزو سەماوات
بمانپـارێزە لـە کوفرو بیدعـەت
هەتا ثابت بین لەسەر شەریعەت
لەسەر ئەو شەرعە برۆێن بەڕێدا
بـە نوورێکەوە ببێ لـە جێـدا
بمانپـارێزە لـە دوژمنی دیـن
بمانهێڵەوە بـە هێـزی تەمـکین
ببین بە مـایەی پیرۆزی خۆمـان
بۆ دین‌و دونیا بۆ ئەمـن و ئیمـان
بە تەوفیقی کـار بـە ئیرشادی عام
بەصەرفی مەعنای لەبۆ (خاص)و عام
لە کانی (ذل)دا (نامی) ئەجۆشێ
بۆ عەفوی خەتا بە دڵ ئەخرۆشێ
دەرمـانی دەردی باطین‌و ظاهیـر
هـەر لەلای تۆیە قەییومی قـاهیر
بە ڕەحمـەتی خۆت کەرەم فراوان
(نامی) ببـەخشە لە تۆفی تاوان

تا به سەربەرزی بڕوا بۆ مەحشەر
بۆ ژێر بەیداخی سەییدی بەشەر
برژێ بەسەریا لەم ڕووی دونیایە
درووی خودا هەتا هەتایە
هەم لەسەر ئالو یارانی یەکسەر
لەسەر ئەتباعی تا ڕۆژی مەحشەر
لە هەموو ئانو سەعاتو ساڵێك
بە هەموو شێوەو ڕەنگو ئەحواڵێك

الواجد الماجد

ئەی خودای واجید بۆ عەینی مەقسوود
چ لەبۆ ئەحمەد چ لە بۆ مەحموود
مەقسوودت چی بێت حازرە لەلات
چ لەعەرزا بێو چ لە سەماوات
مەقسوودم فەوزی نیعمەتی تۆیە
مەقسوودم لەوەیش ڕەحمەتی تویە
بە (فیاض)ی خۆت ئەی خاوەن ڕەحمەت
(نامی) بەش بدە لە عیلمو حیکمەت
خاتیمەی حوسنای بکە بە نەسیب
انك انت القریب المجیب
ماجیدی بە حەق (ذو المجد الرفیع)
هەر لەبۆ تۆیە ڕەحمەتی وەسیع

(نامی) بەندەکەی دەم بەدوعـایە
دوعـای بۆ ڕەزای کـاتی لیقـایە

الواحـد

واحیدی تەنیـای بە زاتو صیفات
بێ وینەو میثلن لەڕووی کائینات
هاو وێنـەت نیـیە لـە نەفسی زاتا
بێ میثلی لە ڕووی قودسی صیفـاتا
دووری لە عەدەد لە ئەجزاو تەرکیب
دووری لە تۆزی (کثرة)و تەرتیب
واحیدی (في الخلق) موختاری (في الکل)
بە بێ ناچاریو بێعەیبو (عتل)(۱)
قەت ناگەن (عقول) بە ئیدراکی تۆ
لـە باغـی فامـا وەرناگرن بۆ
مەگەر بە (فەیضی) ڕەحمەتی قودسی
بگا بە شوعلەی حوزووری نەفسی
بەندەو داماوی ئـەرزو ئەفلاکین
عـاجز لە پایەی فـامو ئیدراکین
یامـن اختص بعـز البقـا
(نامی) بەش بدە لە بەهرەی لیقـا

---

(۱) عتل : ناتەواوی ٠

الاحـد

پەروەردگارا بە حەق تۆی ئەحـەد
پاکی لـە ئەجزاو پاکی لەعـەدەد
نە یەکو نە دوو نە کەم نە زیاد
لەگەڵتا نیە بەشێوەی ڕەشـاد
ئـەو فـەردیەتە وا لـە ئەحـەدا
نیە بۆ واحیـد مەعلووم ئەبەدا
قەسەمت ئەدەم بـە ئەحەدیەت
بـە بێ نیازیت بـە (صمدیەت)
مادام کە (نامی)ت هێنایە وجـوود
با قەت لانەدا لـە خەتی (حدوود)

الصمـد

انت المعبـود الفـرد الصمـد
قەت وێنەت نیە نە یەکو نە دوو
هەر تۆی مەرجەعی لەبۆ مەوجودات
هەر بۆ لای تۆ دێ بەندە بۆ حاجات
پەروەردگـاری واحیـدو ئەحەد
دووری لە والیـد دووری لە وەلەد
ئەتۆی پەناهی هەموو مەوجوودات
ئەتۆی بێنیـاز لەبۆی کائینـات

نیسبەتت نیە لەگەل حەقایق
الا أنه انك الخالق
بابە با بردی بێ موناسەبە
دایە هاودەردە بۆ موحاسەبە
فەرزە تەنزیهت لەم پەیوەندانە
نەسەب لە خاصەی حاجەتمەندانە
لە نەقصی عەقڵەو فەسادی ئەوهام
باسی تەنزیهت لە عەلاقەی عام
واجبە بە حەق نەفیی عەلاقە
واجبو مومکین (این الرفاق)ە
بە (لا الە الا اللّه) قەسەم
بەم باسە ئازار ئەگا بە جەسەم
فەردیو صەمەدیو واحیدو ئەحەد
دووری لە تۆزو غوبارو عەدەد
لەبەر خاتری ئەسحابی (افهام)
دوورم خەڕەوە لە تۆزی ئەوهام
بەڵکو بە سافی دەروونی ئاگا
پەنات بۆ بێنم ئەی خاوەن پەنا

القادر المقتدر

قادری خاوەن صیفەتی تەئثیر
لەسەر ئیرادەی بەرزی بێ تەغییر

بـه خواستی ئـەوه (بلا معترك)
ان شـــاء فعـل ، ان شـاء تـرك
مـا شـاء اللّه كـان ومـالم
يشـأ لم يـكن حەقەو (مسلم)
قـادرو موريد لـەڕووی ڕۆژگار
نه عيجزی هەيه نه بۆی (اضطرار)
كـه هاتيتـه كـار تۆ موقتەديری
يەكسانه له لات زوهرەو موشتەری
مـانيعت نيه (قطعا) لـه كارا
كاری خۆت ئەكەی بەم بارەو بارا
ئەپاڕێنـەوه بـه دڵ بـه زمـان
بمانپـارێزه لـه سـەلبی ئيمـان
تا (نامی) لەگـەڵ برادەرانا
مەحشوربن له گەڵ نووری ئيمانا

المقدم والمؤخر

(شۆون)ی فيعليت بۆ تەعميری كەون
ناشوبهێ به كەس (اذ في البين بون)
خۆت موقەددیمی ئەوەی پێشتخست
دەرگای ئاشۆبت به سـەرا داخست
خۆت موئەخخيری ئەوەی كەوته پاش
حيكمەت غەيبيە به كەس نابێ باش

شێوەی عەمـارەی عالەمی ئیمکان
(فیهـا حـکم علی مـا قـد کـان)
مـادام حیکمـەتی وابوو کەوابێ
نابێ حوکمی کەس لیرە ڕەوا بێ
وای تەعلیم کردین سەرداری عالەم
(ربنـا احـکم وهـو الاعلم)
مادام دروستت کردین بە ڕەحمـەت
ئیمەت نایە ژێر شاڕشتەی ئوممەت
بیـکە بە نووری ڕۆژی ڕوخساری
ئەوەی کە ناردت بە سـەد نازداری
(نامی) ببەخشە لە گەردی (عیصیان)
نوورانی بـکە بـە نووری ئیمـان
براکانیشمان بـە میهرەبانی
ببەخشە چونکە خاوەن ئیحسانی

الأول والآخر

خـوا یەکەمی هـەموو مەوجوودی
(بالذات) بێ عیللەت خاوەن وجوودی
با قەت دەم نەبەین لەبۆ عەین و غەیر
انت البرهـان لأصحـاب الخیر
مادام هـەر خۆتی ئەووەڵو ئاخـر
(واجب الوجـود) قـادرو قـاهیر

هـانام هێنـاوه بۆ بابی سامی
(نامی) ببەخشه لـه بای ناکامی
ئەی پەروەردگار ئەی خوای ڕەحیم
یا (بر)ی (فیاض) به فەیضی عەمیم
تەنیـا تۆ خوامی تەنیـا تو (بر)ی
هەر تۆ سەرچاوەی ئیحسانو فەڕڕی
بمبەخشه به (سر) (بر)و (تواب)یت
بمبەخشه به (سر) ئیسمی (وهاب)یت
خۆت ناوی خۆت نا به (بر) به (رحیم)
خوت به خۆت فەرموو غەفوورو حەلیم
بمبەخشه به (فیض) (وصف) و (اکرام)ی
چـون عـەبدی خۆتم عـالم یا عامی
موسوڵمانانیش بـه میهـرەبانی
ببەخشه چونـکه خاوەن ئیحسانی

التواب

(تۆاب) و (رحیم) خودای میهرەبان
تۆبەت داناوه بۆ خـاوەن تاوان
ئەزانی (عیبـاد) خـاوەن تاوانن
بـه کـەرەم عەفوت لەبۆ داناون
گـەر تۆبەکارن ئەتۆیش (تواب)ی
ئەگەر بەدکارن (بر)و (وهـاب)ی

به موباله‌غه‌ی ئـــه‌م وه‌صفه به‌رزه
ببه‌خشه جورمی ئه‌م به‌نده هـــه‌رزه
تا (نامی) بـــژی بـــه کامـــــه‌رانی
له‌گـــه‌ڵ په‌یمـــانی دین‌و ئیمـــانی
خـــودای (منتقم) لـــه به‌دئه‌تواران
تۆڵه‌ی تاوان‌سێن لـــه ستەم‌کاران
ئـــه‌وه‌ی دوژمنـــه بۆ دینی ئیسلام
سه‌رنگون ببێ له‌ســـه‌ر (انتقـــام)
ئیسلام ئووصول‌و فوروعی به‌رزه
پیرۆزی ئه‌دا بۆ ئـــه‌م سه‌ر ئه‌رزه
ئـــه‌وه‌ی ئه‌یه‌وێ کـــه بیفـــه‌وتێنی
ئاگری (تۆڵـــه) بـــا بیسووتێنێ
ئاســـانه بۆ تۆ تۆڵه‌و (انتقـــام)
به مه‌وت‌و فـــه‌ناو ئه‌مراض‌و ئه‌سقام
وا (منتقمی) هـــه‌م (مقتـــدر)ی
ئیسلام سه‌رکه‌وێ به (منتصری)
وه‌ها ئێمه‌ت کرد به سوپای ئوممه‌ت
نه‌سره‌تمان بده به لوتف‌و ڕه‌حمـــه‌ت
لـــه‌به‌ر خاتری چرای ڕووی عاله‌م
فه‌خری (مرسلین) ڕه‌سوولی ئه‌کره‌م
پێمـــان ببه‌خشه نوورێك له‌و چرا
تا دڵ ڕوونـاك بین له هه‌ردوو سه‌را
(نامی) بێته ڕیز لای ئه‌هلی ته‌فهیم
نورهـــم یســـعی بیـــن أیـــدیهم

(سراج)ی (منیر) صیفه‌تی ئـه‌وه
به‌شمان پێ بده تۆ لـه‌و پڕتـه‌وه

العفو

(یاعفو) عه‌فوت قـه‌ت دوایی نایه
هـه‌ر به‌رده‌وامه هـه‌تا هـه‌تایه
ده‌ریای عـه‌فوی تۆ شه‌پۆلی وایـه
شـامیلی هه‌موو ده‌وری دونیایه
(ماعدا)ی (اشراك) له‌و ده‌وروبه‌ردا[1]
قـه‌له‌می عـه‌فوی دێنی ، به سه‌ردا
عه‌فوی گوناهان هه‌مووی ئاسـانه
ذاتت مه‌نبه‌عی عـه‌فوو ئیحسـانه
صیفاتی سه‌لبیت نیسبه‌ت به ئیجاب
ئه‌و پێنج‌و ئه‌م حه‌وت به یاسای حیساب
بانی ڕه‌حمـه‌تت گه‌لێك گوشاده
مایه‌ی لـه قـارت گـه‌لیك زیـاده
بۆیه میفتـاحی قورئانی که‌ریم
بوو به (بسم الله الرحمـن الرحیـم)
تازه‌ت کرده‌وه شه‌عاری ڕه‌حمه‌ت
له‌ناو قورئانا سووره‌ت به سووره‌ت
سووره‌ی به‌رائه‌ت له‌گه‌ڵ کافر بوو
هه‌یبه‌تی غه‌زه‌ب له‌وێ وافیـر بوو

---

(١) مه‌به‌س له ده‌وروبه‌ر : ته‌وحیده له ذات‌و صیفات‌و ئه‌فعالا ٠

(رحمتی وسعت کـل شیء) بـه‌س
بۆ ڕه‌جای ڕه‌حمه‌ت له خودای ئه‌قده‌س
ده‌ی سا به سیڕڕی ڕه‌حمان‌و ڕه‌حیم
(نامی) لابده لـــه ناری جـه‌حیم

الرؤوف

ئـه‌ی په‌روه‌ردگار ڕه‌ئووف‌و لـه‌تیف
تلطف بنـا فـی باب التـکلیف
لا تکلفنا فـی دور الآفـاق
باسـتیلاء أصحـاب النفـاق
که‌فه‌رموت له‌بۆ ڕه‌سوولی کـه‌ریم
بالمؤمنین رؤوف رحیـم
مه‌عنـای ئه‌مه‌یه ده‌رگای شه‌فاعه‌ت
وازه بۆ ڕه‌ســوول ڕۆژی قیامـه‌ت
ئه‌و کاته ئوممه‌ت دێنه سه‌ر نه‌هات
به جیلوه‌ی هه‌یبه‌ت له سه‌ر عه‌ره‌سات
ئه‌و دێته حوزوور سوجده‌ت بۆ ئه‌با
بۆ ڕزگاری عـام تـکات لێ ئه‌کـا
تا نیـدای بۆ دێ (رأسـك ارفـع
سل تعط المنی اشفـع تشفـع)
جا به‌تـکای ئه‌و بۆ ئوممه‌ت هه‌موو
ڕزگاری بۆ دێ عالـه‌م زووبه‌زوو

لەمعەی شەمعی ئەو (نور الانوار)ە
یەکێ ئەندازەی هــەزار ملیــارە

دەی بۆ خــاتری شای (نور الانوار)
(نامی)و برایان ببەخشە لــە نار

سا بە نووری حــەق برۆین بەڕێدا
بێ کەس نەکەوین هەرگیز لــە جێدا

ذو الجلال والاکرام

یــا ذالجلال ویا ذالاکرام
انت الملاذ حسبما یــرام

وەصفی جەلالیت سەلبین (بالتمام)
وەصفی جەمالیت ثبووتین بەعــام

بــەجیلوەی نووری باقــی صیفاتت
کــە پڕتە بەخشن بۆ دەرکی زاتت

صیفەتی نەفسیت وجوودێکە (خاص)
کە فەهمی ناکەن بە غەیری (خواص)

صیفاتی سەلبیت وەحدەتو قیــدەم
بەقــای ئەبەدی (بالوجــە الاتــم)

قیامی (بالذات) ئیستیغنا لە غەیر
بێ موماثەلەی کائینــاتی خــەیر

صیفـاتی زاتیت (سبع کـاملات)
(احق سبعك) ڕەمزە بۆ صیفـات[1]
صیفاتی صـافی بەرزی مەعنەوی
(اعتبـارات)ی واقیعـی قـەوی
کونك حیـاً الی الاخیـر
(خیر المثـال)ە لـە بۆ تـەقریری
صیفـاتی سەلبی هەموو جەلالی
صیفـاتی ثبووت هـەموو جەمالی
هەردوو بەشەکان جەلالی و جەمـال
تەعبیرن لە بۆ صیفـەتی کەمـال
خودایا بە حەق هـەموو ئەوصافت
بە جـاهی بەرزی هەموو ئەشرافت
(نامی) ببەخشە لـە گـەڵ یارانا
لەگـەڵ ئەحبـابو بـرادەرانا
تا بێنە حوزوور بە ئەمن و ئیمـان
وەربگرن بەهرەی عیززەتو ئەمان

مالك الملك

(مـالك الملك) بۆ تۆ دێتـە جێ
چون شتێ نیـیە لە حوکمت دەرچێ

---

(١) احق سبعك : پیتەکانی یەکەمی (صفة)ە زاتیـیەکانی خـوای کۆ کردوەتەوە : أ : ارادە ، ح : حیاة ، ق : قدرت ، س : سـمع ، ب : بصر ، ع : علم ، ك : کلام ٠

لمن الملك اليـوم استفهـام
بۆ (اعتراف)ی (خواص)و عـەوام
ئەووەڵو ئاخـر (ملك)و (مالك)
خـودایا هەر تۆی (والباقی هـالك)
چۆن ئەشێ مێشێ بڕوا بە نوورا
بڕوا بە کوورەی تەنووری سوورا
کێ هـەیە یارای مالیکی ببێ
مـادام نیشانەی هالیـکی ببـێ
مالیك بۆ مـادە مەلیك بۆ مەعنا
هـەربۆ تۆ ئەشێ (ربی سـمعنا)
کەس نەڵێ مـەلیك یا خـو مالیـکم
با بە دڵ بڵێ بەنـدە هالیـکم
هەرکەسێ وەهمێ بڕوا بەسەریا
بەرگی گـەورەیی بکرێ بەبەریا
دێتـە خوارەوە لەسەر تەختی عەرش
ئەبێ داکەوێ لە سەر فەروەی فەرش
قـل اللهم مالك الملك
ئەخوێنرێتەوە بۆ خۆش مەسلەکی
سا خودا بە حەق مولکی زاتی خۆت
بەو سەڵتەنەتە کـە (ثابت)ە بۆت
بمانپارێزە لـە دەستی شەیتان
بۆ سەعاتێ دڵ ئەبێ بە قەیتـان
تەوفیقمان بدە بۆ خزمەتی دین
بە دڵو بە دەم بە خامـەی نووسین

بەڵ ڕوومان ببێ ڕوومان دەرکەوێ
چاومان بە چـاوی ڕەهبەرمان کەوێ
لـە سایەی ئالاّی ذاتی خۆش لیقـا
بـگەینە پایەی دینی (ذی‌البقـا)
(نامی) طالیبـە بۆ زەوقی جامی
پێی کەرەم فەرموو حوسنی ئەنجامی

الجامع

پەروەردگـاری جـامیع بۆ کەمـال
مانیع لەوەصفی نوقسانی ئەحوال
اجمـع شملنا فـی سیر الاحوال
وامنـع فصلنا عن خیر الاعمـال
واجمعنـا بمـن یحب جمعك
وامنعنـا عمن لا یـری سـمعك
واحشـرنا تحت لـواء الرسول
ذلك معنـی حصـول الوصول

الغنی المغنی

ئەی پەروەردگار (غەنی) لە عالەم
لە ئەهلی فەرشو لە عەرشی ئەعزەم
الیك ربـي نحـن الفقراء
وافقـرنا القـوم الـکبراء

وانت المغنـــی لمن قـــد تشاء
ئەگەر گـــەدا بێ ئەیکەی بە پادشا
تۆی (موغنی) لەبۆ هەرکەس بتەوێ
لەدونیـــاو دینـــا پایەی نانەوێ
صیفەتێ بشێ لـــە بۆ (عیبادەت)
نیعمەتێ بشێ لـــە بۆ سەعـــادەت
پێمان کەرەم کە ئەی خودای (موغنی)
ئەی خاوەن عەتا بۆ مـــادەو مەعنی
لەعیززەتی نەفس لە قووەی قودسی
لە ئیستیقامەت لە بەهرەی شەخصی

الضار النافع

پەروەردگـــاری جامیـــع و مانیـــع
ئەتۆی زیانـدەر هەرئەتۆی نافیع
هەر تۆی ئەساسی بۆ زیانو سوود
هەر لەلای تۆیە گەنجینەی مەقسوود
بە بێ خواستی تۆ لێم نادا خـــارێ
بێ مەبەستی تۆ نەکراوە کارێ
ســـوودو زیانمـــان بە ئیرادەیە
ئەگـــەر ئیبـــادە یا ئیفـــادەیە
نەفعو زەرەرت دوور لـــە توهمەتە
هەمووی سەراسەر پڕ لە حیکمەتە

دەی بە لوتفی خۆت لامدە لە زەرەر
بە جاهی پایەو مـایەی پێغەمبـەر
نەفعـم بدەرێ بـە وەزعێکی‌وا
سەربەرزم بـکا کـاتێ ڕۆژئاوا
(نامی) دامـاوەو پەنای هێنـاوە
هـەناسە سارداوەو گەرمە هەناوە
بـۆ برایانـی دینـی ئیسلامی
بـە نەفعی شامیل بۆ خاص‌و عامی

النور المبين

ئەی نووری هەموو ئەرزو ئاسمان
بە نووری جیلوەو تەجەللای ئیحسان
میشکاتی نووریش ڕووی کائیناتە
عەرش‌و کورسی‌و عەرز گشت سەماواتە
صووورەتی عالەم ڕەهبەری بەرزە
ڕەحمەتی هەموو سەماو سەر عەرزە
میصباحیش نووری ڕیسالەی عامە
زەیتیش تەوفیقی خودای عەللامە
بە فەیضی قودسی وەهات داگیرسان
پڕتەو ببەخشێ بۆ هەردوو جیهان
چـرایەکی وا ناکوژێتـەوە
تا با لێی‌بدا بـەرز ئەبێتـەوە

هەرچەندە (نامی) دڵ چاو لە خــەوە
بیکە بە (خادیم) بۆ ئەو پڕتــەوە
دونیا سەراسەر بــە جۆش‌و تاوە
جێگەی سێبەریش وێنەی هەتاوە
بێجگە لــە تاوی ئــەم هــەتاوانە
(نامی) ســووتاوی تاوی تاوانە
بە ئیحسانی خۆت یا خودای ئەکبەر
چــەتری ڕەحمەتی دانێ لــە ڕاسەر
ســێبەری شامیل بۆ سینەو سەرم
بەردەوامیش بێ هــەتا مەحشەرم
برادەرانیش لــەو ڕەحمــە عامــە
بەشدارمان بــکە هــەتا (قیامــە)

الهادی

ئەی هــادی لــە بۆ عاکیف‌و بادی
(انك انت الرؤوف الهـــادی)
بەندەم سەرگەردان لە دەشت‌و دەرا
ئەگریم من لەسەر دووری دڵبــەرا
ئەگریم من لــەبۆ چرایەك بۆ دڵ
وەکو برابێ بۆ مــاڵ‌و مــەنزڵ
هــاتیف پێم ئەڵێ بڵی یا هــادی
(انك انت رب العبــاد)

هیدایەت بۆ حەق صیفەتی تۆیە
وصوولی مەحصوول ئیحسانی تۆیە
هیدایەت بەڕووی شارەزا کردن
ئەسبابی زۆرە تا کاتی مردن
دایەو بابەیەو مامۆستای دەرزە
ئەمجارە هاوڕێی پانایی عەرزە
ئەمجار زوروفی چەرخی زەمانە
ئەمجارە مەکان باشیان بزانە
ئەمجا مورشیدی دڵ خاوەن حوزوور
ئەوەی کەسینەی پڕ بوە لە نوور
دڵێك ئەڕوانێ بە بارەگادا
دەستی وا لە دەس (رسول الله)دا
مەئموری حەقە بۆ ئیرشادی عام
بۆ خزمەتکاری ئوممەتی ئیسلام
تابە مولاقات یا فەیضی حوزوور
دەروونی (نامی) پڕبکا لە نوور

البدیع

یابدیع الارض مع السماوات
موبدیعی عەرش‌و کورسی‌و کائینات
ئەتۆی ئیرادەت بە حەق هاتە سەر
خەڵقی کائینات ئەمسەر تا ئەوسەر

بۆیە کائینات (بالجملة) یەکسەر
تەسبیحت ئەکەن (اللّه اکبر)
تا بۆ تەوحیدت بە دڵ بکوڵێن
تا (لا الە الا اللّه) بڵێن
جادورستت کرد گەلی ڕەهبەران
بەفەردو عەدەد لە ڕۆژگاران
سەرحەلقە ئادەم (صفی اللّه)بو
خاتەم (محمد رسول اللّه)بو
جیهانیان پڕ کرد لە نووری ڕەحمەت
هەرکەس بەقەد خۆی بە پایەی هیممەت
سا خودا بەحەق عینایەتی خۆت
سیڕڕی ئیبداعو ڕیعایەتی خۆت
بەحەقی نووری دەروونی ئادەم
بە نووری سینەی ئەحمەدی خاتەم
بە نووری دڵی ڕەهبەران یەکسەر
بە دۆستانت لەوسەر تا ئەمسەر
(نامی) ببەخشە لە تووڵنی تاوان
نووری پێبدە بۆ دڵو چاوان
وەها بەحیکمەت دروستت کردین
لە کەتمی عەدەم مەحرووست کردین
وەها لایقە بە فەیضی مەنان
بەشدارمان بکە لە ئەمنو ئیمان
هەتا دەس بەدەس نەوەك دەربەدەر
بگەینە دەستی بەیضای پێغەمبەر(ص)

ئــەو پێغەمبەرەی ڕەهبــەری عامــە
حــامیلو حــامی نووری ئیسلامە
(نامی) وەرگری بە دەستی کــەرەم
بۆ لیقــای بەقای حەزرەتی ئەکرەم

الوارث الباقی

ئــەی پەروەردگــار واریثی باقی
بۆ هەموو عالەم (لاقی) یا (باقی)
بەقــایەکی وا لایقــە بــە تۆ
هەر بۆ تۆ ئەشێ نەك بۆ غەیری تۆ
بەقــای عالەمی دۆزەخو جەننەت
ئەو لەبۆ زەحمەت ئەم لە بۆ ڕەحمەت
هەمووی تابیعی بەقــای خودایە
ئاثــاری زاتــی بــێ ئینتیهــایە
جا ئەهلی کوفران لە فەڕ مەحرووم
ئەهلی ئیمانیش بەڕو مەرحوومن
ئەو حیرمانەیە فــەزەعی ئەکبــەر
ئەم ئیمانەیە ڕەحمەتی ڕەهبــەر
(نامی) ئــەناڵێ (أمــان الأمــان)
بۆ دووریی کوفرو نزیــکی ئیمان

الرشيد

ئەی پەروەردگار ڕەشیدی موتلّەق
به عیلمو حیکمەت بـە عەدالەو حەق
لـە جیلوەی ڕوشدی خودای عالەمە
ڕوشدی (جن)و (ئینس) زۆرە یا کەمە
به ڕێـگەی ڕوشدا به لوتفو کەرەم
بمانبە بۆ خۆت ئەی خودای ئەکرەم
هەرکەس لەو ڕوشدە به دڵ بەشدارە
بۆ هەردوو عالەم باش بەختیـارە
ساخـوا (نامی) عەبدی مەجیـد بێ
بەئیحسانی خۆت ڕۆحی ڕەشید بێ

الصبور

ئەی خودای خالیق ئەی خودای صەبوور
ئەی خودای جامیع بۆ ئەقسامی نوور
جامیعی خـەیری هـەردوو عالـەمی
جـامیعی بەهرەی بـەنی ئادەمـی
صاحیبی صەبری به هەموو ئەحوالّ
له گەڵ ئەهلی دین یا ئەهلی ضەلال
ئەو صەبرەی کەتۆ ئەیکەی له عالەم
حیرەت دەرئەخا بۆ هەمووی سەرجەم
شمەکێ لـەوە بۆ هـەموو ئافـاق
ببێ دائەنرێ به (ام الاخـلاق)

هــەرچی ئەخلاقی بەرزی بەشــەرە
مەنشەئی صــەبری قەزاو قەدەرە
صــەبر بەڕاستی (ام الاخــلاق)ە
هــەتاوی بەرزی هــەموو ئافاقــە
هــەرچی ئەنوارە بۆ دڵی ئاگاە
لــە صــەبرەوە دێ (بلا اشــتباە)
صــەبوور بەڕاستی زاتی خودایە
هەر صەبری خودا صەبرە بە مــایە
صــەبر لائیقە لــە بۆ زاتی ئــەو
وا لەگــەڵ عیلمو ئیدراکــاتی ئەو
لەگــەڵ ئەو هەموو نیعمەتە ئەیدا
لــەلای عــالەم دا ئەبێ هوەیدا
هێــزی وجوودو فەرەحو سروور
دیمەنو ئەخلاق عیلمو حیلمو نوور
ئەیاندەی بە خەڵك بە مەحزی ئیحسان
هــەتا ناقیصێ ببێ بــە ئینسان
کــەچی لــە باتی سوپاسی خــودا
ئینــکاری نیعمەت دێنێ بە ڕوودا
ئینــکاری زاتو تەجــەللای زاتی
ئینــکاری فەضلی ڕووی کــائیناتی
ئەگەر صەبری حەق نەبێ لە کــارا
عالــەم نایــەڵێ لــە ڕۆزگــارا
(واقعــا) ئەتۆ بە حــەق صەبووری
سەراسەر حیلمو حیلمی مەستووری

یـا دائەپۆشی تاوانـی بەدکـار
تا لـە دونیـادا نەڕوا شەرمەسار
یا عەفوی ئەکەی بە فەیضی ئیحسان
یامولّەت ئەدەی بـە ئەهلی تاوان
جـا ئایا ئەمـە بۆ غـەیری خـودا
چلۆن قابیلەو چلۆن دەس ئـەدا
بەڵی وائـەبێ بەعزێ ستەمکار
کـە هاتو گرتی لەسـەر قینو قار
بـە داوی غـەزەب وەهـا ئەیگرێ
بەرەڵلاّی ناکـا هەتاکو ئەمرێ
ئەڵێی نامیسـە(١) لـە ملی مـارا
نەفەسی ئەگرێ لـە ڕۆزگـارا
ئەمـەیە مەعنـای (ما له أنصار)
لـەبۆ ئینسانی هـاری ستەمکار
بـە بەراوردم لـە ڕۆزگـارا
نەمـدی ڕزگـاری له ستەمکارا
بەعزێکیان ئەگرێ بە چەرمەسەرێ
قـەت بەری نادا هـەتاکو ئەمرێ
بەعـزێ کوتوپڕ ئـەدا لـە ملی
ئـەدا بەعـەرزا قەوارەی زلی
بەڵام بە وادە کـە وادەکەی هات
مۆڵـەتی نادا بەڕۆژ یا بـە سات

---

(١) نامیس : کرمێکە لە ولاّتی میسرا هەیە، دوژمنی مارە کە خـۆی ئەپیچی بە ملی مارا بەرەڵای ناکا تا ئەیخنکێنی .

جـا خودا به حەق صەبووری زاتت
به حـەقی جیلوەی حیلمی صیفاتت
له صەبرو صیدقی به ئیستیقامەت
کەرەم کـە لەبەر ئەجری قیامەت

الصادق

ئەی خودای (صادق) به هەموو مانا
ئەمەیش مەعلوومە لای عەقڵی زانا
هەتا نووری حەق لەسەر دڵ هەڵێ
(ومـن اصـدق مـن اللّه) بڵێ
صـدقت حقـا مـع النبيين
فنصـرتهم فـی الدنيـا والدين
صـدقت مـع القـوم المؤمنين
صـدقت مـع القـوم الكافرين
ئەوان ئەنێری بۆ دوزەخی زشت
ئەمان ئەسپێری به باغی بەهەشت
بێفەرقـە لەلات لاتێ یا شـایێ
ئینسانی دارا لەگـەڵ گـەدایێ
سا خودا به حەق سەبرو سەدەقەت
به قەد وەفای خۆت لەسەر وەعدەکەت
(نامی) ببەخشە لـە نەخشی تاوان
تا ڕسوا نەبێ لـە کۆڕی پیـاوان

هـەروا ڕەحمـەتی عامت بنێرە
بۆ برادەران لـەوێ یـا لێرە
ئەی پەروەردگار سەتتاری عویووب
حافیظی ئەسرار غەففاری ذونووب
داوا ئەکەم لێت لەسەر پەردەی غەیب
عەفوی تاوانو داپۆشینی عەیب
وەکو تائیستا عـەیبت پۆشیوین
وا تاوانیشت بە حـەق بەخشیوین
ئومیـدم وایـە تا وام لـە دونیا
ئیحسانت بۆمان بـکەی بـە دەریا
تا ئـەو سـەعاتە ئەگەینە ئاکـام
ئاخرمان بینی بەحوسنی خیتـام
ئەمجـا سوپاسم بۆ خـودای بینا
بەقەد ئەسراری گشت ئەسمای حوسنا
هیـوام وەهـایە وا ئیحصام کردن
ببنـە شاهیدم لـە کـاتی مردن
هەزاران سوپاس بۆ ذاتی خودا
لەسەر مونتەهاو لەسەر موبتـەدا
هـەزار دروودم بۆ ذاتی ڕەهبەر
فورستادەی حەق بۆ پەریو بەشەر
بۆ ڕەهبەرانی عالەم سەراسەر
بو ئالو بەیتو یارانـی ئەنوەر
جا عەرزت ئەکەم ئەی خـودای بینا
دەس بەردار نابم بە ئەسمای حوسنا

(توسل) ئەکەم بە ئەسمای ڕەسوول
دەلیلی ڕەحمەت ، وەسیلەی وصوول
چون ئەو ناوانە یەك یەك ناوێکن
بۆ مەوجی ئەنوار خاوەن تاوێکن

محمد

جا تکا ئەکەم بە سەعدی سەرمەد
مایەی پیرۆزیم ناوی محمد (ص)
ئەو ناوەی نەقشی هەیە لەعەرشا
پڕتەو ئەبەخشێ بە ساحەی فەرشا
ئەو ناوەی لەگەڵ ناوی خودادا
ڕوکنی طاعەتە لەلای عیبادا
ئەو ناوە ڕوکنە بۆ دینی ئیسلام
شەهادەتەینی پێ ئەبێ تەمام
ئەو ناوەی کەوا خودای بێنیاز
ناردیە سەر عەرز بە قەدرو ئیعزاز
ئەو ناوە نووری سەماو زەمینە
لەبۆ (رحمة للعالمین)ە
ئەو ناوەی کە بوو لەناو تەوراتا
بلاوکراوە لە کائیناتا
ئەو ناوە کە هات لەگەڵ ئینجیلا
بۆ موژدەی عیسا لەگەڵ تەنزیلا

کــه ئیلهامی کرد خالیقی صــهمهد
بۆ جهددی ئهمجهد یانێ (محمد) (ص)

احمــد

جــا ناوی ئهحمهد بهشارهی عیسا
تاج بوو له سهری بهرزیی ڕهئیسا

محمود

ئهمجــاره مهحموود ناوی ئاسمان
لــه لای فریشتهی پاکی بێگومــان
ئــهو ناوهی کــهوا لــه ســهماواتا
نوور پهخشانی کرد به کائیناتا
ئهو ناوه خــودا ئیختیاری کــرد
بۆ ستایشی ئیعتیباری کـــرد
ئهوناوهی کــه بوو به دهوای ئهلهم
بوو به هــهتاوی دهروونی عالهم
ئهو ناوه ئهکــهم به ناوو نیشان
بۆ وهسیلهی خهیر ڕهههبهری ذی شأن
بــهو ناوه تــکا ئهکهم خــودایا
بانــگی پێ ئهدرێ لــه ڕووی دونیادا
(نامی) بۆ دهرگات پهنای هێناوه
به تــکاکاری ئــهو خــاوهن ناوه

به صەفای سینەی بێتۆزو کەدەر
بـە وەفای دینی ڕەهبـەری ئەنوەر
اشرح لی صدری وارفـع لی قـدری
ویسـر امـری ونۆر قبـری
بەوناوە ڕوکنە لـە نۆیژی عەبدا
تـەرکی موبطیلە لە کاتی عەمدا
ڕۆ لە ئەنا بوو بە صیغەی کەثرەت
چ کـاتی غەیبەت ، چ کاتی حەزرەت
یانی (محمـد) ڕەهبـەری عـالەم
تاجـی شـەرەفی حەزرەتی ئادەم
کە کردی بە هۆی ڕزگاریی بەشـەر
ئەوەی بەشی بوو دەرچێ لـە خەتەر

وحیـد

خودا بە پایەی ڕەسوولی وەحید
مایەی تەرویجي کەلیمەی تەوحید
یانێ لەقەبت دانا بـە وەحیـد
چونکی وەحید بو بۆ نەشری تەوحید
یەقین ئەو زاتە فەردی جیهان بوو
مەحرەمی سیرڕی ذاتی یەزدان بوو
دەردی دەروونم باطین وظاهیر
شیفای پێبدە بە لوتفی باهیر

دامنێ له سایەی نووری محمد
تاپڕتەو لێمدا تا کاتی ئەبەد

سید المرسلین

ئەوەی سەییدە لەبۆ مورسەلین
ئەوەی خاتەمە لەبۆ (نبێین)
ئەوەی سەییدی بەنی ئادەمە
مەعلوومی ئەهلی عیلمی عالەمە

خاتم النبیین

ئایەی (ولکن رسول اللّه)
هەتا هەتایە بەسە بۆ جاهی

رحمة للعالمین

ئەوە (رحمة للعالمین)ە
ئەوە ئیمامی گشت موتتەقینە

قائد الغر المحجلین

قائیدی (غری) (محجلین)ە
سەییدی ئەهلی شەرەفو دینە
یانی دەسگری گەلی مؤمنین
دەستو پێو ڕوخسار سپیو نازەنین

جوانی ئەعزایان لەبەر دەس‌نویژە
شەخصی بێ دەسنوێژ گڵۆڵەی گێژە
یانی دەسگری ئەهلی طاعەتە
ئەوەی سالیکی ڕێی شەفاعەتە

کاشف الکرب للمکروبین

(کاشف الکرب للمکروبین)ە
چونکە (شفیع للمذنبین)ە

غیاث المستغیثین

ئەوە (غیاث المستغیثین)ە
ئەوە صادیقەو ئەوە ئەمینە

الطیب الطاهر

(طیب)و (طاهر) بە ناوو بە زات
ئەوە سەرچاوەی فەیضی بەرەکات

النبی الامی

گەلی عەجیبە کە نەبی ئوممی
بوو بە سەرچاوەی فنوونی عیلمی
لەگەڵ ئەوەدا نەخوێندەوار بوو
ئوستادی دەرزی گەلی هوشیار بوو

القرشی الهاشمی

نەبی قورەیشی هاشمی نەسەب
خولاصەی عالەم عەجەمو عــەرەب

المکتفی والکافی

ئــەوە موکتەفی بە فەیضی خودا
کافی بۆ فەیضی ئەنواری هــودا

المــــاحی

ئەوە (مــاحی)یە بۆ حــاڵی تاوان
بۆ یەکی بە دڵ بێتەوە نــاوان

القیــم

ئەوبوو (قیم) بوو بۆ دینی خــودا
بۆ تەبلیغــاتی ئایاتی هــــودا

المحیی

ئەوبوو (محیی) بوو بۆ دڵی مردوو
بە مــەرجی ئیمان بەبێ یەک‌و دوو

شفیع المذنبین

ئــەوە (شــفیع للمذنبین)ە
بڕۆ بوخــاری بــەدڵ ببینــــە

چاو هەتا خێـــل بێ دڵ خاوەن حاڵە
هـــەر دڵە خاوەن عـــەقڵو کەماڵە
لەسەر ڕەحمی تۆ ئەکـــەم ئیعتیماد
بۆ تکاکاری شەرچاوەی ئیرشـــاد
حـــەیای تـــکاوە شەخصی بێ حەیا
مونـــکیری تـــکای شاهی ئەنبیا
لەبۆ (ابراهیم) کە نار بوو بە نوور
موسا ڕاوەستا لەسەر کێوی طوور
عیسا ئیحیای کرد جەسەدی مردوو
بۆ پایەی ئەحمەد مەکە یەکـو دوو
خودا تەجەللای خستە ســـەر بەندە
چ (ابن عمران) چ خـــدری زیندە
عەبدی خۆی ئەکا بە غەیثی ڕەحمەت
ئەیکا بە (غیا ث) بۆ هەموو ئوممەت
کە قەترەی باران غەیثی (مغیث) بێ
شای ڕۆزگاران ئەبی ڕەئیس بێ
سیرڕی قودرەتی زاتی (لم یزل)
ڕووی کردە هەرکەس جەلیلو (اجل)
ئەیـــکا بە (مظهر) لەبۆ کەرامـــات
(خـــذ ولا تغفل هیهـــات هیهـــات)
ذاتێـــکی وەهـــا بە ئەمری خودا
عالەمی هەستان لە گەرمـــە خەودا
بیـــداربوونەوە بۆ (جهد) و (جهاد)
بو (علم)و (تعلیم) بۆ (وعظ)و (ارشاد)

هیوام بەهێزە کە ڕۆژی مەحشەر
بمانخاتە ژێر خولاصەی بەشەر

الظاهر المظهر

زاتی ظاهیر بو بەحەق (مظهر)
بۆ قەلبی ئوممەت (باطن) و (ظاهر)

الناصح

ئەو پێغەمبەرەی بە حەق ناصیح بوو
بۆ دەرگای ئیرشاد بە حەق فاتیح بوو

النصیح

نەصیحو موخلیص بۆ دینی ئیسلام
بە ڕەوشتی بەرز بە یاسای ئیکرام
وای نەصیحەت کرد سەییدی عالەم
بۆ جینو ئینسو عالیمو ئەعلەم
کێ (متمسك) بێ بە (عروە)ی (تقی)
(متمسك)ە بە (عروە)ی (وثقی)
دەستەوێنێکە دەستی پێ بگرێ
لەسەر پیرۆزیو سەعادەت ئەمرێ
لە کاتی حەشرا سەر ئێنێتە دەر
بە خۆشی ئەڕوا بۆ دەشتی مەحشەر

بـــه بێزەحمەت‌و خەم‌و دەردی‌سەر
ئەگاتە سایەی لیوای پێغەمبەر
یانی سێبەری سەربەرزی ئەمجەد
ئالای بوڵەندو بالای محمـــد (ص)
ئاخ لـــەو لیوادا بەشەوق‌و شادی
باش ئەم خوێندەوە نەوای ئازادی
(نامـــی) دەمێـــکە ئومێدی وایە
لـــەویا بانگ بـــکا لەو خاوەن پایە
ئـــەی ڕەهبەرەکەی عالیم‌و عـــامی
لابکەرەوە بەرەو روی (نامـــی)
خدمەت‌کارێـــکە بەذەوق‌و عوشرەت
لەبەر عەتەبەی دەروازەی حەزرەت
بەڵـــکو سروەیەک لە بای فەیرۆزی
بۆ مـــن ببێتە مـــایەی پیرۆزی

النور ... السراج

ئەی (نور)ی (مبین) (سراج)ی (وهاج)
ئەی چرای شەوی (اسراء)و (معراج)
لە (مکە) تا قودس بەسەر بوراقا
تا دەرچووی بەسەر (سبع الطباق)ا
ئەمجا ڕەفرەف بۆ مەصعەدی عورووج
(لمـــا لـــم یمـــکن فوقـــه الخروج)

موناجاتت کرد به نەجوای شەخصی
له بەر بارەگای بێهەمتای قودسی
تاگەڕایتەوە لە گەڵ دەرەجات
به پێنج فەرزەوە بە چەن موناجات
زاتێ کەنووری چرای عالەم بێ
تاجی شەرەفی بەنی ئادەم بێ
(سراج)ی (منیر) عالەمئارا بێ
ڕۆحی کارەبای ناو بارەگا بێ
ناکوژێتەوە هەتا هەتایە
نوری (محمد) چرای دونیایە

الهدی

چرای (هدایە)و نووری لامیعە
بۆ خەیری دین‌و دونیا جامیعە
چرای عینایەی جامیعە لەبۆ
هودای ڕەهبەران لە کۆنەو لە نۆ
(فبهداهم اقتده) بگرە
لەسەر ئەو ڕێگا بەڕەحمەت بمرە
چرایەک خودا هەڵیگیرسێنێ
بۆ هەردوو عالەم (ضیا) ئەنوێنێ
ناکوژێتەوە بە عەونی خودا
ئەسووتێ هەرکەس دەستی لێ بدا

الفاتح

تەعریف ناکرێ بە شــەرحی زمــان
فاتیح بوو بۆ خەیر بۆ ئەمن‌و ئەمان
فاتیحی دەرگای دڵی موسوڵمان
بۆ وەرگرتنی ئەخلاق‌و ئیمــان
فاتیحی دەرگای پیرۆزی بۆ گــەل
بۆ مــایەی ئیمان بۆعیلم‌و عەمەل
فــاتیحی خەیبــەر ماوای پڕلەکە
فاتیحی شاری پیرۆزی مــەککە
شەستوسێ حەربی هەبوو (مظفر)
لە بیست‌و شەشدا حازر بوو ئەنوەر
هەمووی بۆ ئیعلای کەلیمەی تەوحید
بۆ نەشری دین بۆ قەریب و بەعیــد
فاتیحی دەرگای بەرزی شــەریعەت
فاتیحی دەرگای گەورەی شەفاعەت
فاتیحی دەرگــای بەهەشتی بەرین
لــەبۆ ئەهلی دین یارو تابیعین

الجبــار

(جبار)ی کەسری دڵ‌و دەروون بوو
مەرهەمی زامی جەهل‌و جنوون بوو
هیوام وەهــایە وەکو شامــەردان
ببێ بــە طەبیب بۆ دەردمــەندان

الجـامع

(جامع) بوو لەبۆ هــەموو (فضائل)
(مانع) بوو لەبۆ ڕێــگەی (رذائل)
جــامیعی خەیری دونیاو ئاخیرەت
بۆ ئەهلی عەقڵو دەرکو بەصیرەت

علم الایمان

(علم الایمــان) نیشانەی دین بوو
باعیثی حەیاو عەقڵو تەمکین بوو
کــەسێك سەعــاتێ بمایە لای ئەو
ئەبوو بە تاوی پڕ نوورو پڕتــەو

العفــو

(عفو) بۆ خاوەن عــەفوو سەماحەت
لــە تاوانبــاری پڕ لــە قەباحــەت

الحق

حــەق بوو لە ئیسمو ڕسمو حوددودا
چ لەغــەبیەتا چ لــە شــوهوودا
ڕەهبەری حەقیوو بە ڕووی حەقیقەت
بۆی دامەزراندین ڕێگەی شەریعەت

مطهر الجنان

(ظاهر)و (باطن) پاك‌و خاوێن بوو
دڵ‌پاك‌و دەم پاك بەری داوێن بوو
(واقعـــا) (مطهـــر الجنـــان)ە
ئەوەی صاحیبی ڕەوضەی جینانە

ابو القاسم ، ابو الطیب ، ابو الطاهر

(ابو الطیب)و (طاهر)و (قاسم)
خـــاوەن دوو لێوی باریك‌و باسم
(عبدالله)و (قاسم) لەگەڵ ئیبراهیم
سێ كوڕ بوون لەبۆ سەروەری عەظیم
(طیب) و (طاهر) لەقەب بوو لـــەبۆ
(عبدالله)و قاسم گـــەورەزادەی نۆ

رسول الملاحم

ئەبێ (رســـول الملاحـــم) وابێ
بۆ جەنگی دوژمن زۆر موهـــەییا بێ
ڕەسوولی سوپای بەرزی مـــەلاحیم
لـــە عـــەینی كاتا (رؤوف)و (راحم)

عزیز

(عزیز القـــدر) عـــالی دەرەجـــات
خاوەن سەماحەت بۆ ئەهلی زەللات

عبدالله

(عبدالله)ی به حـەق ئەبێ ئا وا بێ
به بەرزی‌و نزمی عـەبدی خـودا بێ
تا مـەولای عالـەم جیلوه بدا بۆی
گفتوگۆ بکا لەگەڵ عـەبدی خۆی
بـە دڵ بـە دەماخ لـە هەموو لاوه
وەربگرێ کـەلام لـە لای خوداوه
بەبێ حەرف‌و صەوت به شێوەی لایق
وەربگرێ لـە حـەق عەینی حەقایق
عبدالله به حـەق ئەبێ به ئیمان
لایق بێ لـەبۆ تەنزیلی قورئـان
نزل الفرقـان علـی عبـده
کی ینـزل بالحق علـی حـده
عبـدالله ئەبێ بۆ بانگی پەری
(ثابت)بێ لەسەر ڕێی پێغەمبـەری
انـه لمـا قـام عبـدالله
ئوستاده لـەبۆ شـاگردی ئاگاه
عبدالله ی بەحـەق له ئەثنای نوێژا
خوا ڕەحمەتی خۆی بەسەردا ڕێژا
با بمـرێ بۆ خۆ (الـذی ینهی)
بشۆررێتەوه لـە قـەدرو بەها
ئـەم عوبوودی‌یه مـەقامی وابو
(خاصه)ی حەزرەتی (رسول الله) بو

علم الهـدى

(علم الهـــدى) نيشـانەی هـودا
مەهـدی بوو خودا هيـدايەتی دا
مەهدی بوو بە حـەق لەلای خـوداوە
خـەڵاتی بۆ هـات لە بارەگاوە

المهيمن

(مهيمن) واتە خـاوەن (ئيـدارە)
(مستوی) لەسـەر ڕشتەی كرداره
(مهيمن) لەسـەر كـاروباری دين
خاوەن هەيبەتو ويقارو تەمـكين
(مهيمن) لەسەر تەبليغی ئەحكام
بۆ ئەصلو فەرعو ئادابی ئيسـلام
(مهيمن) لـەسەر خولقی عائيله
هـەتاكو نەبن بەهـۆی غائيله
(مهيمن) لەسـەر ئەحوالی نەفسی
(مهيمن) لەسـەر كەمـالی قودسی
لا يسعنی فيـه مـن ملك
مەعنای وا لەسەر مـا فەوقی فەلەك

المصطفى

(مصطفى) لە خەلق لە هەموو عالەم
لە فريشتەی پاك لـە پەريو ئادەم

هــەتا گەیشتە شــاپازی (قــدم)
یانی (محمــد) ... واللّه أعلم

المجتبی

هــەروا (مجتبی) ئەویش (مختارە)
(مختار)ی عیلمی خودای (غفــار)ە
(غوث)و (غیاث)و (اجید)و (وحید)
صیفاتی خودان بێ شوبهەو تەردید
بــە وێنەی کــەریم کەرەم بەڕاسی
ئەبێ بو ذاتی خــودا بنــاسی
بەڵام کــە خودا کەرەمی فــەرموو
ئەبێ بە وەصفی (محسنین) هــەموو
(غیثــا مغیثــا) لــە نوێژی باران
واتەی حەژرەتە لــەلای هوشیاران
کە (غیث)ی (مغیث) قەترەی باران بێ
(بالأولی) لــەبۆ شــاهنی یاران بێ
نەصیحەت جــارێ بۆ عاقڵ ئەکرێ
نابێ بە ناحــەق بەهــانە بگرێ
خــودا خــەللاقە بۆ هەموو عالــەم
لە سەرو لە خوار لــە زۆرو لە کــەم
(فعل)ی (مکسوب)ە بۆ بەندەی خودا
دروستە داوای بێ شــەڕو غەوغــا

(اذ تحیی الموتی) بو کوڕی مەریەم
بە ئیزنی‌خودا ڕاستەو موسەللەم
ڕەهبەر لەم بابە فەردی (وحید)ە
هەرچەن ئیمکانی (هل من مزید)ە
ئەی (نجم)ی (ثاقب) ٠٠ (المدد) مەدەد
لەسەر ئیجازە (الله احد)

النجم الثاقب

نەجمی (ثاقب) بوو لەبۆ سەماوات
عالەمی دەرکرد لە ڕێی (ظلمات)
نەجمی (ثاقب) بوو (شهاب) ی (مبین)
لەبۆ (رجوم)ی گرۆی شەیاطین
نەجمی (ثاقب) بوو لەبۆ سینەو دڵ
گەلێ کاروانی گەیاندە مەنزڵ
نەجمی (ثاقب) بوو لە بۆ موشکیلات
زۆر کەوتووی نەهات بەو گەیشتە هات
ئەی نەجمی ثاقیب دڵم تاریکە
ڕێگای شەویشم گەلێ باریکە
بەئیزنی خودا من لە تۆم ئەوێ
لەو نەجمە بۆم بێ شەوقێ پڕ تەوێ
کاتی ئەو نەجمە کەوتە ڕووی دونیا
عەهدی فەترەت بوو بە بێ ئەنبیا

یانی ئەو چەرخەچەرخی فەترەت بوو
نە بەیانی دین نە شەریعەت بوو
علی فترة من الرسل
ئەعلا دەلیلە دەلیلی جەلی
(فهم غافلون) لە (صدر)ی یاسین
بخوێنەرەوە بەیاسای تەحسین
لە چەند ئایەتا ئەم باسە هەیە
ئەم باسە ڕاستەو حەقناسی هەیە
کێ (مخالف) بێ ئا لەم کەلامـا
بۆ وەلامی ئەو (قالوا سلامـا)

القوی

ئەی (قوی) لەسەر ئەرکی ڕیسالەت
خاوەن هیممەتو خاوەن جەلالەت
خاوەن هێز لەسەر سیهامی کوففار
بە شێوەی تانەو تەشەرو ئازار
ئەی قەوی بەدڵ ئەی قەوی بە حاڵ
ئەیلایق بە حەق بۆ پایەی کەماڵ
خاوەن هیممەتو عەزمو توانا
بە حەواس بە دڵ بۆ فیکری زانا
سەرچاوەی عیلمو حیکمەتی ئایات
مەنبەعی نوورو فەیضی بەرەکات

عالەم لە چەشمەی صــەفا تیراوە
(تامی) نمێــکی ئەوێ لــەو ئاوە

الوحیــد

فەردو وەحید بووی لەڕووی ئافاقا
بە عیلمو عەمەل هــەم لــە ئەخلاقا

الشاهد

تا نیدات بۆ هات لای خودای کەریم
(انك لعلــی خلــق عظیــم)
شاهیدی حەق تۆی بۆ ئەهلی دونیا
ئەمــە ئــەزانێ ئینســانی وریا
هــەروا شاهیــدی لــە قیامەتا
لەسەر (شهدا) لە گــەڵ ئوممەتا
وجئنــا بك علــی هؤلاء
(شهیدا) بەسە لای حەق تەعــالا
لەبۆ ئەنبیا بە حــەق مەشهوودی
خــاوەنی ئاوی (حوض المورود)ی
هەروا مەشهوودی لای خودای زانا
لەسەر کاری حــەق بویتە تەوانا
(معصوم) لە (قصور) گەورە یا بچووك
لە کاری ناباڕ لە ڕەزیلەی سووك

زاتێك (مختار) بێ بۆ فەیضی ئەنوار
دووره له گەردی کاری ناهەموار

البشیر النذیر

بەشیر موژدەدەر بۆ تاعەتکاران
(نەذیر) ترسینەر بۆ تاوانباران

المطیع المطاع

(مطیع)ی ئەمری خودای عالەمبوو
(مطاع)ی سوپای پاکی ئەکرەم بوو

الولی

(ولی) بوو به حەق (صدیق) و (ناصر)
لەبۆ ئینسانی پاکی موناصیر
(ولی معتق) بوو بۆ (رقاب) لە نار
لەسەر ئیطاعەی خالیقی غەففار
(معتق) بوو لەبۆ گەلێ له بەندە
لە موسولمانی پاکی دڵ زیندە
ولی بوو لەبۆ هەموو موئمینین
موتەوەللی بوو لەبۆ قاصیرین
فەرزە بزانی ویلایەی عامە
خاصەی ڕەهبەری دینی ئیسلامە

الشهيد

شەهید بووی بە حەق لەڕووی دونیاودین
لــەلای ئەنبیاو لەلای مورسەلین

الشهير

زاتی شەهیر بوو مەشهووری دونیا
لە سەماو زەوی لە سەر ڕووی دەریا

الصالح المصلح

الاخ الصالح بين الانبياء
المولى المصلح بيــن الاصفيــاء

رؤوف رحيم

(رؤوف رحيم) بوون بــە صيفاتی
لــە خوداوە بوون لەناو ئایاتی
زاتێــکی وەهــا ئێشی پێ بــگا
ئەگــەر ئوممــەتی نێشی لێبدا
ئینسان بەڕاستی شەرمی پێ ئەوێ
کــاتێ صیفاتی بەرچــاو ئەکەوێ
ئەو وا بۆ ئێمــە (رؤوف)و (رحيم)
ئێمەش بەم شێوە بێ شەرمو لــەئیم

الداعی

(داعی الی الله) ئەبێ ئاوابێ
رۆژ لە حەیای ئەو بڕوا ئاوا بێ
(ساعی للهدی) پێویستە وابێ
ڕۆژو شەو بانگی، بۆ لای خودا بێ
داعی بۆ سفرەی خودا ئاوایە
قووتی مائیدەی تەقوای خودایە
داعی کەوابوو لەبۆ ماسیوا
ئەبێ مەدعوو بێ بۆ لیقای خودا
ئەبێ مەدعوو بێ بە یاسای میعراج
تا لەلای خودا وەربگرێ مینهاج
بۆ بەرزیی پایەی لەسەر فەلەکا
بۆ نوور پەخشانی بەسەر مەلەکا
نەك لەلای سیدرە لە عەرشی عالی
نوور پەخشانی کرد لە سەر عەوالی
بۆیە بە وێنەی بەرقی (فوق النور)
زوو هاتەوە خوار لە ڕێ سەرەو ژوور

الشفیع

شەفیع بەڕاستی یانی تکاکار
چ بۆ موسوڵمان ، چ لەبۆ کوففار

بۆ ڕزگاربوونیان لە زاکەی زەحمەت
لــە عەرەساتا بەفەیضی ڕەحمەت
شــەفیع بوو لــەبۆ تاوانبارەکان
لــە ئەهلی ئیمان جەفاکارەکــان
شەفیع بوو لەبۆ بەرزیی دەرەجات
هەرکەس بەقەد خۆی کاتی موناجات

الــکریم

وەکو لای مەخلووق لای حەق عەلیم بوو
لە کەرەم (مشتق) خاوەن تەکریم بوو
دەریاو جێ وشکان بە کەرەمی ئەو
هەموو وەریان‌گرت بەرگی تازەو نەو
کــاتێ قەدەمی نایە ســەر زەوی
شەیتان شەیدابوو سەری دانەوی
وتی : ئەی هاوار هەرچەند لە نارم
لــە نووری ئەحمەد دڵ بێقەرارم
نووری کەرەمی ئەوەند بەتاوە
سەرتاپای لەشم هەموو سوتاوە
سا خودا بەحەق کەرەمی ئەحمەد
بمانپارێزە لــە نــاری ئەبــەد
کەرەمی گەیشت بەمردوو بە حەی
نەما شۆرەتی سەخای بەنی‌طەی

ئەو فەیضی نوورە ئەو کردی بۆ عام
بـــە دامـــەزرانی ئایینی ئیسلام
نە شـــەماڵ ئەیکا نە بای ڕەشـــەبا
شەماڵو کەماڵ کوجـــا مەرجـــەبا
سا خودا لەبەر نەسیمی خەیری
سروەی کەرەمی بە صەفاو سەیری
بـــگا بـــە دەماخ بۆ دەوای (نامی)
بەڵـــکو دامەزرێ لە ســـەر ئیسلامی

عین العز

عیززەت لە ئەو بوو گەیشتە تەرەف
لە سەلەفەوە گەیشتە خـــەلەف
بۆیە بـــە (عین العـــز) ناو بـــرا
عیززی ئەو گەیشت بە باوکو برا
جا زاتێ عەینی عیززو شەرەف بێ
ئەبێ کائینات بۆ ئـــەو صەدەف بێ
دونیـــا دەریایە تەرەف بە تەرەف
ئادەم صەدەف بوو ئەو دوڕڕی شەرەف
ئەو زاتە عەینی عیززو شەرەف بوو
عینوانی مەجدی هەموو سەلەف بوو
مایەی تەنویری ڕۆحی خەلەف بوو
بۆ کوفرو عیناد مایەی تەلـــەف بوو

مەکین بوو لەسەر بورجی تەمکینا
ئەمین بوو بە حەق لـە دونیاو دینا
(سید الـکونین) لە هەردوو دنیا
(مولی الثقلین) بـە لوتفی خـودا
موبەللیغی دین بە ئـەمری باری
بۆ پەریو ئینسان ثابیتو ساری
ئەمین بوو لە سەر شەرعی خوداوەند
موعین بو لە بۆ شەخصی دەردەمەند
(رحمـة الله) بۆ هـەموو عـالەم
مەخسووس بۆ پەریو بۆ بەنی ئادەم
نعمـة الله للدنیـا والـدین
بالمـال والحـال بعلم الیقین
سابیق لـە عالەم بۆ بابی ئیحسان
سابیقی ئوممەت بۆ ڕەوضەی جنان
(هـدیة الله) بەڕاسـتی وایـە
بـگات بەعالەم بە پایەو مـایە
(روح الحق) یانی ڕۆحی صەفا بوو
مـایەی صیفەتی عەهدو وەفا بوو
ئەم چەند ناوانە وتمان بە کوردی
دەی با عەرەبیش بیـکا بـە ویردی
رحمـة الله علی الانـام
بهـدی الـدین الحق الاسلامی
رحمـة الله علی القلـوب
بدفـع الهـوی أم الذنوب

رحمــة الله على الضعفاء
برحمتــه العامـــة الوفــاء
رحمــة الله على المساكين
رحمــة الله على السالكين
يرحم اهل الصفا بالصفة(١)
بنشــر كل مــا فيــه الألفة
نعمــة الله في الدنيا والدين
لمن يطيــع رب العــالمين
السابق الى ميدان الطاعة
بمــا لــديه مــن استطاعــة
السابق الى ميــدان الجهاد
كالسبق الى الوعظ والارشاد
بارشــاده العــام النافــع
لــكل شخص سام سامع
بارشــاده العــام المقياس
بالنور المنجى عن الوسواس
هـــدية الله الى الانـــام
بهــدية الــدين الاسلامى
وروح الحق يعنــى انــه
رحمــة الله كــانت عنــده
نەفحەی قودسی بوو كه (ابن مريم)
زیندووی كردوه مردووی موكەڕەم

---

(١) الصفه : سەكۆیەكه لەپشتی حوجرەی حەزرەتەوه ٠

ورسولنا عليه السلام
عنده ذاك بنور الاسلام
السابق الى رب العباد
للسعداء من العباد
وهو المتين وهو المقدس
وهو المبين للشرع الاقدس
ناصر الحق ، ناشر الهدى
كاسر العنق لأهل الردى
وهو المنصور من الاله
بالملائكة مع التباهى
وهو الشفيق مع الاصحاب
وهو الرفيق مع الاحباب
صاحب المعراج عند المناجات
صاحب العلاج لاهل الحاجات
بر محسن فضلا مفضل
بفضل البارى قد عزوجل
(موجيبى) ئەمرى زاتى خودابوو
(مجاب الدعاء عند الدعاء) بوو
وەكيل بوو لەسەر ئوموورى ئوممەت
بۆ ئەداى فەرزو بەرائەى زيممەت
موبەيين لەبۆ ئاياتى قورئان
لەسەر فەرمانى (ملك)ى (منان)
بسنته العليا المتينه
بالعبادات العليا المبينه

(مقیم)ی سوننەت لەسەر (اعتدال)
بە (قول)و (فعل)و (تقریر)ی ئەحواڵ
لەســەر فەرمانی قورئانی (مبین)
ڕێی ئیجتیهــادی کردەوە بۆ دیــن
(مصیب)و (مخطیء) ئەجری بۆ دانا
مــادام (مجتهــد) عــادڵەو زانا
ئەو بڕیاری دا (اجماع) بۆ حوججەت
ضەلالەی عوموم دووڕە لە ئوممەت
(عصمت)ی دانا لــە بــۆ ئەنبیا
حورمــەتی دانــا لــەبۆ ئەولیا
ئــەو قــەراری دا بۆ ڕۆژگاران
خوشەویستی (خواو) ڕەهبەرو یاران
مەحەببەی ئەهلی عیلمو عەدالەت
دووری لە ئەهلی جەهلو ضەلالەت
ئەوەی لــەم یاســا ملی بائەدا
ئەوە گومڕایەو لــەرێ لائــەدا
(فاضل) (مفضل) لە ئەهلی دینا
لــەناو ئەنبیای خــاوەن تەمکینا
(وجیه)ی خــاوەن جاەو (ئیعتیبار)
بۆ دونیاو بۆ دین بۆ (یوم القرار)
(صادق) لە هــەموو کــارو وتارا
لای خــەلقو خالیق لە ڕۆژگــارا
(مصــدق) لەلای خوداو عیبــادا
واتە لای هەموو خــاوەن ڕەشــادا

(کامل) بوو بەحەق بە ذاتو ئەوصاف
مەعلوومە لەلای ئەربابی ئینصاف
دینێ کامیل بێ لەبۆ کامیلە
فەیضی تەکمیلی رەساو شامیلە
بۆیە گەورەی کرد خوا لەسەر کول
بوو بە خاتەمی ئەنبیاو روسول
لەبۆ سیلسیلەی ئەنبیای (کرام)
بووبە خاتیمەی (احسن الختام)
خامەت کەرەم کرد بۆ نامەو تەحریر
بە بێ نامەی من بە خامەی تەقدیر
ئەپارێمەوە بە فەیضی زاتت
لەسەر تەجەللاو جیلوەی صیفاتت
(نامی) ببەخشە بە وەصفی (ئیکرام)
موشەرڕەف ببێ بە حوسنی خیتام
ئەمجارە نۆبەی تکاو ڕجایە
پەناهێنانەو ڕێی ئیلتیجایە
ئەی مەولای ئەولای ئەهلی سەعادەت
فاتیحی دەرگای ڕجاو شەفاعەت
ئەی سەرداری حەق لە دوو جیهانا
غەمخۆرو دڵسۆز بۆ کاتی هانا
(نامی) بە وێنەی شەخصی نەخۆشە
ئەسیری نەفسەو بێفیکرو هۆشە
وەکوو منداڵی لە خاوەن بڕاو
یاوەکو هەتیو بێ دایە و بێ باو

وەسیلەم تەنیا فەضیلەی تۆیە
ڕەحم‌و مەحەببەت لەلای‌تۆ کۆیە
ئەزانی ئەوزاع چۆنە لەناوا
دونیا والە ناو جۆشی هەتاوا
هەتاوی گەرمای سەبوونی مەینەت
لەبەر شەقاوەی گەلی بێ بەینەت
بە دەستی پەستی تاوانی خۆمان
دونیا تاریك بوو بە جارێ لێمان
ئەپارێمەوە بۆ چەند (مهمات)
ئاسانیان بکا خودای کائینات
یەکەمین کەرەم لە بۆ ڕزگاری
لەم جۆشی چەرخە کە بۆمان باری
دووەم ئیعادەی دەراسەی عولووم
بۆ (طلاب)ی دین بە شێوەی مەعلووم
سێهەم مەبەستی (خادیم)ت (نامی)
لەسەر تەوفیقە و حوسنی خیتامی
گەورەم سەردارم پەنای دونیاو دین
مەحبووبی خودای (رب العالمین)
تەمەنم سەرکەوت لە هەشتا سالێ
هێشتا وام لەسەر تەبعی منالێ
نە نیشاطێکە لەسەر عیبادەت
نە دەرچوونێکە لە یاسای عادەت
وەك پێ نەگرتوو ئەڕۆم بەڕێدا
نەڕۆم‌و ماوم لە عەینی جێدا

گـەلێ موحتاجم بە دەستی بەرزت
دەستی کەرەمی سەماو سەر عەرزت
دەستیشم ناگـا بـە دەستەکانت
لـەبەر بوڵەندی پایەو مەکانت
بیـکە بەخاتر پایەی بەرزی خۆت
ڕەئفەتو ڕەحمەت کە داپناوە بۆت
لابـکەرەوە جـارێ بەلامـا
نەمرم لـە گێژی دەردو ئالامـا
دەستی بەرزی خۆت بدەرە دەستم
بەمادەو مەعنا دامـاوو پەسـتم
منداڵ هەرچۆن بێ ڕێعایەت ئەکرێ
بابەی میهرەبان دەستێکی ئەگرێ
ئەگـەر دەستی تۆ بگا بە دەستم
ئیتـر ئەزانم لـە جـەفا ڕەستم
بە ئەلطافی خۆت بە فەیضی عامی
تاوێ بڕوانە بۆ چـارەی (نامـی)
ببـارێ لەسـەر ڕۆحی شەریفت
سەلامێ بشێ لـە بۆ تەشریفت
لەسـەر یارانو ئاڵو پەیڕەوان
(نامی) داخل بێ لە زومرەی ئەوان
پایانی کەلام صەلاتو سەلام
شیعـارە لـەبۆ (أحسن الختـام)

• • •

تەواو بوو بە یارمەتی خوای گەورە نووسینەوەی ئەم هۆنراوانەی بە ناو (سکالایە) کە دەستەیەك وەنەوشەی سکالایە ، بەناوی خواو (رسول الله)یە رۆژی (٥) شـــەمەی رەبیعی یەکەم ی ســـالی ١٤٠٦ کۆچی ٠ رێکەوتی سی مـــانگی یازدەی هـــەزارو نوسەدو هەشتاو پینجی زایینی (٣٠ـ١١ـ١٩٨٥م) لە مەدرەسەی شیخ عەبدولقادری گەیلانی خوای لێ رازی بێت ٠

● ● ●

وانا الفقير المدرس بالمدرسة المزبورة عبدالكريم محمد ابن فتـــاح ابن مصطفى ابن سليمان ابن محمد الكردى الشهرزورى مـــن عشيرة القاضى القاطنة في مركز ناحية السيد صادق ٠

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين ، وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين ٠

دوا لاپەڕە

که ماموستا مەلا عەبدول کەریم نووسینەوەی کتێبی : (ئەناو سکالا) وسەرپەرشتی چاپی خستە ئەستۆم ، لە کاتی نووسینەوەیدا خەیالی ئەو هۆنراوانەی خوارەوە گرتمی ..، بویە نووسیمەوە بێ گوێدانە هەندێ ناتەواوی :

وەك باسی ئەکا ماموستای (نامی)
ئەشقی پیرۆزی مەولانای جامی

خوایە لەو ئەشقە منیش بەشم بێ
هەوێنی هەوڵو هیوای گەشم بێ

بە مایەی پووچ و دڵی بۆسۆوە
بە نووسینەوەی سکالای تۆوە

ئەنای رابەرو ئەنای یارانی
یارانی ڕێگای بەرزی ئینسانی

چاوەڕێی تۆزی نمی ڕەحمەتم
چونکە غەرقی ناو تۆزی مەینەتم

ئاخر هەواری ئازارو شینم
دەنگی گریانە قاقای کەنینم

باری خامۆشیو هەم نەزانینم
گردوویەتە خەو بیداری ژینم

واتە ڕۆژیشم هەروەکو شەوە
چارەم شەوقێکی نووری پڕتەوە

تکای (بوصیری) دایم تکامە
لە بارەگادا یەکە نزامە

واتە کە صاڵح ناصاڵح ماوە
تۆ سۆزت بە پێی تاوان داناوە

چون لەوەی توێشەی ڕێبواری ڕێیە
تەنیا بەیتەکەی (مەولەوی)م پێیە :

« یاخەلیل دەخیل گێ عادەت کەردەن
تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن »

(محمد صالح)ی مەلاحەسەنی هۆرێنی

نرخی (۱۵۰۰) فلسه

له کێبخانه‌ی نیشتیمانی به‌غدا ژماره (۱۲۸۲) ساڵی ۱۹۸۷ درازه‌تێ

مطبعة الحوادث

هاتف : ٤١٥٢٦٨٥